یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی

خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

60

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5724) پێنج شەممە 4ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی لە مەراسیمی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی:

زەروورەتی بوونی پارتی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە



دوێنێ چوارشەممە 3ی 4ی 2019لە شاری هەولێر سەرۆک بارزانی بەشداری لە مەراسیمێک کرد کە لە لایەن سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان سازدرا بوو، کە تایبەت بوو بە پێشانگایەکی فۆتۆیی و پەرتووکی (دیرۆکی خولەکانی کادیرانی پارتی، لە شاخەوە بۆ شار (2014-1968و کۆبوونەوەی کادیرانی دەرچووی هەموو خولەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە مەراسیمەکەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کردو ئاماژەی بە مێژوو و خەباتی نەتەوەیی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستاندا و ڕایگەیاند، بێگومان هەر میللەتێک، ئەگەر ڕابردووی خۆی نەزانێت، نازانێت چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێت.

سەرۆک بارزانی تەئکیدی لەسەر ئەوەشکردەوە کە پارتی حزبێکی دامەزراوەییە. لە ژێر بۆمبا و لە شاخ و بێ ئیمکانیاتیدا، بیری لەوە دەکردەوە، چۆن کادیر دروست بکات، کادیری حزبی و سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی، چۆن پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان کادیر و جەماوەر دروست بکات بە جۆرێک کە ڕەوشتێکی وا دروست بوو لە کوردستان، میللەت باوەڕی بە قسەی کادیر بوو. کادیریش خۆی بە خزمەتکاری میللەت دەزانی.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی لە چواردەیەمین پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر:

هەمیشە کتێب وەک نزیکترین هاوڕێ و ڕووناکی و تروسکایییەک دەمێنێتەوە

(دەقی وتارەکە لە ل2 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی 60 ساڵەی خەبات پیرۆز دەکات

«خەبات» دەیان ساڵە لە سەنگەری داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا تێدەکۆشێت

«خەبات» هەمیشە بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە پەیام و گوتاری خۆی ئاراستە کردووە



بەڕێزان: سەرنووسەر و سەرجەم ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و کارمەندانی ڕۆژنامەی (خەبات)ی تێکۆشەر
سڵاو و ڕێز...

بە بۆنەی (٦٠) هەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئازیزەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم و ئومێدی بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.

کار و تێکۆشانتان بەوپەڕی هەستی بەرپرسیاریەتییەوە بۆ گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەی پارتی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بەهێزکردنی بنەماکانی کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان لەپێناو ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی و پێشکەوتنی گەل و نیشتیمانداو، مایەی ستایش و پێزانینە.

خەبات خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییە و ناوێکی گەورە و دیاری نێو بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانە، دەیان ساڵە لە سەنگەری داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا تێدەکۆشێ و قوتابخانەی پێگەیاندنی چەندین کادیری لێهاتوو و بەتوانای ڕاگەیاندن و بڵندگۆی هەموو دەنگێکی ئازادیخواز، ئاشتیخواز و پێشکەوتنخواز بووە لە کوردستان.

خەبات وەک زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتیمانەوە، پەیام و گوتاری خۆی ئاراستە کردووە. لەم قۆناغە چارەنووسسازەی ئێستاشماندا وەک هەمیشە و وەک میدیایەکی نیشتیمانی، چاوەڕوانیی ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەر لە (خەبات) دەکرێت بۆ جێگیرکردن و بەهێزکردنی پایەکانی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادیی گشتییەکان لە کوردستان لەپێناو ئێستایەکی گەشاوە و ئایندەیەکی گەشتردا بۆ گەل و وڵات و نەوەکانی داهاتوومان.

دووبارە پیرۆزباییی ئەم یادەتان لێدەکەین و هیوادارین هەردەم لە سەرکەوتن و پێشکەوتندا بن.

سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم ئەو شەهیدە قارەمان و ڕەوانشادانەی کە بە ناو و بیر و بەرهەمەکانیان قۆناغ بە قۆناغ ڕۆژنامەی خەباتیان بەرەو بڵندی سەرخست.

سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازیی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
٤/٤/٢٠١٩

نێچیرڤان بارزانی لە ساڵیادی دامەزراندنی ڕۆژنامەی (خەبات)دا:

پارتی و یەکێتی گەیشتنە ڕێککەوتنی هاوبەش

لە ماوەیەکی نزیکدا ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی واژۆ دەکرێت

لەتیف شێخ عومەر، گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوێنێ چوارشەممە 2019/4/3 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: دوای پەیوەندییەکی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دۆستانە و دڵسۆزانە لە نێوان هەردوو بەڕێزان جەنابی کاک مەسعود بارزانی و جەنابی کاک کۆسرەت، ئێمە هەردوو شاندەکە لە ڕێگەی پەیوەندییەوە توانیمان بگەینە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی هاوبەش. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی خوێندنەوەی دووەمی بۆ کرا

لە دانیشتنی دوێنێیدا پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور کرد.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



کاتژمێر 10ی سەر لەبەیانی ئەمڕۆ 2019/4/4 لەهۆڵی ڕاگەیاندن- میدیا سەنتەر (دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن)، یادی 60 ساڵەی دەرچوونی بەئاشکرای ڕۆژنامەی خەبات بەڕێوەدەچێت.

شایانی باسە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات لە 1959/4/4 لەبەغدا دەرچووە، لە 28ی ئاداری 1961 دوا ژمارەی لەبەغدا دەرچوو و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەستێندرا، پاشان لەهەردوو شۆرشی ئەیلوول و گوڵان دەرچووەو دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 جارێکی دیکە هاتەوە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەری کوردی.

لە یادی 60 ساڵەی (خەبات)دا

سەلام عەبدوڵلا

لە 1959/4/4دا یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات، دوای مۆڵەت پێدانی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراق بە فەرمی بڵاوکرایەوە واتا شەست ساڵ لەمەوبەر کە دەبێتە دێرینترین ڕۆژنامەی سیاسی کوردی کە بە بەردەوامی لە شارو لە شاخ، لە ئاشتی و شەڕدا ڕۆڵی هۆشیارکردنەوەو پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی و دێموکراتی گێڕاوەو هەردەم لە سەنگەری پێشەوەی داکۆکیکارانی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بووەو هەرگیز سازشی لەسەر پرسە نەتەوەییەکان لە نالەبارترین دۆخیشدا نەکردووە.

لە سەرەتای ساڵی شەستەکاندا کە شۆڤێنیستە عەرەبییەکان بەتایبەتی لە بەغدا، لە ڕێی ڕۆژنامەکانیانەوە، هێرشێکی زۆر ناڕەوایان دەکردە سەر گەلەکەمان و نکۆڵی لە کوردو لە خاکی کوردستان دەکرد، هەر لەو کاتەدا ڕۆژنامەی خەبات بە کۆمەڵێک وتاری ئاگرین و سەنگین، بەهێزو بەتین وەڵامی ئەو دەنگە نەسازانە و بە بەڵگەی مێژوویی پووچەڵی ئەو بیرو بۆچوونە شۆڤێنیستانەی دایەوە.

خەبات هەر زوو بووە جێی متمانەی تێکڕای خەڵکی کوردستان، ئەگەرچی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا زمانحاڵی هەموو گەلەکەمان بوو.

سەنگینی خەبات و ڕاستگۆیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا هەواڵێک یان ڕووداوێک بە تەواوی لە سەرچاوەی ڕاست و دروستی نەکۆڵابێتەوە بڵاوی نەکردۆتەوە، هەربۆیە ئەمڕۆ ئەرشیفی خەبات سەرچاوەیەکی گەلێک گرنگە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر مێژووی کوردو خەبات و بەرخودانی لە ماوەی ئەم (60) ساڵەدا بکۆڵنەوەو بنووسن، ئەوا خەبات باشترین و ڕاستگۆترین سەرچاوەیە.

ڕۆژنامەی خەبات هەمیشە بەشداریەکی کارای هەبووە لە خەباتی گەلەکەماندا و لەسەر ئەو ڕێڕەوە دروستەی خۆشی هەر بەردەوام دەبێت هەروەکو دروشمی یەکڕیزی و تەبایی و داکۆکی لە دیموکراتی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی خەڵک وەک هەمیشە لە داهاتووشدا دەکاتە کاری سەرەکی خۆی و بەردەوام دەبێت لەسەری.

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاس و قەدرزانینی خۆمان پێشکەشی هەموو ئەو زاتانە بکەین کە لە ماوەی ئەم شەست ساڵەدا خزمەتی (خەبات) و ئامانجە پیرۆزەکانی کردووە، چ ئەوانەی بەجێیان هێشتووین- ڕۆحیان شاد- و چ ئەوانەی زیندوون و بەردەوامن لەگەڵمان.

ئەم یادە شکۆدارەش لە هەموو لایەک بەتایبەتیش لە خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگەو کەم ئەندامانی بەرخودان و بەرگری لە وڵات و خاکمان پیرۆز دەکەین.

سەرۆک بارزانی لە چواردەیەمین پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر:

لەم ساتەوە چیتر چاوەڕێ ناکەین و لە نزیکترین کاتدا حکوومەت پێکدێت

پەرلەمان دەست دەکات بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم

هەمیشە کتێب وەک نزیکترین هاوڕێ و ڕووناکی و تروسکایییەک دەمێنێتەوە



داعش گوڕزی گەورەی بەرکەوتووە و خاکی زۆریشی لەدەستداوە، بەڵام مەترسیی داعش کۆتایی نەهاتووە

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم..

خوشک و برایانی بەڕێز بەخێربێن بۆ هەولێر، هەرچەندە تەکنەلۆژیا پێش بکەوێت، هەمیشە کتێب وەکو نزیکترین هاوڕێ و دۆست دەمێنێتەوە، هەرکتێبە وەکو ڕووناکی و تروسکاییەک دەمێنێتەوە کە شارستانی و زانست بەرەو پێش دەخات. پرسیار لە نیوتن کراکە هۆکاری زیرەکی و بلیمەتی چییە؟ گوتی: من لەسەر شانی ئەو بلیمەت و بیرمەندە گەورانە هاتم کە لە پێش من دا هەبوون، من کتێب و شاکارە جوانەکانی ئەوانم خوێندەوە. جێگەی شانازییە بۆ هەولێر کە هەموو ساڵ دەبێتە شوێنی ئەنجامدانی ئەم پێشانگایە بە شێوەیەکی ساڵانە لە هەولێر، مافی خۆشیەتی شانازی بەم پێشانگا و بەم چالاکییە بکات و هەمیشە هەولێریش شاری میژوو و کۆڵنەدان و خۆڕاگری و پێکەوەژیان بووە.

لێردا دەمەوێ سوپاسی برای بەڕێز فەخری کەریم و هەموو ڕێکخەرانی ئەم پێشانگایە بکەم و ئەوپەڕی ڕێز بۆ ئەرک و کاریان و زۆر سوپاسیان دەکەم. لێردا بە دەرفەتی دەزانم باسی هەندێک شت بکەم کە ئێستا کاتی خۆیەتی باسیان لێوە بکرێت. لە بەراییدا پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی قوربانیانی بەلەمی مەرگ بکەم لە موسڵ، ئەو کارەساتە میژوویی و خوێناوییەی دڵی هەمووانی پڕ خوێن کرد و ویژدانی هەمووانی هەژاند. هۆکاری ئەم کارەساتەش خراپی بارودۆخی موسڵ و نەمانی ئاسایش و سیستەم بوو، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی ئەم شارە. زۆر لەو خانەوادانەی بەهۆی داگیرکاری داعشەوە ئاوارە ببوون، هیوایان ئەوە بوو شارەکەیان ئارامتر و باشتر ببێت و گەڕانەوە شوێن و ماڵی خۆیان، بەڵام بەداخەوە کە گەڕانەوە بینیان هیچیان بۆ نەکراوە و شارەکەیان زۆر بە بێنازی ماوەتەوە، بۆیە جارێکی دیکە گەڕانەوە کەمپی ئاوارەکان.

پێویستە کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی باس لەم کارەساتە بکەین.

کاتێک کە چەندین کۆبوونەوەی سەربازیان بەڕێوەبرد لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراق و بەئامادەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان، ڕێککەوتنێکمان کرد لەسەر بنەمای ئەوەی پلانی ئازادکردنی موسڵ لەسەر دوو قۆناغ بێت قۆناغی سەربازی بە ئازادکردنی شارەکە و دواتر قۆناغی دوای ئازادکردنی بە هەبوونی پلانێک بۆ ئیدارەدانی ئەم شارە دوای ئەم قۆناغە. هەر کاتێک لە پرۆسەکە نزیک دەکەوتینەوە، تێبینیمان دەکرد کە لایەنەکان لە پلانی دووەم دوور دەکەوتنەوە، ئەوان زۆر خێرا بوون لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەکە.

لە دوایین دیدار کە من تێیدا ئامادە بووم، گوتم کە پرۆسەی ڕزگارکردنەوەکە ئاسان نابێت، بەڵام دەشکرێت، پێشمەرگەش بە وردییەوە پلانەکەی خۆیان جێبەجێدەکەن. پێشمەرگە بە درێژایی 107 کیلۆمەتر توانییان سەرەتای هێڵی بەرگری داعش بشکێنن و پرۆسەی ڕزگارکردنەوەکە دەستپێبکات. لە دوای کۆبوونەوە پێم گوتن کە قۆناغی دوای کۆنترۆڵکردنەوەکە لە خودی پرۆسەی ڕزگارکردنەوەکە سەختتر دەبێت. کێشەکانی مووسڵ کێشەی قوواڵن و لە توانای ئەنجوومەنێک و پارێزگارێکدا نییە. بەتایبەتیش کە بۆ ماوەی3 ساڵ لەلایەن تیرۆریستانەوە داگیر کرابوون کە گەندەڵیی زۆر و وێرانەیی زۆریان بڵاو کردەوە. مووسڵ یان پارێزگای نەینەوە پارێزگایەکی فرە ئایین و نەتەوەیە و کێشەی زۆری میژوویی و ئیداری هەیە، بۆیە پێویست بوو پرۆژەیەکی جیاواز هەبێت ئەگەر کاتیش بێت تا بارودۆخ سەقامگیر دەبێت تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی کارەکان بەشێوەیەکی ئاسایی. ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەکە ئەنجام بدرێت دواتر قسە لەسەر قۆناغی دوای ئازادبوون بکرێت، بەڵام ڕاشکاوانە پێم گوتن کە ئێوە بەرپرسیار دەبن لەوەی ڕوودەدات و من ویژدانم ئاسوودە دەکەم و پێتان دەڵێم. دۆخێکی نالەبار دەکەوێتە ئەم پارێزگایەوە و قسەکانیشم ڕاست دەرچوون، مووسڵ بۆ قەدەری خۆی بەجێهێشترا، نە سیستەم و نە ئاسایش بەرقەرارە، حاڵەتێکی دیار و بەرچاوی فەوزا لە پارێزگاکەدا هەیە، ئەمە جگە لە گەندەڵی بەداخەوە، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بوون کە ئەو پارە و داهاتەی بۆ مووسڵ تەرخان دەکرا لە جیاتی ئەوەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی تەرخان بکرێت، بەڵێ بەڕێزان ئەمە بوو بارودۆخی موسڵ. بۆیە کارەساتی بەلەمەکە دەرئەنجامی ئەم کارەساتەیە و ئێستاش ئاکرێ بەدوای قوربانی بۆ ئەو دۆخەی موسڵ بدۆزرێتەوە و کارەساتەکە بخرێتە سەر ئەستۆیان، پێویستە ڕاستی هۆکاری ئەم کارەساتە بدۆزرێتەوە، چونکە خەڵکانێکی زۆری ئازیز و خۆشەویستی بێتاوان لەم کارەساتەدا بوونە قوربانی جا هۆکارەکە ئیهمالی بێت یانیش تاوانێکی بە ئەقەست، لێکۆڵینەوەکان ئەم شتە دیاری دەکەن.

لە سەرەتاوە جەختمان کردووەتەوە کە ئەو کێشانەی لە وڵاتەکەمان هەن، مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکان دەکرێت نەک گەڕان بەدوای هۆکارەکان، ئێستاش ئەگەر هۆکارە ڕاستەقینەکانی سەرهەڵدانی داعش ڕوون نەکرێنەوە و لەوانەیە خوا نەخواستە ڕوودواوی دیکەی وەک کارەساتی بەلەمەکە دووبارە ببنەوە. بەڵێ داعش گوڕزی گەورەی بەرکەوت و تووشی شکستی گەورە بوو و خاکی زۆری لە عێراق و سووریا لەدەستدا، بەڵام مەترسیی داعش کۆتایی نەهاتووە، خیلافەتەکەیان کە لەسەر بنەمایەکی پڕ لە درۆ و دەلەسە دروستکرابوون کۆتاییان پێهات، بەڵام هێشتا داعش مەترسییەکی جددی و ڕاستەقینەیە لەسەر خەڵک و پێویستە لەناوبردنی داعش لە عێراق و سووریاش هاوکات بێت، ناکرێت داعش لە وڵاتێک لەنێو ببرێت، بەتایبەت لە نێوان هەردوو وڵات، دواتر لەلایەکی دیکە دەرفەتی هەبێت بۆ ئەوەی خۆی ڕێک بخاتەوە و سەرهەڵبداتەوە. ئەو خەلافەتە ساختەیەی هەبوون کۆتایی وشکستی هات، بەڵام ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش، هەر ماون، بۆیە ناکرێ بیرمان بۆ ئەوە بچێت کە سەرکەوتن بەسەر داعش هاتەدی، بێگومان ئەوانەی ئەم ڕاستییە دەزانن نایدرکێنن، ڕاستی ناڵێن بەهۆی چەندین هۆکاری سیاسی و دەستکەوتی تایبەتی، بەڵکوو بە ئامانجی ئەجێندای سیاسی ئەم قسانە دەکەن.

پاش 2003 و دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، هەڵی زۆرمان هاتە دەست بۆ بونیادنانی عێراقێکی نوێی دیموکراسی و فیدراڵی کە فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم دەرفەتانەمان لە دەست چوون، ناکۆکیی زۆر لە نێوان هەولێر و بغدا هاتنەدی ، ئەگەر دەستوور وەک خۆی جێبەجێ بکرابایە هەموو ئەم کێشانە سەریان هەڵنەدەدا. بەڵام ئێستا جێگەی دڵخۆشییە کە هەمووان لەو بڕوایەن ئێستا گفتوگۆ و دانوستان و هەماهەنگی تاکە ڕێگەی چارەسەری کێشەکانن نەک بە پێچەوانەوە. ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبووە کە جگە لە گفتوگۆ، هیچ ڕێگەیەکی دیکە هەبێت، ئەگەریش بژاردەی دیکە هەبووبێت، بەسەرماندا سەپێندراوە.

ئێستا کەش و هەوای دیکە و دەرفەتی نوێ هەیە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان، بوونی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی لە سەرۆکایەتیی حکوومەتی عێراق بە دەرفەتێکی تازە دەبینین، لەوانەشە دوا دەرفەت بێت، بۆیە ناکرێت ئەم دەرفەتە بە هیچ شێوەیەک لەدەست بدەین و ئێمە هەماهەنگی بە جددی لەگەڵ بەڕێزیان دەکەین بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، نەک تەنها لە هەرێمی کوردستان و نەک کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی دەستوور کە پێویستە جێبەجێبکرێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە عێراق بەبێ دواکەوتن بەڕێوەببرێت و ئەو کابینەیەی کە دەسەڵاتی پێدراوە بەڕێوەی ببات، بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و هەولێر ئەوەیە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئامادەین بۆ هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا کە بەپێی دەستوور بێت و ئەو مافانەی بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات کە لە دەستووری هەمیشەییدا هاتووە، ئامادەین بۆ هەر ڕێککەوتنێک

سەرۆک بارزانی لە مەراسیمی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی:

ئومێدەوارین حکوومەت زوو پێکبهێندرێت و قۆناغێکی تازە دەستپێبکات

زەروورەتی بوونی پارتی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە

پارتی بۆ ئەوە دروست نەبووە دژایەتی هیچ حزب و لایەنێکی دیکە بکات



دوێنێ چوارشەممە 3ی 4ی 2019لە شاری هەولێر سەرۆک بارزانی بەشداری لە مەراسیمێک کرد کە لە لایەن سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان سازدرا بوو، کە تایبەت بوو بە پێشانگایەکی فۆتۆیی و پەرتووکی (دیرۆکی خولەکانی کادیرانی پارتی، لە شاخەوە بۆ شار (1968-2014و کۆبوونەوەی کادیرانی دەرچووی هەموو خولەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە مەراسیمەکەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کردو ئاماژەی بە مێژوو و خەباتی نەتەوەیی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستاندا و ڕایگەیاند، بێگومان هەر میللەتێک، ئەگەر ڕابردووی خۆی نەزانێت، نازانێت چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێت.

سەرۆک بارزانی تەکیدی لەسەر ئەوەشکردەوە کە پارتی حزبێکی دامەزراوەییە. لە ژێر بۆمبا و لە شاخ و بێ ئیمکانیاتیدا، بیری لەوە دەکردەوە، چۆن کادیر دروست بکات، کادیری حزبی و سیاسی، پەروەردەیی، تەندروستی، چۆن پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان کادیر و جەماوەر دروست بکات بە جۆرێک کە ڕەوشێکی وا دروست بوو لە کوردستان، میللەت باوەڕی بە قسەی کادیر بوو. کادیریش خۆی بە خزمەتکاری میللەت دەزانی.

سەرۆک بارزانی ئەرک و بەرپرسیاریەتی پارتی بە بنیاتنانەوەی کورد وەسفکرد و تەئکیدیشی کردەوە: بەرپرسیارێتی پارتییە، کە تاکی کورد دروووست بکاتەوە. بەرپرسیارێتی پارتییە، کە کورد بگەیەنێت بە قۆناغی کۆتایی. بەرپرسیارێتی پارتییە کە سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان بەدەستبهێنێت. بەرپرسیارێتی پارتییە ڕەوشتی بەرز بپارێزێت.

سەرۆک بارزانی لە کۆتایی وتارەکەیدا خۆشحاڵی خۆی بۆ ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی نیشاندا و ئاماژەی بەوە کرد: خۆشحاڵیشم کە ئاگادارتان بکەم، کە لە ڕێگە بووم، پێیان وتم، یەکێتی دێن بۆ ناو حکوومەت و پەرلەمان دەست بە کارەکانی دەکات و دەست دەکرێت بە پێکهێنانی حکوومەت. چونکە ئێتر ئێمە بڕیارمان دابوو، چیتر چاوەڕوانی نەکەین. چونکە دەرفەتی پێویست درابوو بە هەموو لایەنەکان و هیچ کات نەمانویستووە، پارتی لە دەرچەی غرووردە مامەڵە بکات، راستە لە ڕێی قانوونییەوە زۆرینەمان هەبوو. چونکە وەک وتم زەروورەتی بوونی پارتی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە. ئێمە ئومێدەوارین و گەشبینین، ئینشەئاڵا ئەنجام سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە دەبێت، کە خاوەن قەزیەن.

ئەمەش دەقی وتارەکەیە

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەڤاڵانی بەڕێز

هەست بە خۆشحاڵییەکی یەکجار زۆر دەکەم کە ئەمڕۆ لەگەڵتانم، دەستخۆشی لە چنار خان و هەموو هەڤاڵانی دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە پیرۆزە، کارێکی زۆر سوودمەندتان کردووە، کارێکی زۆر چاکتان کردووە، دەستخۆشیتان لێ دەکەم، منیش پشتگیری پێشنیارەکەت دەکەم، بێگومان هەر نەتەوەیەک ئەگەر ڕابردووی خۆی نەزانێت، نازانێت چۆن بەرەو ئایندەی خۆشی هەنگاو بنێت، ئەم کورتە فیلمەی کە بینیمان لەسەر خولەکانی پێگەیاندنی کادیر، بەشێکە لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشێکی هەرە هەرە گرنگە لە مێژووی گەلەکەمان، ئەمە حەقیقەتێکە پیشان دەدات کە پارتی بەڕاستی حزبی موئەسەساتییە، لەژێر بۆمبا و لە شاخ و لە بێ ئیمکانیاتیدا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن کادیر پێ بگەیەنێت، کادیری حزبی سیاسی، کادیری پەروەردەیی، کادیری تەندروستی، چۆن پەیوەندییەکی ڕۆحی دروست بکات، لە نێوان کادیر و جەماوەر، وەزعێکی وا دروست بوو لە کوردستان میللەت باوەڕی بە قسەی کادیر بوو، کادیریش خۆی بە خزمەتکاری میللەت دەزانی، ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەهایانە، چونکە حەقیقەت ئەو بەهایەیە کە پارتی پاراستووە و گەیاندوێتی بەم ڕۆژە، پارتی بۆ ئەوە دروست نەبووە دژایەتی هیچ حزبێکی تر و هیچ لایەنێکی تر بکات، پارتی بۆ دروست بووە بۆ ئەوەی ئەم خزمەتە پێشکەش بە گەلی خۆی بکات، بۆیە زۆر جیاوازە، ئێوەی پارتی دەبێ هەمیشە ئەوەتان لە یاد بێت، لە خەیاڵدا بێت، ئێوە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان دروست بوون، خەڵکی تر ئەگەر دژایەتی بکات، هەرچی بکات، با خۆی ماندوو بکات، ئێوە کاتی خۆتان بەوانەوە خەسار مەکەن.

بەو فیلمە، بە بیری منیش هاتەوە کە بەڕاستی زۆر خۆش بوو، مرۆڤ زۆرێک لەو هەڤاڵانەی شەهید بوون، نەماون، هەردوو بیرەوەرییەکە شیرین و تاڵن، کە چنار خان گوتی، یادەوەرییەکی گەلاڵە، گەلاڵە پایتەختی کوردستان بوو، پایتەختی شۆڕش بوو، ناوچەی باڵەکایەتی فەزلێکی زۆریان لەسەر شۆڕش هەیە، لەسەر کورد و کوردستان، چونکە بەڕاستی ماوەی 10 ساڵێک لەژێر گوشارێکی یەکجار زۆردابوو، خەڵکەکەی بەرگەشیان گرت، ئەو چایخانەیەی کە کاک فازڵ باسی کرد، لە چۆمان، پێیان دەگوت، پێتموابێت یەک دوو مانگی لێ بوو، شێخ ئەحمەدیان پێ دەگوت، چایخانەی شێخ حەمەد، ئێمە تەقریبەن حەفتا هەشتا پێشمەرگە دەبووین، کۆتاییەکانی ساڵی 1963لە گەلاڵە هاتین و وێستمان نانی نیوەڕۆ لەوێ بخۆین، بەڵام بەشی ئێمە نە نانی هەبوو، نە چای هەبوو، لەبەر ئەوە ناچار بووین و چووین لە دەربەند نانمان خوارد.

پێتموابێت خولی یەکەم یان دووەمی کادیران بوو، داواکرا کە جەنابی بارزانی سەردانیان بکات، منیش لە خزمەتی دابووم، ئەوکات شەقام زۆر خراپ بوو، ئێمە بەپێ هەتا قەسرێ هاتین و لەوێ سواری ئۆتۆمبێل بووین، لە ڕێگە هەندێ لەوانەی مەڕ و ماڵاتیان هەبوو، دەچوون بۆ کۆیستان، هەندێ لەسەر ڕێگە وەستابوون، بەڵام پێش ئەوەی سەردانی کادیرانی بکردایە، کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزیش هەبوو، هەموویان چاوەڕێیان دەکرد، ڕێگەیان گرت و هەندێ داواکاریان لە بارزانی هەبوو، پاشان پێیانگوت حەز دەکەین بێی بۆ ناو ڕەشماڵەکانی ئێمە، ئەویش چوو بۆ لای ئەوان، منیش دوو سێ جار چووم، گوتم کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی هەیە، کادیرەکان چاوەڕێ دەکەن، گوتی ئەوانە حەوت ڕۆژە لێرە چاوەڕێم دەکەن، ئێوەش حەوت کاتژمێر چاوەڕێم بکەن خۆ کێشە نییە.

بۆیە بەڕاستی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان جەنابی بارزانی و سەرکردایەتی حزب، لەگەڵ جەماوەر، پەیوەندییەکی ڕۆحی بوو، پەیوەندییەک بوو لەسەر بنەمای باوەڕ بە یەکدی دروستکرابوو، خەڵکەکە وا پەروەردە کرابوون، هەر کەس خۆی بە خاوەنی قەزیەکە دەزانی، باسی ئاسایش دەکرا کە ئەوکات پۆلیسمان نەبوو، بەڵام هەر کەسێک خۆی بە پۆلیس دەزانی، خۆی بە ئاسایش دەزانی، خۆی بە بەرپرس دەزانی، کێ حەدی هەبوو لە شوێنێک جاسووسی بکات، یان دزیەک بکات، 10ساڵ ئێمە لە ناوچەی باڵەکایەتی بووین، تەنیا یەک دزی کرا لە گەلاڵە، ئەویش ئەوەی کە دزیەکەی کرد ناچاربوو ماڵەکەی بار بکات و لە گەلاڵە ڕۆیشت، چونکە ڕووی نەبوو و نەیتوانی لەوێ بمێنێت.

زۆر کەس هەبوون، ئەوانەی کە بازرگانیان دەکرد، بەتایبەتی کۆڵبەر، ئەگەر بارەکانیان پڕی زێڕیش بووایە، دایان دەنا و کەس دەستی بۆ نەدەبرد، ئینشائەلا ئێمە بۆ ئەو پەروەردەیە دەگەڕێینەوە. ئەو پەروەردەیە پارتی دایمەزراند، پارتی دایهێنا لە ناو کۆمەڵگەی کوردایەتی و سوودێکی زۆریشی هەبوو.

بەداخەوە دەڵێم ئێستا خەریکە ئەو بەهایانە بزر دەبن، یان زۆریان برزبوونە، یەکێک لە کارە هەرە ئاسایییەکانی پارتی ئەوەیە دەبێ مرۆڤی کورد دروست بکاتەوە، جارێکیان دوو فرۆکەی شەخسی کە خەڵکی بەلجیکا بوون، هاتبوون بچن بۆ ئیمارات، نازانم کام ئیمارە ئەو کاتە، یەکێکیان لە چیای قەندیل خۆی لە شاخ دا، چونکە کەشوهەوا خراپ بوو، یەکێکیان رزگار بوو و لە کەرکووک نیشتەوە، ئەمە ساڵی 1970بوو، ئەوەندە بەفر هەبوو، ئیتر تاوەکو مانگی تەمووزی حەفتا، فرۆکەکە لەناو بەفر بوو، چەند شوان و کەسێک بینیبوویان، ئیدی جەنابی بارزانی شەهید عومەر ئاغای نارد لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە و فرۆکەکەیان دۆزیەوە، تەرمەکانیشیان هێنا، لە ناو بەستەلەک بوون، لە حاجی ئۆمەران خوێنیان لێ بەربوو، بەڵام پارە و سەعاتیان پێ بوو، ئەو شوان و خەڵکانەی کە لەوێ دۆزیانەوە، هەموویان خستبووە ناو کیسەیەک و هێنایان، کاتێک بااڵیۆزی بەلجیکا لە بەغداوە هات بۆ بردنەوەی تەرمەکان، پارە و سەعات و هەموو شتەکانمان ڕادەستکردن.

من ئەو نموونانەتان بۆ دەهێنمەوە کە پارتی چۆن خەڵکەکەی پەروەردە کردبوو و چ جۆرە پەیوەندیەک و بڕوایەک هەبوو لە نێوان پارتی و میللەت، بۆیە مەسئولیەتی پارتییە، دەبێ تاکی کورد دروست بکرێتەوە بەرپرسیارێتی پارتییە کە دەبێ کورد بگەیەنێتە قۆناغی کۆتایی، بەرپرسیارێتی پارتییە دەبێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بۆ گەلی کوردستان، مەسئولیەتی پارتییە ئەو ڕەوشتە بەرزە بپارێزێت.

من جارێکی تر زۆر زۆر سوپاستان دەکەم، زۆریش خۆشحاڵم، ئینشائەلا ئەوانەی شەهید بوون و نەماون لە ژیاندا، جێگەیان بەهەشت بێت، ئەوانەی ماویشن تەمەندرێژ بن، سوننەتی ژیانیش وایە دەبێ هەر نەوەیەک ئەمانەتەکە تەسلیمی نەوەیەکی تر بکات، بۆیە ئینشائەلا ئەو نەوەیەی داهاتوو دەتوانێت ئەو ئەمانەتە بە قۆناغی کۆتایی بگەیەنێت.

هەرودها خۆشحاڵیشم کە دەهاتم لە ڕێگە پێیان گوتم یەکێتیش دێن بۆ ناو حکوومەت، ئیتر پەرلەمان خەریکی ئیشی خۆیەتی و دەست دەکرێت بە پێکهێنانی حکوومەت، چونکە بەڕاستی ئێمە بڕیارمان دابوو چیتر چاوەڕێ نەکەین، لەبەر ئەوەی دەرفەتی پێویست بە هەموو لایەنێک درا بوو، پێشمان خۆش بوو کە هەموو لایەنەکان بێن و بەشدار بن، هەرگیز نەمانویستووە پارتی لە مونتەلەقی غرووردە ڕەفتار بکات، ڕاستە لەڕووی قانوونییەوە ئێمە زۆرینەیەکی ڕەهامان هەبوو و دەمانتوانی هەموو شتێک بکەین، بەڵام هەر وەکو گوتم پارتی بۆ ئەوە کە خزمەتی کورد و کوردستان بکات.

ئومێدەوارین کە حکوومەت زوو پێکبهێنرێت و قۆناغێکی تازە دەستپێبکات، ئێمە ئومێدەوارین و گەشبینین، ئینشائەلا ئەنجام سەرکەوتن بۆ ئەوانە دەبێت کە خاوەن قەزیەن.

زۆر سوپاس

60
یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات XEBAT
هەقە ئەمڕۆ هەموو کوردێک شانازی بەو خەباتەی (خەبات) بکات و ڕۆڵیشی لەبەرچاو بێت
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 49 ساڵەی خەبات)

پیرۆزبایی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی(60)ەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی(خەبات)

بەڕێزان/ سەرنووسەر و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و سەرجەم کارمەندانی ڕۆژنامەی (خەبات)

بەر لە(60) ساڵ لە(1959/4/4) یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی(خەبات) وەک زمانحاڵی پارتیمان بە ئاشکرا دەرچوو، بەو یادە پیرۆزەوە سااڵو و پیرۆزبایی خۆمان لە ئێوەو خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی خەبات دەکەین، هیواخوازین بۆ لەمەودوا زیاتر هەوڵ بدەن بۆ پێشخستنی ڕۆژنامەکەو بۆ ساڵی داهاتوو لە هەموو ڕوویەکەوە هەنگاوی باشتر بنێن و زیاتر بەرەو پێش بچن.

ڕۆژنامەی (خەبات) بەپێی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان هەمیشە وەک مینبەرێکی حەقخواز و ڕاستیبێژ بووە بۆ خستنەڕووی کێشە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەمان و بەرگریکردن لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین و فرەدەنگیی و کۆکردنەوەی بیروبۆچوون و ئایدیا جیاوازەکان.

لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی وەک ڕۆژنامەیەکی مولتەزیم و خاوەن مسداقیەت، ڕۆژنامەی(خەبات)، شوناس و پەیامی خۆی پاراستووە چ بە ئاشکرا یا نهێنی، چ لە شاخ یا لە شار، سەنگەرێکی دیکەی شەرەفمەندانەی تێکۆشان بووە دژ بە ستەمکاریی و چەوسانەوە، بۆیە لەو کاروانە سەرکەشەیدا ئەو شانازییەی پێ بڕا وەک ڕۆژنامەیەکی خەباتگێڕ و کۆڵنەدەرو بوێر ڕۆڵی شیاوی خۆی ببینێ لە بەدیهاتنی ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

بێگومان ڕۆژنامەی(خەبات) نموونەی ڕۆژنامەیەکی پرۆفیشناڵە لە پەیڕەوکردنی پرەنسیپ و ئیتیکی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەوانیی، بەرەچاوکردن و بەهەندگرتنی بەرپرسیاریتی و پیشەیی و قوتابخانەیەک بووە بۆ بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی سەدەها کادیری ڕۆژنامەوان و هاوکات وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی و زانستی و تۆمارێ خەباتی نەتەوەییمان، ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی سیاسی و میژوویی و کولتووریی و بوارەکانی دیکەی مەعریفییە بۆ تویژی میدیاکاران و ڕۆشنبیر و زانستخوازان، هەر بۆیەش تا ئەمڕۆ بەردەوامە لە هەنگاوی بونیاتنەرانە و بەرهەمدار بۆ پێشخستنی ڕەوشی ڕۆشنبیریی و کولتوری بەگشتی و بواری ڕۆژنامەگەریی بەتایبەتی و بەتەمەنترین ڕۆژنامەی سەر گۆڕەپانی کوردستانە.

ئەرک و کاری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانان و میدیا بەگشتی زۆر بایەخدار و هەستیارە بەتایبەتی لەو ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا، بۆیە پێویستە بە هەمان ڕۆحیەتی بەرپرسیاریتی و دڵسۆزانە بەردەوام بن لە پێناو پاراستنی ئەو ئەزموونە و دەسکەوتەکانمان و گەیشتن بە ئامانجەکانمان، بۆ ئەمەش دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن تەواوی پاڵپشتی خۆی بۆ ڕۆژنامە ئازیزەکەتان دووپات دەکاتەوە..

سااڵو لەو ماندوونەناسانەی ئەو کاروانەیان بەئەمڕۆ گەیاند..

بەرزوپیرۆز بێت (60)ەمین ساڵیادی خەباتی بەردەوامی ڕۆژنامەی(خەبات)..

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/3



پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی خوێندنەوەی دووەمی بۆ کرا

لە دانیشتنی دوێنێیدا پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور کرد.

سەعات 3ی پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە /2019 04/03 بە سەرۆکایەتیی د.فالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

سەرەتای دانیشتنەکە، لەلایەن مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەمی (پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور).

هەروەها گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرێز بەرهەم سالح، بۆ ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو خوێندرایەوە.

بەر لە دەستپێکردنی گفتوگۆکانی پەرلەمانتاران لەسەر بەرنامەی کار، لەلایەن ژمارەیەک لە سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە باس لەڕێککەوتن و سازانی لایەنەکان بەگشتی و ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی بەتایبەتی کراو هەروەها بەشداریکردنی فراکسیۆنی سەوز لە دانیشتنەکە بۆ تێپەڕاندن و دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسایەکی وا گرنگ و مێژووییی بەرزنرخێندراو لە بەرامبەریشدا سەرۆکی پەرلەمان جەختی لەسەر پرەنسیپی سازان و ڕێککەوتن کردەوە هیوای خواست ئەمە ببێتە بنەماو دەستپێکێکی باش هەم بۆ کاری پەرلەمانی و هەمیش بۆ ئایندەی حوکمڕانیی هەرێم.

دواتر بەپێی خاڵی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی کاروباری یاسایی کرد بێنە شوێنی مەبەست بۆ خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژەیاسا پێشنیازکراوەکە و دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسایەکی وا گرنگ و مێژووییی بەرزنرخێندراو لە بەرامبەریشدا سەرۆکی پەرلەمان جەختی لەسەر پرەنسیپی سازان و ڕێککەوتن کردەوە هیوای خواست ئەمە ببێتە بنەماو دەستپێکێکی باش هەم بۆ کاری پەرلەمانی و هەمیش بۆ ئایندەی حوکمڕانیی هەرێم.

دواتر بەپێی خاڵی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی کاروباری یاسایی کرد بێنە شوێنی مەبەست بۆ خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژەیاسا پێشنیازکراوەکە و ڕاپۆرتی لیژنەکەیان لەبارەیەوە.

دوای خوێندنەوەی پڕۆژە یاسا پێشنیازکراوەکە و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەبارەیەوە، پەرلەمانتاران بەپێی بڕگەو مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پێشنیاز و تێبینییەکانیان لەبارەی مادە بەمادەی پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، خستەڕوو.

دوای گفتوگۆکردنی سەرجەم مادە و بڕگەکانی پڕۆژە یاسا پێشنیازکراوەکە، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی کاروباری یاسایی کرد کە سەرجەم ئەو پێشنیاز و بۆچوونانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرانەڕوو بەهەند وەربگرن و دایبڕێژنەوە و ئەو پێشنیازانەشی کە زیاتر لە سێ کەس پشتیوانییان لێکردووە بۆ ڕۆژی دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسا پێشنیازکراوەکە ئامادەبکرێن بۆئەوەی بخرێنە دەنگدانەوە و بەمجۆرە سەرۆکی پەرلەمانی کۆتایی بەدانیشتنەکە هێنا.

لەتیف شێخ عومەر: ئێمە و پارتی گەیشتینە ڕێککەوتنی هاوبەش

بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا دوا سیغەی ڕێککەوتنی ئێمە و پارتی واژۆ بکرێت

لەتیف شێخ عومەر، گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوێنێ چوارشەمە 2019/4/3 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: پاش زنجیرەیەک کۆبوونەوەی چڕوپڕ و پەیوەندی بەردەوامی نێوان هەردوو شاندی دانوستانکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتنی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی و لەسەر بنەمای بەشداری کاریگەر لە دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم و حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، دوای پەیوەندییەکی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دۆستانە و دڵسۆزانە لە نێوان هەردوو بەڕێزان جەنابی کاک مەسعود بارزانی و جەنابی کاک کۆسرەت، ئێمە هەردوو شاندەکە لە ڕێگەی پەیوەندییەوە توانیمان بگەینە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی هاوبەش بۆ شۆڕشی یەکێتی لە سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتییەکان و هەموو وەزارەت و دەستەکانەوە، بڕیارە لەم ڕۆژانەی نزیکی بەردەمماندا دوا ڕێککەوتنی ئێمە و برایانی پارتی واژۆ بکرێت، هەر بڕیەش بڕیارماندا فراکسیۆنی یەکێتی بەشداری لە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات و ببێتە بەشێک لە گفتوگۆکردن و قسەکردن و لە دوایشدا بڕیاردان لەسەر هەمواکردنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەکو یەکەم هەنگاوی کردەیی، بەرەو دروستکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها گوتەبێژی یەکێتی لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان گوتیشی: ئێمە گەیشتووینەتە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەسەر هەموو شتێک. لەبارەی پۆستەکانیشەوە گوتی: ئێمە گەیشتووینەتە تێگەیشتنێکی هاوبەش و کێشەیەکمان لەو بارەیەوە نەماوە.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی نەورۆز لە دهۆک دەکات



دوێنێ چوارشەمە 2019/4/3 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان، پێشوازیی کرد لە ژمارەیەک لەمامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی نەورۆز لە دهۆک.

لەدیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی مامۆستایان و قوتابیان، پوختەیەکی سەبارەت بە دۆخی پەرلەمان و بەرنامە و پلان و کاری پەرلەمان خستەڕوو و ڕایگەیاند: "پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەیەکە لەهەموو چین و توێژو ئاین و ئاینزایەک و مۆلکی سەرجەم خەڵکی کوردستانە و لای ئێمە سەقامگیریی پەرلەمان گرنگە و بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان لە خزمەتکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبین لە چاودێریکردن و بەدواداچوون و دەرکردنی ئەو یاساییانەی کە پەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە و هەوڵ بۆ چاکسازییەکی گشتگیر لەسەرجەم سێکتەرەکان و دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ خەڵکی کوردستان دەدات".

لەلایەن خۆیانەوە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی نەورۆز لە دهۆک، وێڕای پیرۆزباییکردنیان لە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، سوپاسی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان کرد بۆ ئەو پێشوازییەو ڕوونکردنەوانەی سەبارەت بە دۆخی پەرلەمان و بەرنامە و پلان و کاری پەرلەمان، هەروەها چەندین پرسیاریشیان سەبارەت بەکار و ئەرکی پەرلەمان لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە ئاراستەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد و ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی دانەوە.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان دیاریی پەرلەمانی بە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی نەورۆز لە دهۆک بەخشی.

بابەکر زێباری: پێویستە هەوڵێر و بەغدا لەبارەی ڕێژەی کورد لەنێو سوپادا دانوستان بکەن

هەرچی کوردە سوپای عێراقی جێهێشتووە و شوێنەکانیان پڕ کراونەتەوە



بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق، ڕایگەیاند: بەپێی یاسا و دەستوور پێویستە ڕێژەی بەشداریی کورد لە نێو سوپای عێراقدا بگاتە 20% لە دوای پڕۆسەی ئازادیی عێراق ئەگەر ڕێژەی کورد لەنێو پێکهاتەی سوپای عێراقدا نەگەیشتبێت بەو ڕێژەیەش، بەڵام بە ڕێژەیەکی باش لە سوپای نوێی عێراقدا بەشداریی هەبوو. سوپاسالاری پێشووی عێراق، بۆ ماڵپەڕی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەداخەوە ئێستا ڕێژەی کورد ناگات بە 1%یش، کە ئەوەش کاریگەریی خۆی هەیە. لەو باوەڕەشدا نیم جارێکی دیکە کورد بچێتەوە نێو سوپای عێراق، ئەوان سیستەمی خۆیان هەیە، بۆ نموونە، ژمارەی سەربازانی عێراق لە 300 هەزار کەس پێک دێت و ئێستا ئەو ڕێژەیە پڕ کراوەتەوە. زێباری دەڵێت: پێویستە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ لەبارەی ڕێژەی کورد لەنێو سوپادا بکەونە دانوستان و کۆبنەوە، لەبەر ئەوەی ناکرێت لە عێراقدا کورد پێکهاتەی دووەم بێت و ڕێژەی لە نێو سوپادا نزیک بێت لەسەدا سفر، لەبەر ئەوەش بااڵنسی سوپا تێکچووە و هەرچی کوردە سوپای بەجێ هێشتووە و شوێنەکەی پڕ کراوەتەوە.

دیندار زێباری: کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کاریگەریی ئەرێنیی دەبێ لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و وڵاتان

گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی دوابەدوای هەوڵی ڕیفراندۆمە پڕ کۆسپەکەی کوردستانی عێراق، بڵاوکردەوە. لەم ڕاپۆرتەیدا گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان باس لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکات لە دوو ساڵی ڕابردوودا و ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی بوونەوە لە دوای ڕیفراندۆم و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

لەمبارەوە د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم گوتی: لە دوای هێرشی داعش و دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، نزیکەی دوو ملیۆن لە دانیشتووانی ئەم ناوچانە ڕوویان لە هەرێم کرد کە بە بارودۆخێکی سەختی ئابووریدا گوزەری دەکرد لە ئەنجامی بڕینی بودجە و مووچەی هەرێم ئەمەش بارگرانییەکی زیاتری خستە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان قوربانییەکی زۆری دا لە ئەنجامی ئەو هێرشانە، دواتریش وەک سزایەکی هەمەلایەنە دژی هەرێمی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، دووبارە هەرێم ڕووبەڕووی گەمارۆیەکی هەمەلایەنەوە بۆوە. بەڵام بە سیاسەتی حەکیمانەی سەرکردایەتیی سیاسی و خۆڕاگری میللەتی کورد تواندرا ئەو قۆناغە سەختە ببڕێت و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و دەرەوەش تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی کرانەوە، کە پێمانوایە دەبوایە ڕاپۆرتی ناوبراوی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەو تەحەددیانەش کردبوایە کە لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی هەرێم بوونەوە .

زێباری ئاماژەی بەوەشکرد کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەشداریییەکی کارایان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا کرد لە ڕێگای بەشداری کردنیان لەو هەڵبژاردنەی کە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدرا و تێیدا لایەنە کوردستانییەکان سەرکەوتنی بەرچاویان بە دەستهێنا، ئەم بەشداری کردنە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق وایکرد کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەنگاوێکی زۆر ببڕن بەرەو ئاساییبوونەوە کە ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی تا ئێستا چارەسەر نەکراون، بەتایبەتی کێشە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم.



دیندار زێباری دەربارەی ڕەوشی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کە لە ڕاپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا ئاماژەی پێکراوە گوتی: سەرەڕای نالەبارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان پڕۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو و ڕۆژی 2018/9/30 30 لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن ئەنجامدرا بە ئامادەبوون و چاودێری دەیان چاودێری ناوخۆ و بیانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نەتەوەییەکگرتووەکان، لە ئێستادا گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم بەردەوامن و هەنگاوی زۆری بڕیوە و خەڵکی کوردستان بە ئومێدن کە ئەم کابینە نوێیە پێکبهێنرێت و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کارا بکرێتەوە، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت لەسەر باشترکردنی ڕەوشی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی دەرەوە لە هەموو ڕوویەکەوە.



سەردار حوسێن

خەبات و خزمایەتی

قسەکردن لەسەر 60 ساڵ تەمەنی ڕۆژنامەی خەبات، شتێکی نوێ و تازە نییە و ژمارەی ئەوانەی لەسەر خەبات قسەیان کردووە، ئەگەر هێندەی ژمارەکانی خەبات نەبێ، کەمتریش نییە، هەموانیش دەزانن لەو 60 ساڵەدا خەبات چی کردووەو پێویست بوو چیتریش بکات و هێشتا نەیکردووە، کەس نکۆڵی لەوەش ناکات خەبات سەروەریی زۆر زۆری تۆمار کردووەو بێ هەڵەو کەموکوڕیش نەبووە، دەی خۆ ئەوەی هیچ ئیش نەکات هەرگیز هەڵەش ناکات، بۆیە باشترە بۆ من قسە لەسەر پەیوەندی نێوان خۆم و خەبات بکەم.

خەبات 60 ساڵ تەمەنی هەیە و لەو 60 ساڵەیشدا من هاوبەش و بەشداریی نزیکەی 20 ساڵی تەمەنی خەباتم کردووە، یان ڕاستتر وایە بڵێم 20 ساڵ تەمەنمان بەیەکەوە بردۆتەسەر، ئێستایش پەیوەندیمان لەسنووری دۆستایەتی و هۆگربوون تێپەڕی کردووە و درۆ نییە ئەگەر بڵێم لەگەڵ خەبات بووینەتە خزم، سەردەمێک کە من و خەبات بووینە خزمێکی نزیکی یەکدی، ڕۆژنامە بەگشتی لە هەڕەتی لاویدا بوو، خوێنەر جگە لە ڕۆژنامە شتێکی دیکەی ئەوتۆی دەست نەدەکەوت بۆ زانیاری هەواڵ و بەدواداچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان، ئەو سەردەمە تەکنۆلۆژیا بەو ئاستەی ئێستا نەگەیشت بوو، جگە لە ڕادیۆ و چەند تەلەفزیۆنێک و ژمارەیەک ڕۆژنامە و بڵاوکراوە، هیچ تۆڕێکی دیکەی کۆمەڵایەتی یان باشترە بڵێم سۆشیال میدیا بوونێکی نەبوو، بۆیەش گرنگ بوو هاونیشتمانی خوێنەر بێت و لەوەش گرنگتر ئەوەبوو هاونیشتمانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس بێت، ئاخر ژمارەی ئەوانەی لەو سەردەمە ڕۆژنامەنووس و نووسەر بوون هێندە زۆر نەبوو، پیشەی ڕۆژنامەگەریش (بەداخەوە) بەو گەڕەلاوژەیەی ئێستا نەگەیشت بوو.

خزمایەتی من و خەبات تەنها ئەو 20 ساڵە نییە، ڕاستییەکەی پێشتریش ناسیاوی یەکتربووین و دوور و نزیک مەرحەبای یەکترمان هەرکردووە، بەڵام ئەو لە من بەوەفاتر بووە، ئاخر ساڵێکیان لەهیچوخۆڕاییەوە لە خەبات تووڕەبووم و کە ساردیش بوومەوە ئەو بە هەمان گەرموگوڕی جارانەوە دەرگای کردەوەو هیچیشی نەگوت، هەر دەشبێ خەبات وابێ، مالەگەورەی ڕۆژنامەگەریی کوردییە و مالەگەورەش دەبێ وابێ.

لەگەڵ خەبات بیرەوەری یەکجار زۆرمان هەیە، زۆرینەیان شیرین و هەندێکیان ترش، هەموویان مولکی خەباتن، ئەو خاوەنی ئەم بیرەوەرییانەو سەدان سەروەریی میژوویین، ئەدی سەروەریی میژوویی لەوە گەورەتر چییە کە تۆماری خەباتی نەتەوەیەک بیت و لە هەرکوێدا زوڵم هەبووبێت دەنگت هەڵبڕی بێت، هەر هێندەیش نا، بەڵکو خەبات وەک مالەگەورەی بواری ڕۆژنامەوانی کوردی لە هیچ پرس و باسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بێدەنگ نەبووە و لە کوێدا نووسەرێک، سیاسەتمەدارێک، کەسایەتییەک و تەنانەت هاوواڵتییەکی سادەی ئەم نیشتیمانە و لە دەرەوەی چوارچێوە جوگرافییەکەیشیدا قسەیەکی بە ئاراستەی بەرەوپێش بردنی پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان کردبێت، خەبات بە سەنگەوە قسەکەی وەرگرتووەو بە دیکۆمێنتی کردووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا خەبات هیچ کات لە کۆمەڵگە و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت خزمەتگوزارییەکانیش دانەبڕاوەو کاری جدی لەسەر هەر کەموکوڕییەک کردووە، کە پێویست بووە خەبات کاری لەسەر بکات.

ئەمڕۆ کە 60 ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو خزمەی مندا تێپەڕ دەبێت، پێویستە بەپێلینۆ خەڵک و خوێنەر باسی بکات و هەڵسەنگەندانی بۆ بکات نەک خۆمان، ئەرکی ئێمە خزمێک نییە ستایشی خزمەکەی بکات، بەڵام ئەرکە لەسەری بەوپەڕی تواناوە هاوەدەمی خۆشی و ناخۆشییەکانی بێت.

بەهەموو شێوەیەک ئامادەین هاوکاری لێقەوماوانی کارەساتە سروشتییەکانی شارەکانی ئێران بکەین

پاش ئەو زریان و لافاوە بەهێزانەی کە ماوەی چەند هەفتەیەکە ناوچەکەمانی گرتۆتەوەو بەو هۆیەوە زەرەرو زیانێکی زۆر بەر ماڵ و شوێنە گشتییەکان و ژمارەیەکی زۆری شارو گوندەکان کەوت. دەزگای خێرخوازی بارزانی وێڕای سەرەخۆشی بۆ خەڵکی لێقەوماو و قوربانیانی کارەساتەکان کە لەوڵاتی ئێران ڕوویاندا، لەهەمانکاتدا (شانبەشانی بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی کارەساتی سروشتی ناوخۆی کوردستان و عێراق) ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ یارمەتیدانی زیانلێکەوتووان دەردەبڕێت و داوا لە بەرپرسانی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات ئاسانکاری تەواو بکەن بەمەبەستی گەیاندنی هاوکاری و یارمەتی بەپەلە بۆ زیانلێکەوتووان، کە هەمیشە خەڵکی ئێران لەکاتی ڕووداو و کۆچڕەوەکاندا هاوکار و یارمەتیدەری زۆری لێقەوماوان بوون.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی
2019/4/3

پەرلەمانتارێکی پارتی: کار لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی دەکەین

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: پرۆژەیاسای چاکسازی لە مووچە و خانەنشینی دەخەنە پێش پرۆژەیاساکانی دیکەوە. ژیان تاهر ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئەولەویەتی کاری چەند ڕۆژی داهاتووی فراکسیۆنی پارتی، بابەتی سەرۆکایەتیبی هەرێمی کوردستان و پرسی ڕاسپاردنی سەرۆکی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی کە لە خولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستاندا بەهۆی پێداگریی هەندێک لایەن لە دژایەتیکردنی، نەتواندرا بە یاسا بکرێت، گوتی: پرۆژەیاسای چاکسازی لە ئەولەویەتی کارەکانی فراکسیۆنی پارتی دەبێت و پێش سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی دەخەین.

نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە عەفرین دەستگیرکرا

نوری بریمۆ: لە ڕێگەی هاوپەیمانییەوە هەوڵی ئازادکردنی ئەو سەرکردەیەمان دەدەین



ڤائید میرۆ: بەرپرسی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی، کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتیی PDKSیە، لە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان دەستگیرکرا.

نووری بریمۆ، ئەندامی سەرکردایەتیی PDKS بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: ماوەی چەند ڕۆژێکە ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا لە لایەن پۆلیسی سەربازیی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانەوە دەستگیرکراوە و لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. ئەو بەرپرسەی PDKS ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: مامۆستا حوسێن جگە لەوەی ئەندامی سەرکردایەتیمانە، نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردیشە لە شاری عەفرین و تا ئێستا هۆکاری دەستگیرکردنی دیار نییە، تەنانەت زانیارییان لەسەر شوێنی دەستگیرکردن و ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەش نییە.

بریمۆ دەڵێت: لە ڕێگەی هاوپەیمانییەوە هەوڵەکانمان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنی ئەو بەرپرسەی پارتیمان بزانین و ئازاد بکرێت، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکان نەگەیشتوونەتە ئەنجامێک بۆ ئازادکردنی، کە ئێمە ئەو ڕووداوە بە نایاسایی دەزانین بەرامبەر بە مامۆستا حوسێن.

ڕۆژنامەی خەبات لە چوونە نێو قۆناغێکی نوێدا



ناشتی شەهباز

دەرفەتی کارکردنتان باش، دەرفەتی کارکردنمان باش، لەبیرمە مانگی 10ی ساڵی 2005بوو یەکەم بابەتم لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبۆیەوە، ئەمە یەکەم بابەتم نەبوو کە بڵاوببێتەوە، هەڵبەت لەشوێنی دیکە نەک لە خەبات ,وەک ئازاریک لەبڕیەی پشتم هەبێت و بۆ چارەسەری هەمیشە دەستم بردووە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە هەر لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی کۆمەڵایەتیم گرتەئەستۆ بەهاوکاری سەردار حوسێن و بابەتەکانم ئەو کات تەنها بەناوی خۆم (ئاشتی شەهباز) نەدەبینەران و دیارە سیستەمەکە وایدەخواست , بەناوی دایکی محەمەد/ دایکی دانیال/ ب. ل. ک دادەبەزین. لەگەڵ ئەوەی بابەتەکانم بێ کەموکوڕی نەبوون وچەندین جاریش بەهۆی بەدواداچوونەکانمەوە کەوتوومەتە بەر هەڕەشە و هەڕوەها کێشەی یاسایی، بەڵام لەهیچیان پەشیمان نیم. هەرچەندە ڕێگای کارکردن لە ناوچەیەکی تازەپێگەیشتووی وەک ئەو هەرێمەی خۆمان ئابووری دێکۆمێنت کردووە، بۆیە زۆرێک لە تۆێژەرانی بوارەجیاوازەکان و قوتابیانی تێزی ماستەرو دکتۆرا ڕۆژانە سەردانی خەبات دەکەن و لەوێ زانیاری و داتا کۆدەکەنەوە، بێجگە لەوەش کتێبخانەی گشتی هەولێر کە بە کتێبخانەی زەیتوون ناسراوە، لە بەشی ڕۆژنامەیدا خەباتی ئەرشیف کردووە و لەوێش سەردانی کردنی خەبات زۆرن..

وێڕای هەموو ئەمانە، خەبات پەیژەیەکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنووسی هاوسەنگ بووە لە کوردستان، بەوەی کە زانیاری و داتای نادروستی بڵاو نەکردۆتەوە، جیا لەوەش خەبات خاوەنی خیتابێکی مەسئولانە بووە بۆ شەقام و ڕۆڵی هێورکەرەوە دو سەکنایی بووە بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستانیش، لەوەدا خەبات هەوڵی ئەوەی نەداوە کە ببێتە ئامراز و دەستکێشی ستەم و نادادی و ناعەدالەتی، ئەو ڕۆژنامەنووسی بەتوانا کار بکەم ، کاتێک لە لە کۆتایی نەوەدەکان بەفەرمی پەیوەندیم بە خەباتەوە کرد تا ئەمڕۆکەش کاری تێدا دەکەم، کە تەمەنی گەنجی و هەرزەییم لەخەبات بەڕێکرد و من خەبات بە مالی گەورەم ئەژمار دەکەم..

خەبات وەکو قوتابخانەیەکی گرینگ بوو لە دوای ڕاپەڕینەوە کە بە سەدان کادیری ڕاگەیاندنی پێگەیاند، وێڕای دروست کردنی چەندین کادیر و مرۆڤی ئیداری و ئابوریناس و سیاسی گەورە، بێجگە لەوەش خەبات بووە پێشەنگی تۆمار کردنی ئەرشیفی ڕووداوەکانی سیاسی لە کوردستان و لەو 28 ساڵەی ڕابوورد‌وو من لەنزیکەوە لەنێو کاروبارەکانی خەباتم، هەموو وێنەو دیکۆمێنت و ووتار و هەواڵ و چالاکی حزبی و حکومی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دیکۆمێنت کردووە، بۆیە زۆرێک لە تۆێژەرانی بوارەجیاوازەکان و قوتابیانی تێزی ماستەرو دکتۆرا ڕۆژانە سەردانی خەبات دەکەن و لەوێ زانیاری و داتا کۆدەکەنەوە، بێجگە لەوەش کتێبخانەی گشتی هەولێر کە بە کتێبخانەی زەیتوون ناسراوە، لە بەشی ڕۆژنامەیدا خەباتی ئەرشیف کردووە و لەوێش سەردانی کردنی خەبات زۆرن..

وێڕای هەموو ئەمانە، خەبات پەیژەیەکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنووسی هاوسەنگ بووە لە کوردستان، بەوەی کە زانیاری و داتای نادروستی بڵاو نەکردۆتەوە، جیا لەوەش خەبات خاوەنی خیتابێکی مەسئولانە بووە بۆ شەقام و ڕۆڵی هێورکەرەوە دو سەکنایی بووە بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستانیش، لەوەدا خەبات هەوڵی ئەوەی نەداوە کە ببێتە ئامراز و دەستکێشی ستەم و نادادی و ناعەدالەتی، ئەو ڕۆژنامەیە پڕە لە کادیری بەتواناو ئەکادیمی و خاوەن قەڵەمی پاک..

بێجگە لەهەموو ئەمانە، خەبات بە دوو قۆناغی قەیرانی قووڕسدا تێپەڕی، یەکیان قەیرانی ئازاد کردنی عێراق لە 2003 و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە ئەوکات ستافێکی لەخۆبوردە نەیانهێشت کاروباری ئەو ڕۆژنامەیە بووەستێ و ڕووداوەکانی ئەوکاتیان دیکۆمێنت کرد، قەیرانی دووەمیش سەردەمی جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش کە 4 ساڵی تێپەڕاند و دۆخێکی قورس بوو بۆ ستافە بوێر و بەئەمەکەکەی خەبات کە لەخۆ بوورد‌وو‌انە دووبارە نەیانهێشت خەبات بووەستێ و بێجگە لەوەش هەمدیس لە بەرەکانی جەنگ هاوتای پێشمەرگە چیرۆکەکانی سەربڵندی نەتەوەی کوردیان دەنووسیەوە..

بۆ کاری ڕۆژنامەوانی ماوەیەکی کورت لەگەڵ ڕێکخراوی خانمان کارمکرد، لەوێ بۆم ڕوونبوویەوە کە دەبێ لە نزیک دەرگایەک بم بۆ لێدان لێوەی و گەیاندنی پەیامی خۆم و دەنگم کە هەرچی زووتر بگات دەرنگە، بەپێی تێگەیەشتن و مللانێ حزبی و ئیقلیمییەکانی ناو هەرێم و سەر هەرێم ژینگەی ژیانێکی تەندروست و ئارام و ئاشتییانە بۆ خەڵکی کوردستان جێگیرو لەبارنەبووەو بەتایبەتی ئەو جیاکارییەی کە لە نێوان ژن و پیاواندا هەیە، بەهێزترین پاڵنەرم بووە بۆ کارکردن لە بواری کۆمەڵایەتی، لە میانەی ئەو 18 ساڵەی کارکردنم لەڕۆژنامەی خەبات و لەگەڵ ستافەکە کێشەیەکی ئەوتۆم نەبووە، ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ مانەوەی ڕۆژنامە و بەردەوام بوونی پەیامی پێشچوونی گەیاندنی پەیام وەکو خۆی و دەنگی هەموو تاکێک بێت جیاکردنەوەی ڕەنگ و سێبەری حزبە لەسەر ڕۆژنامەکان بەگشتی و ڕۆژنامەی خەباتیش بەهەمان شێوە دەبینم، لەسەردەمی ئێستای تەکنەلۆژیا و جیهانگیریدا مانەوەی پەیام لەسەر کاغەز و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس بەبێ خەوشی، وادەخوازرێت بڵاوکراوەی حزبی لە ڕۆژنامە جیابکرێتەوە و ئەو گوشارەی سەر ڕۆڵ و کارەکانی ڕۆژنامەنووس دەکرێت کە بەبێ ویست و بەناچاری قوربانی دەدەین، نەمێنێت و ڕۆڵی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری بچێتەوە قۆناغی ڕاستەقینەی خۆی

لەبارەی 60 ساڵەی ڕۆژنامەی ئازیزی خەبات



کەنعان بەهادین

لەو ساتە وەختەی کە بارەگای ڕۆژنامەی خەباتم بینی، تەمەنم دەوروبەری بیست ساڵێک دەبوو و قوتابی بووم و کە پێم وابوو ساڵانی 1997بەسەردە بوو، ئەوکاتە بارەگای ئەو ڕۆژنامەیە کەوتبووە تەنیشتی زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ڕێگای هەولێر کەرکووک..

زۆر بە شەهامەتەوە باس لەو ڕۆژنامەیە دەکرا، کە ئەوسا ناوی بڕایەتی بوو و بەرێز فەرهاد عەونی سەرنووسەری بوو، بەجۆرێک لەجۆرەکان خاوەن سەنگێکی تایبەتی خۆی بوو، دەتوانم بڵێم ئەوکات پڕ خوێنەرترین ڕۆژنامەی کوردستان بوو، کاتێک بێ ڕەچاوی ئینتیمای حزبی کە خەبات زمانحاڵی پارتی بوو، ئەو ڕۆژنامەیە پڕ بوو لە نووسەری باش و مامۆستای زۆری زانکۆش هاموشۆیان دەکرد و شتیان تێدا دەنووسی..

ئەوکاتە ئەگەر بتوانیبا ئەو دیوار بەندەی (تواناو ئیمکانیەتی فیکر و کەسایەتیەکی باش)ت هەبا، بۆ تێپەڕاندنی نووسێنێکت لە برایەتی ئەوکات، ئەوا دەبووە شتێکی تەعەجووب کە چۆن ئەو هەموو مرۆڤە بەسەنگ مەزنە بابەتێکی تۆیان بە دڵ بووەو چۆنیش قەناعەتیان هاتووە بڵاوی بکەنەوە..

خەون و ئامانجی هەموو گەنجێکی تازە پێگەیشتوو ئەوە بوو کە لەتەک ناوی نووسەرانی باش و پڕ ئیمکانیەت، بابەتێکی لە برایەتی بڵاو بێتەوە، چونکە هەروەکو گوتم برایەتی پڕ خوێنەرترین ڕۆژنامەبوو، کە بەیانیان بە دیزاینێکی سادەو بابەتی تایبەت و چڕو پڕ دەکەوتە بەردەستی خوێنەران، کاتێک من بۆ چاوپێخشاندنێکی (برایەتی) بەیانیان ڕووم لە بازار دەکرد، دەمدیت کە خەڵکێک چۆن تامەزرۆی بوون..

میژووی ئەو ڕۆژنامە سەنگینە پڕشنگدارە و ئەو قۆناغانەی ڕابوردوو هاوکارانم بەتایبەت کاک دڵشاد مستەفا وەسانی بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکەمان لە دوا لاپەڕەی خەبات بە وردی باسی سەرهەڵدان و دەرچوونی خەباتی کردووە و هەروەها قۆناغەکانی بە دروستی تەسنیف کردووە و شی کردۆتەوە، بەڵام من قۆناغێکی تایبەتی ئەو ڕۆژنامەیەم بینی و بەخت یاوەرم بوو کە بەمە ستافی ڕۆژانەی خەبات و لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەتوانا کار بکەم ، کاتێک لە لە کۆتایی نەوەدەکان بەفەرمی پەیوەندیم بە خەباتەوە کرد تا ئەمڕۆکەش کاری تێدا دەکەم، کە تەمەنی گەنجی و هەرزەییم لەخەبات بەڕێکرد و من خەبات بە مالی گەورەم ئەژمار دەکەم..

خەبات وەکو قوتابخانەیەکی گرینگ بوو لە دوای ڕاپەڕینەوە کە بە سەدان کادیری ڕاگەیاندنی پێگەیاند، وێڕای دروست کردنی چەندین کادیر و مرۆڤی ئیداری و ئابوریناس و سیاسی گەورە، بێجگە لەوەش خەبات بووە پێشەنگی تۆمار کردنی ئەرشیفی ڕووداوەکانی سیاسی لە کوردستان و لەو 28 ساڵەی ڕابوردوو من لەنزیکەوە لەنێو کاروبارەکانی خەباتم، هەموو وێنەو دیکۆمێنت و ووتار و هەواڵ و چالاکی حزبی و حکومی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دیکۆمێنت کردووە، بۆیە زۆرێک لە تۆێژەرانی بوارەجیاوازەکان و قوتابیانی تێزی ماستەرو دکتۆرا ڕۆژانە سەردانی خەبات دەکەن و لەوێ زانیاری و داتا کۆدەکەنەوە، بێجگە لەوەش کتێبخانەی گشتی هەولێر کە بە کتێبخانەی زەیتوون ناسراوە، لە بەشی ڕۆژنامەیدا خەباتی ئەرشیف کردووە و لەوێش سەردانی کردنی خەبات زۆرن..

وێڕای هەموو ئەمانە، خەبات پەیژەیەکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنووسی هاوسەنگ بووە لە کوردستان، بەوەی کە زانیاری و داتای نادروستی بڵاو نەکردۆتەوە، جیا لەوەش خەبات خاوەنی خیتابێکی مەسئولانە بووە بۆ شەقام و ڕۆڵی هێورکەرەوە دو سەکنایی بووە بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستانیش، لەوەدا خەبات هەوڵی ئەوەی نەداوە کە ببێتە ئامراز و دەستکێشی ستەم و نادادی و ناعەدالەتی، ئەو ڕۆژنامەیە پڕە لە کادیری بەتواناو ئەکادیمی و خاوەن قەڵەمی پاک..

بێجگە لەهەموو ئەمانە، خەبات بە دوو قۆناغی قەیرانی قووڕسدا تێپەڕی، یەکیان قەیرانی ئازاد کردنی عێراق لە 2003 و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە ئەوکات ستافێکی لەخۆبوردە نەیانهێشت کاروباری ئەو ڕۆژنامەیە بووەستێ و ڕووداوەکانی ئەوکاتیان دیکۆمێنت کرد، قەیرانی دووەمیش سەردەمی جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش کە 4 ساڵی تێپەڕاند و دۆخێکی قورس بوو بۆ ستافە بوێر و بەئەمەکەکەی خەبات کە لەخۆ بوورد‌وو‌انە دووبارە نەیانهێشت خەبات بووەستێ و بێجگە لەوەش هەمدیس لە بەرەکانی جەنگ هاوتای پێشمەرگە چیرۆکەکانی سەربڵندی نەتەوەی کوردیان دەنووسیەوە..

بۆیە خەبات ڕۆژنامەیەکی تەمەندارە سەنگینە لە ڕیز ڕۆژنامە بە قەدەرکانە، خاوەنی میژوویەکی گەورەیە، لەماوەی 60 ساڵی ڕابوردووی پڕ بووە لە نووسەر و ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەداری گەورە، کە تێیدا کارمەند بوونە و ستافی سەرەکی ڕۆژنامەی خەبات بوون، بۆیە بۆ من شانازییە کە لەماوەی پتر لە 19 ساڵی تەمەنم ستافی ئەو ڕۆژنامە ئەزیزە بووم و لەو ماوەی تەمەنم کاتی خۆشم بەڕێکردووە، ڕووداوی گرنگی ئەم نیشتیمانەم تۆمار کردووە، پاڵپشتی هەڵوێستە کوردانەکان بوومە، هەردەم لەژێر سێبەرو حیکمەتی تەوەجوهی سیاسەتی جەنابی سەرۆک بارزانی هەنگاوەکانم ناوە کە جێی شانازیمە..

سڵاو لەمێژووی گەورەی خەبات، سڵاو لەهاوکارانم لەو ڕۆژنامە ئەزیزە..

60
یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
خەبات وەک چۆن سەروەرو خۆڕاگرتوو بووە، پێویستە ئەمڕۆش لە پێناو ئەو ئامانجەی بۆی دامەزرا هەمیشە دەنگی میللەت بێت
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 47 ساڵەی خەبات)



(خەبات) تۆمارکارێکی ورد بووە بۆ تێکۆشان و نەبەردی و مەرگەساتەکانی خەڵکی کوردستان

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 51 ساڵەی خەبات)

بەرپرسی لقی دووی سۆپاسی خۆڕاگریی مامۆستایان دەکات



بەرپرسی لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان وێڕای ڕێزلێگرتنیان، سوپاسی خۆڕاگری مامۆستایان و هەڤاڵانی سنووری لیژنەی ناوچەی ئاراس دەکا و دەڵێ: ئێوەی بناغەی وڵاتێکی نوێ دروستدەکەن. ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی موەفەق پیرداود بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئاراس، ڕێزی لە هەڤاڵانی سنووری لیژنەی ناوچەی ئاراس دەگرت. لەو ڕێورەسمەدا بەرپرسی لقی دوو ستایشی ڕۆڵی هەڤاڵانی کرد لە پرۆسەی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق، پێیوابوو سەرکەوتنەکانی پارتی هەوێنی دڵسۆزی و وەفاداری هەڤاڵانیەتی. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەرپرسی لقی دوو ئاماژەی بە هەوڵەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی و نیازی بەشداری پێکردنی زۆرینەی لایەنەکانی کوردستان.

دواتر باسی گرنگی پرۆسەی پەروەردە فێرکردنی کرد لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ و جۆشکراو بە زانست و زانیاری،پێی وابوو ئەوان دەتوانن بناغەی وڵاتێکی نوێ دروست بکەن.

ڕانیە... جەخت لە پتەوترکردنی پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی کرایەوە





لە بەردەوامیی چالاکییەکانیدا، ڕێکەوتی 2019/3/29 هێواگەیلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق، پێشوازیکرد لە شاندێکی مەڵبەندی 7ی ڕانیەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد، کە پێکهاتبوون لە سلێمان حەمەد بەرپرسی مەڵبەند و ژمارەیەک لە کارگێڕو ئەندامانی مەڵبەند. لە دیدارێکدا باس لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان کرا و هەردوولا جەختیان لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندییەکانیان کردەوە. هاوکات گفتوگۆیان لەبارەی ڕەوشی گشتیی دەڤەرەکە و ڕەوشی سیاسیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکەوتی 2019/3/31 بەرپرسی لقی 11ی پارتی و شاندی یاوەری ژمارەیەک کەسایەتی و بنەماڵەی دڵسۆزی پارتی بەسەرکردەوە لە هەواڵی ژیان و گوزەران و تەندروستیانی پرسی. هەر لەدێڕەی لەچالاکییەکانیدا ڕێکەوتی 2019/4/2 بەرپرسی لقی 11 بەیاوەریی کارگێڕانی لق و بەرپرس و ستافی لیژنەی ناوچەی ڕانیە، کتێبخانەی گشتیی ڕانیەیان بەسەرکردەوە لەلایەن بەرپرسی و کارمەندانی کتێبخانەکەوە پێشوازییان لێکرا. لەو سەردان و بەسەرکردنەوەیەدا وێڕای بەسەرکردنەوەی هەموو بەشەکانی کتێبخانەکە، بەرپرسی لق و شاندی یاوەری دەستخۆشییان لە بەرپرسی و کارمەندانی کتێبخانەکەکرد کە دڵسۆزانە کار و خزمەت دەکەن و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆخواستن.

دڵشاد عیمادەدین: ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندیی داوە و سەرجەم ڕێگاکانی هەولێر نۆژەن دەکرێنەوە



بەڕێوەبەری چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر گوتی، بە هۆی بارینی بارانێکی زۆر و قەیرانی دارایەوە، ماوەیەکی زۆرە ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری هەولێر نۆژەن نەکراونەتەوە، بەڵام بڕیارە هەفتەی داهاتوو سەرجەم ڕێگاوبانەکان و ئەو شوێنانەی زیانیان بەرکەوتووە، نۆژەن بکرێنەوە.

دڵشاد عیمادەدین، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بە هۆی قەیرانی دارایەوە ماوەی چەند ساڵێکە چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری هەولێر ڕاگیرابوو، بەڵام لە ئێستادا داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە ڕەزامەندی بدەن بۆ تەرخانکردنی ملیارێک دینار بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایانەی تێک چوونە و ئەوانەی بە هۆی لافاو و بارانباربنەوە زیانیان بەرکەوتووە، چاکیان بکەینەوە، بۆیە ڕەزامەندی دراوە و چاوەڕێ دەکرێت هەفتەی داهاتوو دەست بە نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەیان بکرێتەوە.

بە گوتەی عیمادەدین، ئەو ڕێگایانەی نۆژەن دەکرێنەوە بریتین لە ڕێگای هەولێر بۆ خەبات، مامەجەلکە بۆ سێبیران، چۆمان بۆ حاجی ئۆمەران، بەستۆرە بۆ شێخ تۆراب، هەولێر بۆ گوێڕ، هەروەها چەندین شوێنی دیکەش لە سۆران و میرگەسۆر، کە بە هۆی بارانبارین و لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە.

بۆ یەکەمینجار کارەبای نیشتمانی گەیشتە 3600 مێگاوات

لەئەنجامی ڕێژەی بارانبارینی ئەمساڵ و بەرزی ئاستی ئاوی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان؛ ڕێژەی بەردانەوەی ئاو لە هەردوو بەنداوەکە زیادیکردووەو بەم هۆیەشەوە توانراوە سەرجەم یەکەکانی کارۆئاوی بەرهەمهێنانی کارەبا لەو دوو وێستگەیە ئیشپێبکرێت، لەبەنداوی دوکان ڕێژەی بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتۆتە 280 مێگاوات و لە دەربەندیخانیش 240 مێگاوات کارەبا، بەمەش بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمینجار دەگاتە 3600 مێگاوات کارەبا بە پشتبەستن بە سەرجەم وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و لەم مانگەشدا ماوەکانی پێدانی کارەبا بۆ 16 کاتژمێر بەرزبووەتەوە.

وەزارەتی کارەبا بۆ سەلامەتی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بە وردی ڕەچاوی سەلامەی وێستگەکەو کاری چاکسازیی تێیدا دەکات و هەر بەم هۆیەشەوە لە ئێستادا توانراوە هەموو یەکەکان ئیشپێبکرێت.

پارێزگەها دهۆکێ دێ ئێک ملیار دینار ل سەر بەلێندەرێن پروژێن دەڤەرێن دەرقەی ئیدارا هەرێمێ بەلاف کەت

خەبات ـ دهۆک: پشتی سستبونا قەیرانا دارایی یا هەرێما کەردستانێ حکومەتا هەرێمێ دەست ب بەلافکرنا قەرێن بەلێندەرێن هەرێمێ کر ئەوێن دوەختی دا پروژە بجهێنین و پارێ وان پروژا مای قەر ل دەف حکومەتێ. دداخویانیەکێ دا ئوسمان یونس جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ بو کاروبارێن تەکنیکی دیار کو پشتی کێمبونا قەیرانا دارایی حکومەتا هەرێمێ پلان و بەرنامە هەنە قەرێن پروژێن بەلێندەرا بدەتێ . و گوت : ئەڤە جارا پێنجێ یە حکومەت قەرێن دەڤەرا شنگارێ خەرج دکەت و بریارە ژ سبەهی 2019/4/4 وێڤە دەست ب بەلافکرنا کوژمێ ئێک ملیار دینار ل سەر بەلێندەرێن پروژێن دەڤەرێن دەرقەی ئیدارا هەرێمێ بەلاف کەت و هەر کومپانیەکێ ڕێژا 16% دهێتە تەرخانکرن و 69 کومپانیا دێ مفادارین .



هەروەسا جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ دیار کو بەری نوکە کوژمێ 2 ملیار دیناران بو قوتابخانێن ماینە نیڤەرو هاتنە تەرخانکرن ل دەڤەرا زاخو بو5 قوتابخانا و ئەف پروژە دێ هێنە تەمام کرن، هەروەسا 8 قوتابخانێن دیڕی ل سنورێ پارێزگەهێ دەست پێهاتیە کرن و هەیڤانە 345 ملیون دینار بو ڤان قوتابخانا دهێنە خەرجکرن و کار پێ دهێتە بڕێڤە برن. وگوت: لبەرە100 ملیار دینار بهێنە خەرج کرن بو هەرسێ پارێزگەهێن هەرێمێ و بیگومان دێ باهرا پتریا ڤی کوژمەی بو پارێزگەها دهۆکێ بیت و ئەم وەکو پارێزگەهە دێ بزاڤێ کەین کو بەهرا پارێزگەها دهۆکێ ژ هەمی پارێزگەها پتر بیت و بریارە د هەفتیا بهێت دا دەست ب بەلافکرنا وان پارا ژی بیهێتە کرن.

نەمانی پاشەکەوتی مووچە بازاڕی قیستی بووژاندۆتەوە

هاوواڵتیان: لەوەتەی پاشەکەوتی مووچە نەماوە باروگوزەرانی خەڵکی باشتربووە و بازاڕ جوڵەی زیاتری تێکەوتووە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

دوای ئەوەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لابردنی پاشەکەوتی مووچەی دا، هاوواڵتیان و مووچەخۆرانی هەرێم زۆر بەختەوەربوون و گەرمووگوڕیەکی زۆر کەوتە بازاڕەکان و جوڵەیەکی خێرا کەوتە بازاڕەکان، بەتایبەتی بازاڕی هێنانی کەلوپەلی ناوماڵ بەقیستی مانگانە لەلایەن فەرمانبەرانەوە فرۆشتنی کەل و پەل بەقیس بوو1اندنەوەی بەخۆیەوە بینی، سەبارەت بەو بابەتە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.



کۆمپانیا و مۆبیلیاتەکان گلەییان هەیە

لەو ڕاپۆرتەدا ژمارەیەک خاوەنی کۆمپانیاو مۆبیلیاتی کەلوپەلی ناوماڵ حەزیان کرد قسەمان بۆ بکەن، کۆمپانیای نیازی هەژار کە ماوەی چەندین ساڵە کاری دروستکردنی کەل و پەلی ناو ماڵەو گوتی: ماوەی چەندین ساڵە لە شاری هەولێر خزمەتی هاوڵاتیان و فەرمانبەران دەکەین و کەل و پەلی ناو ماڵیان بە قیست پێ دەدەین بەبێ خستنەسەر هیچ زیادەیەک و کەس گلەیی لە کەل و پەلەکانمان نەکردووە، کۆمپانیایەکی گەورەمان هەیەو چندین وەستای کارامەو خاوەن ئەزموون و شارەزان لەکارەکان و هەموو کەرەستەکان لە ولاتان دەهێنینە کوردستان ئەو کەرەستانە کەرەستەی پلە نایابن هەوڵی هێنانی کەل و پەلی خراپ نادەین و هەموو کەسێک ئەگەر حەزی لە کامە مۆدێل بێت بۆی دروست دەکەین و نرخەکانمان گونجاوەو فەرمانبەران دەتوانن لەلای ئێمە کەل و پەل بە شێوەی قیست ببات هاوکاری دەکەین، هەروەها گوتی: لەکاتی قەیرانی دارایی بازاڕی قیست لاواز ببوو بەڵام دوای لابردنی پاشەکەوتی مووچە خەریکە بازاڕەکان دەبووژێنەوە، لەبەر

www.xebat.net
خەبات
پێنج شەممە 2019/4/4 ژمارە (5723)

بەرپرسی لقی 16 ڕۆڵی ئافرەتانی لە پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستان بەرز دەنرخێنێ



بەمەبەستی خستنەڕووی کێشەو گیروگرفت و پێداویستی و ئاماژەدان بەکارو چالاکیەکانیان لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی تویژی ئافرەتان، شاندێکی ئەنجوومەنی ئافرەتانی دەوروبەری شاری هەولێر کە پێک هاتبوون لە بەرپرس و ستافی ئەنجوومەن سەردانی بارەگای لقی 16یان کردوو لەلایەن بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەگەرمی پێشوازیکران.

لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا شاندی ئەنجوومەنی ئافرەتانی دەوروبەری هەولێر دوای خستنەڕووی بەشێک لەو کارو چالاکییانەی کە لەماوەی ڕابردوودا بۆ خزمەتکردنی تویژی ئافرەتانی سنوورەکە ئەنجامیانداوە ، ئەو کێشەو گیروگرفت و پێداویستیانەیان خستەڕوو کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم بەرەو پێشبردنی کارەکانیان و زیاتر هەنگاونان بەئامانجی سەرخستنی کارو پڕۆژەکانیان. دواتر بلند ئیسماعیل ئاماژەی بەڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتانی کوردستان کرد لەتەواوی سێکتەرەکان کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لەپێشخستن و خزمەتکردنی تویژی ئافرەتان بەتایبەتی و کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا بەرپرسی لقی 16 ئامادەیی لقی بۆ هەرجۆرە هاوکارییەک دەربڕی کە بێتە مایەی پێشخستنی کارەکانیان و خزمەتکردنی زیاتر بەئافرەتانی کوردستان و چارەسەرکردنی پێداویستی و کێشەو گیروگرفتەکانیان.

بەرپرسێ لقێ ئێک دگەل پارێزگارێ دهوکێ گەنگەشا خوشگوزەرانیا خەلکێ پارێزگەها دکەن



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتییا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازی ل بەرێزفەرهاد ئەتروشی پارێزگارێ دهوکێ کر.

ئەڤەو دڤێ هەڤدیتنێ دا هەردوو ئالیان باسێ ڕەوشا گشتی یا هەرێماکوردستانێ و ب تایبەتی یا پارێزگەهادهوکێ کرن، نەخاسمە دئالیێ پروژە و کارێن خزمەتگوزاری بێن گرێدای ب هاولاتیانڤە وهەروەها باسێ وان زەرەر و زیانێن ڤان لەهی و لافاوێن ڤێ دوماهیێ پارێزگەها دهوکێ گرتی کرن.

تەوەرەکێ دی یێ ڤێ هەڤدیتنێ باسێ بەرنامە و پلانێن داهاتی کرن کۆ بنەدکابینا نوی یا حکومەتا هەرێما کوردستانێدا کۆ بنبە شەنگستێ پتر خوشگوزەرانیا خەلکێ پارێزگەها دهوکێ.

پێداچوونەوە بە مولکەکانی وەزارەتی ئەوقافدا دەکرێت

یاسایی کۆبوونەوەی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی مولکەکانی وەزارەتی ئەوقاف بەهەموو شێوەو جۆرەکانیەوە ئەنجام درا. سەرەتا بەڕێوەبەری گشتی دیوانی بەخێرهاتنی بەڕێوەبەرانی گشتی ئەوقافی پارێزگاکان و خاتوو دلسات بەڕێوەبەری مولکەکانی وەزارەت و خاتوو ئاونگ بەڕێوەبەری لەدیوانی وەزارەت بە سەرپەرشتی د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی بەوەکالەت و ئامادەبوونی بەڕێوەبەرانی گشتی ئەوقافی پارێزگاکان و خاتوو دلسات بەڕێوەبەری مولکەکانی وەزارەت و خاتوو ئاونگ بەڕێوەبەری ئامادەبونیان ئاماژەیدا کەلەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی بالای ئەوقاف وکاروباری ئایینی ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی مولکەکانی وەزارەتی ئەوقاف پێداچوونەوەی وردی بۆ بکرێت هەر لە سەر ژمێری و چارەسەرکردنی وەقفەکانی وەزارەت لەگەڵ بەشێک لە وەزارەتەکان گۆڕینی شێوازی مولکە گرێبەستەکان و پێداچوونەوە بە چۆنیەتی بەکرێدانی مولکەکان کە بگونجێ لەگەڵ هەلکشان و داکشان سەرلەنوێ بریاردان لەسەر مولکەکانی وەزارەت بە ئامانجی زیاد کردنی داهاتی وەزارەتی ئەوقاف بە شێوەیەکی گشتی هەروەها چارەسەرکردنی دیاردەی زێدەڕۆیی لەسەر مولکەکان بەهەماهەنگی لایەنی جێ بەجێکردن هەرچی پێویستە ئەنجام بدرێ بۆ پاراستنی مولکەکانی وەزارەت لەهەر سەر پێچی کردنێک.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز هۆگر بایز

بە دڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کوڕە تاقانەکەتان ئەلیاس- مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و ڕۆحی پاکی کوڕەکەتان ئینشاڵڵا جێگەی بەهەشتە.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
ساڵیادی دەرچوونی (خەبات)
بۆنەیەکی زۆر گرنگ و پر بایەخە و
مەغزای مێژوویی لەلای گەلەکەماندا هەیە
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 51 ساڵەی خەبات)

خولێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ ژمارەیەک مامۆستای ئایینی کرایەوە



دەزگای ئالتوون بۆ کاری خێرخوازی و مرۆیی خولێکی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ ژمارەیەک مامۆستای ئایینی کردەوە.

خولەکە بە ڕەزامەندیی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا و ماوەی دوو مانگ بەردەوام دەبێ و زیاتر لە 50 مامۆستای ئایینی بەشداریی تێدا دەکەن. ئامانج لە خولەکە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی زمانی ئینگلیزییە و تا بتوانن زیاتر سوود لە تەکنەلۆجیای سەردەم ببینن.

وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی نوێ بۆ زیاتر لە 18 هەزار ئۆتۆمبێل دەردەکات



وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێ ڕێکخستنەوەی خەرجیی ئۆتۆمبێلە حکوومییەکانە و لیژنەیەکیشی بۆ ڕێکخستنەوەی تەواوی ئۆتۆمبێلە حکوومییەکان و سەرفکردنی سووتەمەنی بەپێی پێویستیی کارەکەیان، پێک هێناوە.

سامی جەلال، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، حکوومەتی هەرێمی کوردستان 18 هەزار و700 ئۆتۆمبێلی هەیە، هەر بۆیە ئەو ئۆتۆمبێلانە لۆگۆی تایبەتیان لێ دەدرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو ئۆتۆمبێلەکانی دیکە جیا بکرێنەوە. ناوبراو دەشڵێ: یەکێک لە بابەتە گرینگەکان چۆنیەتیی ڕێکخستنەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەیە کە لە دوای دەوامی حکوومی بەکار دێن، هەر بۆیە تۆمارێکمان ڕێک خستووە، بە مەبەستی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی حکوومی، تامانجی وەزارەتی ناوخۆش ئەوەیە لە دوای دەوامی حکوومی ئۆتۆمبێلە حکوومییەکان لە گۆڕپانێک دابندرێن و بەکار نەهێندرێن.

سامی جەلال ئاماژەی بەوەش کرد، یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانیان، ڕێکخستنەوەی سووتەمەنییە فەرمانگە حکوومییەکانە، بۆیە ئەوان لیژنەیەکی بالآیان بۆ ئەو مەبەستە پێک هێناوە، بۆ ئەوەی بە پێی پێویست ئەو ئۆتۆمبێلانە بەکار بێنن، تۆمارێکیشیان ئامادە کردووە بۆ ئەو پرسە و چۆنیەتیی سەرفکردنی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلەکان، واتا بەپێی سروشتی کارەکەیان چەندیان پێویستە ، ئەوەندەیان پێ دەدرێت.

بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختیشی لەوە کردەوە، ئەم ئیجرائەتانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێی هەڵساوە، دەبێتە فاکتەرێکی زۆر گرینگ بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی ئۆتۆمبێلە حکوومییەکان و بەهەدەرنەدانی سامانی گشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

قەزا شێخان... گۆشتفرۆشەک هاتە داخستن



خەبات ـ ئالان شەهاب: لیژنا چاڤدێریا بازاری د بەردەوامیا ژناڤ برنا سەرپێچیا ل قەزا شێخان دناڤ سەنتەرێ باژێرێ گوشت فروشەک هات داخستن بۆ ماوێ چەند ڕۆژا ژبەر نەپێگیریکرنا ساخلەمیێ. سەردار یحیی عبدالعزیز، قائیمقامێ قەزا شێخان ب خەبات ڕاگەهاند: ئەو جهێ هاتیە داخستن دەمێ لژنا چاڤدێریێ سەردانا وی جهی کری خودانێ وێ گولک دناڤ جهێ فروتنا گوشتی سەر ژێکر لدوڤ ڕێنمایێن لژنا ساخلەمیێ ب چ ڕەنگا چێنابیت هەموو جورێن مەرومالاتی دناڤ سەنتەری بهێن سەر ژێکرن. ناڤهاتی خویاکر ک: ئەڤ جهە بو ماوەیەک درێژ دهێتە داخستن ژبەرکو دا چ کەسێن دی پەزی دناڤ جهێ فروتنا گوشتی دا سەر ژێ نەکەت.

ئەوەی مووچە وەکو جارانی لێ هاتەوە.

دواتر کامەرانی خاوەن مۆبیلیات گوتی: لەوەتەی پاشەکەوتی مووچە نەماوە خەریکە بازاڕی ئێمەش گەرمتر دەبێت و ڕۆژانە ژمارەیەک لە هاولاتیان سەردانیمان دەکەن بۆ ئەوەی کەل و پەلی ناو مالّ بە قیست ببەن، دیارە بەهۆی ئەو بڕیارە گرنگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ لابردنی پاشەکەوتی مووچە کارگەری زۆری هەبوو بۆ بووژاندنەوەی بازاڕەکان و هیوادارین ئەو کەسانەی کە پێشتر قیستیان لەلایە لە ئێستاد دەتوانن پارەکە بگەڕێننەوە بۆ کۆمپانیاو خاوەنی مۆبیلیاتەکان حۆزگە ئەوانەی قیستیان لەلایە پێویستە قیستەکە بدەنەوە.

دیار خاوەنی مۆبیلیات گوتی: ڕاستە لابردنی پاشەکەوتی مووچە زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەڵام لەکاتی قەیرانی دارایی زیاتر لە 20 کەس قیستیان لەلایە تا ئێستا پارەکانیان بۆمان نەگێڕاوەتەوە و گلەییمان لە هاولاتیان هەیە.

پێشبینی دەکرێ جوڵەی زیاتر بکەوێتە بازاڕ

هەندرێن، خاوەنی مۆبایلی هەندرێن گوتی: لە ساڵانی ڕابردوو ژمارەیەک لە هاولاتیان مۆبایلیان بە قیست بردووەو پارەیان لەلاماوەو نایگێڕنەوە، ئەگەر مووچە زووتر دابەش بکرێ و باروگوزەرانی فەرمانبەران و هاوڵاتیان باشتر دەبێ و بازاڕەکان زیاتر دەبوو ژێنەوە و بازاڕی ئێمەش خۆشتر دەبێ قازانجی باشتردەکەین.

پەیوەند، خاوەنی کۆمپانیای ئوتومبێل گوتی: دوای لابردنی پاشەکەوتی مووچە هاوڵاتیان زۆر دڵخۆش بوون و جوڵە کەوتە ناو بازاڕی ئوتومبیلیش ئەگەر زووتر مووچە دابەش بکرێت ئەوا فەرمانبەران مووچەی زیاتر وەردەگرن و بازاڕەکانیش زیاتر دەبوو ژێنەوە.

فەرمانبەران و هاوڵاتیان لەوەتەی پاشەکەوت نەماوە بازاڕ گەرمتر بووە

مامۆستا محەمەد گوتی: زۆر دڵخۆشم کە پاشەکەوتی مووچە نەماوەو مووچەکەم بۆتە یەک ملیۆن و500 هەزار بارو گوزەرانی ژیانم گۆڕاوەو ئێستا دەتوانم بەباشی بەبێ کەموکوڕی بژیم، ئەگەر وابڕوات بارو گوزەرانی ژیانم باشتر دەبێت، بەڵام ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان زوو کۆنترۆڵی بازاڕ نەکەن نرخەکان زۆر گرانتردەبێ.

مامۆستا مەریوانیش گوتی: زۆر سوپاسی حکومەتی هەرێم دەکەم ئەو پاشەکەوتەی نەهێشت لەوەتەی ئەو پاشەکەوتە نەماوە زۆربەی فەرمانبەران بارگوزەرانی ژیانیان باشتر بووەو دەتوانن هەموو کەل و پەلێک بەقیستی مانگانە بهێنن، خۆزگە لایەنە پیوەندیدارەکان نەیان دەهێشت نرخەکان گرانتر بێت.





حکوومەتی داهاتووی کوردستان..

بەهێز و خزمەتگوزار و هیوایە بۆ خەڵک

جەمیل محەمەد ئەرگوشی

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوو قۆناغی حکومڕانی جۆری و شکلی خۆی تۆمار دەکات: قۆناغی یەکەمی حکومڕانی کابینەکانی یەکەم تاکو هەشتەمە. قۆناغی دووەم حکومڕانی کابینەی نۆیەمی داهاتووی کوردستانەکە بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی دەبێت.

گەر ئاوڕێک بە قۆناغی یەکەم واتا حکومڕانی ڕابردووی هەرێمی کوردستان بەتایبەت سیاسەتی کابینەی هەشتەم بدەینەوە و کاری ئەم کابینەیە بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە گرینگانە وەربگرین دەبینین کە حکوومەت ڕووبەڕووی چەندین تەحەددا و قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی ببووەوە و ئەم قۆناغەی سەرکەوتووانە تێپەڕاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کاریگەری هەندێک قەیران ماونەتەوە کە بریتین لە:

١- شەڕی داعش و هەڕەشە ناوچەیی و دەرەکیەکان.
٢- ناکۆکیە ئابووری و سیاسیەکانی حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان و هەڕەشەکانی ناوەند.
٣- گۆشەگیر ردنی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ئاستی ئابووری و دیپلۆماسی ناوچەیی لەدوای 9/25.
٤- پێشکەردنی دەستووری عیراقی لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی مەرکەزیەوە وەک ناکۆکیەکانی حکومەتی عیراق و کوردستان لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان.

٥- جێبەجێ نەکردنی یاسای نیشتمانی نەوت و گاز هەروەک لە ماددەکانی 110، 111، 112، 115 و 121 ی دەستووری عیراقیدا هاتووە.
٦- بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە وەهەروەها بابەتی پێشمەرگە کە لە دەرەوەی مەنزومەی بەرگری عیراق دایە.
٧- جێگیرنەبوونی دۆلار و بەهای نەوت لە بۆرسە و بازاڕە جیهانییەکان.
٨- مەترسی هەوڵی هەندێک لایەنی سیاسی ناوخۆ بۆ دووەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکومەت دەست پێدەکات کە بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مسرور بارزانی دەبێت.
بەدڵنیاییەوە پێشبینی دەکرێت کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لەسەر نەخشەڕێگایەکی فرەبواری زانستی و تێڕوانینی نوێ دادەڕێژێت. ئەم نەخشەڕێگایە خۆی لە داڕشتنی ستراتیجی کورت خایەن و درێژ خایەن دەبینێتەوە. پێشنیارەکانی ستراتیجی کورت خایەن و هەنووکەیی چەند بوار لەخۆ دەگرێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەرەو پێش بردنی پەیوەندی دیپلوماسیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق و نزیکی و پەیوەندی باشتری حزبە کوردستانیەکان.
٢- باشترکردنی گوزەران و ئابووری خەڵکی کوردستان و چارەسەری بێکاری گەنجان لە ڕێگای کەرتی گشتی و تایبەت و پڕۆژە ئابووریەکان.
٣- ئاڵوگۆڕی ئیداری و کارگێڕی و چاکسازی خێرا لە دامودەزگاکانی حکومەت و دەستەواکردن و بەرەپێشبردنی پڕۆژەکانی پەروەردە و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان.
٥- پێدانی تەواوی ماف و ئیمتیازی کارمەندان و مامۆستایانی هەرێمی کوردستان وەک یەکسانکردنی مووچە و پێدانی مووچە بەبێ جدول و پێدانی زەوی و زار بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون و کرێنشینن.
٦- چاوخشاندنەوە بە هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگە و مووچەی پێشمەرگە و هەروەها دیاریکردنی میکانیزمێک بۆ مۆدێرن کردنی ئەو موئەسەسە نیشتمانیە.



گەلی شێرانکێ ـ دێرەلوک ـ دهۆک

١- شەڕی داعش و هەڕەشە ناوچەیی و دەرەکیەکان.
٢- ناکۆکیە ئابووری و سیاسیەکانی حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان و هەڕەشەکانی ناوەند.
٣- گۆشەگیر ردنی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ئاستی ئابووری و دیپلۆماسی ناوچەیی لەدوای 9/25.
٤- پێشکەردنی دەستووری عیراقی لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی مەرکەزیەوە وەک ناکۆکیەکانی حکومەتی عیراق و کوردستان لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان.
٥- جێبەجێ نەکردنی یاسای نیشتمانی نەوت و گاز هەروەک لە ماددەکانی 110، 111، 112، 115 و 121 ی دەستووری عیراقیدا هاتووە.
٦- بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە وەهەروەها بابەتی پێشمەرگە کە لە دەرەوەی مەنزومەی بەرگری عیراق دایە.
٧- جێگیرنەبوونی دۆلار و بەهای نەوت لە بۆرسە و بازاڕە جیهانییەکان.
٨- مەترسی هەوڵی هەندێک لایەنی سیاسی ناوخۆ بۆ دووەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکومەت دەست پێدەکات کە بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مسرور بارزانی دەبێت.
بەدڵنیاییەوە پێشبینی دەکرێت کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لەسەر نەخشەڕێگایەکی فرەبواری زانستی و تێڕوانینی نوێ دادەڕێژێت. ئەم نەخشەڕێگایە خۆی لە داڕشتنی ستراتیجی کورت خایەن و درێژ خایەن دەبینێتەوە. پێشنیارەکانی ستراتیجی کورت خایەن و هەنووکەیی چەند بوار لەخۆ دەگرێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەرەو پێش بردنی پەیوەندی دیپلوماسیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق و نزیکی و پەیوەندی باشتری حزبە کوردستانیەکان.
٢- باشترکردنی گوزەران و ئابووری خەڵکی کوردستان و چارەسەری بێکاری گەنجان لە ڕێگای کەرتی گشتی و تایبەت و پڕۆژە ئابووریەکان.
٣- ئاڵوگۆڕی ئیداری و کارگێڕی و چاکسازی خێرا لە دامودەزگاکانی حکومەت و دەستەواکردن و بەرەپێشبردنی پڕۆژەکانی پەروەردە و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان.
٥- پێدانی تەواوی ماف و ئیمتیازی کارمەندان و مامۆستایانی هەرێمی کوردستان وەک یەکسانکردنی مووچە و پێدانی مووچە بەبێ جدول و پێدانی زەوی و زار بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون و کرێنشینن.
٦- چاوخشاندنەوە بە هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگە و مووچەی پێشمەرگە و هەروەها دیاریکردنی میکانیزمێک بۆ مۆدێرن کردنی ئەو موئەسەسە نیشتمانیە.

ب- پەرەسەندنی سیاسی لەڕێگای فراوانکردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتی و دیپلوماسیەکان و دروستکردنی لۆبی بەهێز دەبێت لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکا، ڕوسیا، چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وە پاراستنی پارسەنگی نێوانیان.
ج- پەرەسەندنی لایەنی سەربازی لە کوردستاندا کە دوو سێکتەر لەخۆ دەگرێت:
١- بەهێزبوونی لایەنی سەربازی کوردستان کە لە ڕێگای یەکخستن و ڕێکخستنی هێزە سەربازیەکانی کوردستان و دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی خاوەن ئەزموونی سەربازی دەبێت.
٢- سەقامگیری لە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان کە لەڕێگای یەکڕیزی مالّی کورد و ڕۆڵ و پێگەی ئینرژی کوردستان دەبێت کە بەپێی زانیاریەکان زۆرتر لە **45** ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی هەیە. کەواتە گرێدانی ئابووری بە سیاسەتەوە وە هەروەها تۆکمە کردنی هێزە سەربازیەکانی کوردستان بۆ گەشتوگوزاری کوردستان و دامەزراندنی کارگەی گەورەی پیشەسازی جۆراوجۆر و سوود وەرگرتن لە ئینرژی با و ئاو و ڕۆژ و ئامادەکردنی هێزی مرۆیی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پڕۆسانە شیوازێکی گونجاوە.


کوردستانێکی بەهێز گرنگترین ستراتیجی درێژخایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەپێناو سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان. کۆبوونەوەی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانیش بۆ هەموار کردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەستپێکێکی باشە بۆ شکاندنی بەستەڵەکی سیاسی کوردستان وە کۆتایی هێنان بە چاوەڕوانی خەڵک چونکە لەدوای ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەموار دەکرێت و سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، سەرۆکی هەرێم دەس وائا دەبێت بۆ ڕاسپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تاکو لە ماوەی مانگێکدا کابینەکەی پێک بێنێت. بۆیە کابینەی نۆیەم لەپێناو بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان کابینەی کارامەی کەسە لێهاتووەکان و داڕشتنی ستراتیجیەتی ئابووری و سیاسی دەبێت بۆ هەڵگرتنی پاڵپەستۆی ناوخۆیی و چارەسەر کردنی کێشە سیاسیەکان کاری جددی دەکات بۆ یەکدەنگی کورد لە پەرلەمانی عیراق و یەکخستنی مالّی کورد لە کوردستان. هەروەها بۆ بوژاندنەوەی بازار و ئابووری و خۆشگوزەرانی و گەڕاندنەوەی هیوا بۆ خەڵکی کوردستان و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی کار دەکات. کابینەی نۆیەم کابینەی هێزی کوردستان و فراوان کردنی پەیوەندیە دیپلوماسیەکانە لەسەر ئاستی عیراق و جیهان وە کابینەی پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکان دەبێت. هەموو ئەوانە بەڕێنمایی ڕێزدار سەرۆک بارزانی و بەدەستی بەتوانای ستراتیجستی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی جێبەجێ دەکرێت کە خاوەن ئەزموون و دیدگای ستراتیجیە لەبواری ئاسایش و ئابووری و سیاسیدا. بۆیە پاڵپشتی کردنی گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکان هۆکارێکی گەورەیە بۆ سەرکەوتنی نەخشەڕێگای کابینەی نۆیەم و بڕیاردانی سیاسی حکومەتێکی بەهێز لەپێناو دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی گەلی کوردستان بەگشتی.

لەیادی 60 ساڵەی خەبات

26 ساڵە شانازی دەکەم

کاروان محەمەد سینۆ

بیست و شەش ساڵ تەمەنێکە.. بیست و شەش ساڵ، تەنها سەروەت و سامانی ژیانی مرۆڤێکە کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە و دووبارە نابێتەوە..؟!، بیست و شەش ساڵ، تەمەن و بەخششی مرۆڤێک کە هیچ شتێکی شک نەبردووە بێجگە لەو تەمەنەی کە بە ڕۆژنامەیەک ببەخشێ، بەڵام چ ڕۆژنامەیەک؟.. ڕۆژنامەیەک، کە تەمنی شەست ساڵە.. ڕۆژنامەیەک، کە دەنگی ڕاستیبە، کە دەنگی سەدان هەزار پێشمەرگەیە، دەنگی سەدان هەزار شەهیدە، دەنگی هەزاران بێ سەروشوێنە، دەنگی ئەنفالکراوەکانە، دەنگی شەهید و بریندارانی کیمیاباران.. ڕۆژنامەیەک کە دەنگی ڕاپەڕینە، دەنگی کۆچڕەو و ئاوارەکانە.. ڕۆژنامەیەک کە دەنگی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانە، دەنگی خزمەت و خەبات و بەرخودان و پاراستنی کوردستانە.. ڕۆژنامەیەک کە دەنگی ڕاستەقینەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانە، دەنگی کەرکووکی دڵی کوردستان و خانەقین و شنگال و ناوچەدابڕاوەکانی کوردستانە.. ڕۆژنامەیەک کە دەنگی مهاباد و دیاربەکر و قامشلۆ و عەفرین و هەرچوار پارچەی کوردستانە.. ڕۆژنامەیەک کە دەنگی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و مەلامستەفای بارزانییە، ڕۆژنامەیەک کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ڕۆژنامەیەک کە دەنگ و زمانی میللەتێکە، بەڵام چ میللەتێک؟!.. میللەتێک کە زیاتر لە سەدەیەکە دەچەوسێنرێتەوە و خاکەکەی داگیر کراوە، میللەتێک کە میژوو و ناسنامەی زیندەبەچاڵکراوە.. میللەتێک کە کیمیاباران و ئەنفالکراوە، میللەتێک کە سەرۆک مەسعود بارزانی ڕابەرایەتی دەکات و پێشمەرگەکانی پارێزگاری لێ دەکەن. بۆیە من شانازی دەکەم بە 26 ساڵ کارکردن بە بێ پەچڕان و بێ پشوودان و بێ دابڕان لەم ڕۆژنامەیەدا، کە ڕۆژنامەی (خەبات)ـە زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەمڕۆ یادی 60 ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی دەکەین. هەروەک چۆن ئەمڕۆ ئەم شانازییەم دەردەبڕم، هەروەها وەکو خەبات لەپێناوی کوردستان، بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم بەرامبەر بە پارتەکەم پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەم ڕۆژنامە خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەردا کاردەکەم.. بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم بەرامبەر پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستان و سەرۆک مسعود بارزانی کە لە خزمەتی ڕێبازی بارزانییی نەمردام. ساڵی 1981 پەیوەندیم کردووە بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی لەناو شاری هەولێر، ڕێکخراوی (قەلادزە) سەر بەلێژنەی ناوچەی ئامێدی /لقی 1 لەژێر بەرپرسێتی هەڤاڵ (خالد عەبدوللا توفی) کە ئەوکات بەڕێزیان قوتابی زانکۆی سەلاحەدین بوو. هەر لەگەڵ بەرپابوونی ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991 بەپێی ڕێنماییەکانی ئێزگەی دەنگی کوردستان کە ئەوکات هەموو ڕێنماییەکانمان لێ وەردەگرت، پەیەوەندیم کرد بە لقی 2 پارتی لە هەولێر. دواتر ئاڵوەدی کاری ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی خەبات بووم و لەڕێگای نوسینگەی (خەبات) لە هەولێر – (کاک ئەسعەد عەدۆ) بابەت و هەواڵم بۆ ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئازیز دەنارد (ئەوکات بارەگای ڕۆژنامە لە شەقڵاوە)بوو و ڕۆڵی پەیامنێرێکی خۆبەخشم هەبوو. دواتر لە 1/3/1993 بەفەرمی وەکو کارمەند لە ڕۆژنامەی خەبات دامەزرام و بووم بە ئەندامێکی ئەم ڕۆژنامە خەبات گێڕە. لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا.. واتا (26 ساڵ تەمەن) بە بێ پچڕان و بێ پشوودان و بێ دابڕان لەم ڕۆژنامە نیشتیمانپەروەر و خەباتگێڕەدا ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ دەکەم بەرامبەر میللەتەکەم. ئینجا لەبەر مەزنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی خەبات کە زمانحاڵی پارتییە، بۆیە 26 ساڵە شانازی دەکەم کە ڕۆژنامەنووسم لە ڕۆژنامەی خەبات و هەروەها شانازیش بەوە دەکەم کە 38 ساڵە من ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانم. لەیادی 60 ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات، سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کوردستان دادەنوینم، دەستی ماندووی یەکەیەکەی کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان دەکوشم، هەروەها هەموو ئەوانەی لەم 26 ساڵەدا هەڤاڵ و هاوڕێ و هاوکارمان بوون. هیوای تەمەندرێژی و بەردەوامی بۆ ڕۆژنامەی خەبات و کارمەندەکانی دەخوازم.



ئانتۆلۆژی خەبات لە عەقڵی سیاسیی مستەفا بارزانیدا

خەبات بۆ سووژەی کوردی



4 کۆتایی

شاهۆ حوسێنی/ فرانکفۆرت-ئەڵمانیا

لە هەر چاخ و سەردەمێکدا، ئایدیا و گوتارەکان خوێندنەوە و بۆچوونێکی تایبەتیان لەمەڕ مرۆڤ هەیە، واتە لەخۆگری ڕوانگەیەک لەمەڕ ئانتۆلۆژی مرۆڤەکانن. بێگومان ئەو ڕوانگە و بۆچوونانە لەئاستی سیاسیشدا ڕەنگ دەدەنەوە. لە سیاسەتی مۆدێرندا، واتە لە ناو ئەندێشەی سیاسی چاخی مۆدێرندا مرۆڤ بوونێکی ناوەندی و تەوەرەیی هەیە، بەو هۆکارە کە ئەساس و بنەمای مۆدێرنیتە و کاکڵ و ناوەرۆکی سەرەکی مۆدێرنیتە مرۆڤە، دەشێ بگوترێت کە مۆدێرنیتە چاخێکی مرۆڤ تەوەرە. مۆدێرنیەی سیاسیش وەک ڕەهەندی سیاسی مۆدێرنیتە وڵامی سیاسی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دەداتەوە کە مرۆڤی سیاسی مۆدێرن کێیە و چییە؟

دەرکەوتنی مستەفا بارزانی وەک ڕێبەرێ بزاڤی نەتەوەیی کورد

شۆڕشەکانی کورد لە باشووری کوردستان دژی دەسەڵاتی ناوەندی بەهۆی بێ ئەزموونی، ناکۆکی ناو مالی کورد و ناڕێکوپێکی لەتەنیشت پشتیوانی نیزامی بەربلاوی بریتانیا لە دەسەڵاتی ناوەندی عێراق نەیتوانی دەسکەوتێک بۆ کورد بەرهەمبهێنێت، بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی، ئاکامەکانی کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە کە لە ئاستی جیهانیدا بوو بەهۆی دەرکەوتنی سیستەمی هاوسەنگی هێز و دەسەڵاتی دوو جەمسەری، پەرەسەندنی دەسەڵاتە چەپەکانی نزیک لە سۆڤییەت، قورسایی و نفوزی کوردی لەناوچەکەدا زیاتر کرد.

مستەفا بارزانی هەر لە منداڵییەوە ئاوێتەی خەبات و بەربەرەکانێی کورد دژی داگیرکەرانی کوردستان بوو، گیران، دەرماندراوکردن و خەباتی بەردەوام کەسایەتییەکی کورد و نەتەوەخوازی لەو بەرهەمهێنابوو، کەسایەتییەک کە بەدژبوونێکی دەستکرد و ستراکتۆرالی خواستی عەرەبەکان، لەڕێر تیشکی ئەندیشەکان و پەروەردەکانی شێخ عەبدولسەلام ، بوو بە ئاڵا هەڵگری خەباتی ملکەچ نەگۆڕاوە، ئەوجارەش چاوەڕوانکراو بوو کە دەسەڵاتی مەیلەو کۆمۆنیست بەڕوالەت و ناسیونالیست لە هەناوی کەریم قاسم هیچ مافێکی نەتەوەیی بۆ کورد لەبەر چاو ناگرێت.

بەوشێوەیە نزیکایەتی کورد و عەرەب کە لە دوای شۆڕشی کەریم قاسم دەستی پێکردەوە و کورد هیوادار بوو کە لەڕێگای دیالۆگ و بەشێوەیەکی ئاشتییانە بتوانێ مافەکانی دەستەبەر بکات، بەڵام ئاڕاستەی ڕووداوەکان تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، تا ئەوەیکە دەسەڵاتی کەریم قاسم لە 11ی ئەیلوولی 1961هێرش دەکاتە سەر کوردستان و بەوشێوەیە شۆڕشی ئەیلوول هەڵدەگیرسێت (بارزانی، هەمان، بەرگی سیهەم، .(45 عەبدولسەلام عارەف لە 1963 بەکودەتا دەسەڵات بەدەستەوەدەگرێت، لەگەڵ ئەوەدا کودەتاچییەکان بەڵێنیان دابوو ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بە فەرمی بناسن، بەڵام هەر زوو بەعسی خاوەن دەسەڵات سیمای دزێوی خۆی وەدەرخست و لە ژوئەنی 1963 هێرشی کردە سەر کوردستان (گەوهەری، هەمان، -320 327).ئیتر کودەتای حەسەن ئەلبکەر و بە دەسەڵاتگەیشتنی سەدام حوسێنیش لەگەڵ ئەوەدا کە وەک هەموو ڕێبەرانی پێشووی شۆڕش هەوڵی نزیک بوونەوەی ڕوالەتی لە کورد و ڕێبەری کاریزمای کورد مستەفا بارزانییان دەدا، بەڵام لە هەناو و دەروونیاندا هیچ باوەڕێکیان بە مافی کورد وەک سۆژەیەکی سەربەخۆ و مەجال بۆ دەرکەوتنی کوردێکی مانایی و ڕوالەتی بوونی نەبوو.

خەبات و شەڕ بۆ مستەفا بارزانی هیچ کات ئامانجێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پەرەسەندنی هێژمونی خۆی نەبوو، هەست و ئەندێشەی نەتەوەیی وەها لەهەناو و زەینی مستەفا بارزانیدا پەرەی سەندبوو کە ئەو دەرگای هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێک بۆ گەیاندنی مەبەست و گەیشتن بە مەبەستی ناوەڵا کردبوو، هەر بۆیەش لە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی دووەم و لەکاتێکدا لە شەڕدا دەستی بااڵی هەبوو، لەگەڵ نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەوێتە دانوستان و وتووێژ، لەتەنیشت خواستەکانی دیکەی بارزانی لە نوری سەعید، سێ خواستی گرنگ هەبوون کە نیشان دەدات بارزانی ئامانجی پاشەکشە بە هێژمونی سووژەی عەرەبی و دەرخستنی سوژەیەکی کوردی ئاگایە، یەکەم: داوای ڕێکخستنی ویلایەتی کوردستان دەکات لە لیواکانی کەرکووک، سلێمانی، هەولێر و قەزا کوردییەکانی موسڵ، دهۆک، ئاکرێ، شێخان، شنگار، زاخۆ، ئامێدی، قەزای خانەقین، مەندەلی دیالە، دووەم: بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی، سێیەم: دیاریکردنی وەزیرێکی کورد وەک بەرپرسی ویلایەتی کوردستان (گەوهەری، هەمان). ئەگەرچی بەداخەوە ئەو خواستانە نەهاتنە دی و شەڕ دەستی پێکردەوە.

مستەفا بارزانی ئەگەرچی لە دەروون و هەناوی عەشیرەتا سەری هەڵدابوو، بەڵام نەتەوەیی بوون لە دەروونیدا چەکەرەی کردبوو، هەر بۆیەش لە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی دووەم لە سەرەتای دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەم، هەوڵی دامەزراندن و بنیاتنانی فۆرم وپێکهاتەیەکی نوێ و مۆدێرنی سیاسی دەدات بە دوو ئامانج: یەکەم ئەوەیکە شۆڕشی کوردی گشتگیرتر و بەربلاوتر بکاتەوە واتە کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی بباتە قۆاڵیی کۆمەڵگا، دووەم بتوانێ دژی دەسەڵاتی نوێ و مۆدێرنی بوونێکی سەربەخۆ کە پێویست بوو ڕێز لە بوون و مافەکانی بگیرێت، بەڵام دەسەڵاتی ناوەندی عێراق هیچ کات دانیپێدانەنابوو، مستەفا بارزانی بەو قەناعەتە دەگەیەنێت کە پێویستە شۆڕشی شۆڕش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەیەک کە لە ئەندێشەی بنیاتنانی فۆرمێکی زەینی، مانایی و ڕوالەتی جیاواز لە وەی دیکەی عەرەب بوو، تەنیا تایبەت بە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی لە عێراق نەبوو، لەپاش کودەتای 14ی ژوئیەی 1958ی عەبدولکەریم قاسم دژی دەسەڵاتی پاشایەتی، مستەفا بارزانی بەناوی گەلی کوردەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی عێراق لە عەبدولکەریم قاسم دژی ئەمپریالیست (کە دیارە مەبەستی بەریتانیایە کە دژی کورد هەموو جۆرە یارمەتییەکی حکوومەتی پاشایەتی دەکرد) دەکات و شۆڕشی گەلی کورد گرێدەداتەوە بە گەلی عێراق(گەوهەری، هەمان، (205 دیارە مەبەستی بارزانی ئەوە بوو کە ئەو ڕاستییە بە گوێ عەبدولکەریم قاسم بگەیەنێت کە دەسەڵاتی شۆڕش پێویستە بەیەک چاو، چاو لە مافی گەلانی عێراق بکات بەبێ هەڵاواردن و پێویستە دەسەڵاتێکی گەلی و نیشتمانی کە ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگای عێراقە بە کورد و عەرەبەوە بێت، هەر ئەو دەسەڵاتە گەلییەش ئەو وڵاتە بەڕێوە بەرێت. دیارە ڕووداوەکانی دوایی سەلماندی کە هیچ شتێک لە عەقلییەتی پاوانخوازانەی عەرەب وەک ئەویتری کورد و هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانی ئەویتریکی عێراق، کارامەتر و پڕزەتیڤتر بێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە یەکەم هەنگاودا لیژنەی ئازادی بە هاوکاری ئەفسەرانی لێزانی کورد و خوێندەوارانی کورد دادەمەزرێنێت و لەپاش ئەوەیکە ڕوو لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان دەکات لە ساڵی 1946پارتی دیمۆکراتی کوردستان دادەمەزرێنێت (گەوهەری، هەمان).

ئانتۆلۆژی خەبات لە عەقڵی سیاسی مستەفا بارزانیدا

هەر کۆمەڵگایەک بەر لەوەیکە فۆرماسیۆنێکی ڕوالەتی بێت، فۆرماسۆنێکی مەعریفی، ڕوانگەیی و بەو پێیەش کلتووریییە، بە جۆرێ کە هزر و مەعریفەکان بەرهەمهێنی ڕوانگەی تاک و کۆمەڵگایە و ڕوانگەکانیش دەبنە کلتووری کۆمەڵگاکان و لەسەر ئەساسی ئەو فۆرماسیۆنە زەینی و دەروونیانەی تاک و کۆمەڵگا، کاریزماکان سەرتر لە تاکێک وەک ڕوالەت و پێکهاتەیەکی جێگای متمانەی لەخۆگری کۆگشتییەکی تایبەتمەندی دەردەکەون. ئەگەرچی سەرەتا ئەوە تاکەکانن کە لەسەر ئەساس و بنچینەی فۆرمی زەینی و دەروونییان بەرهەمهێنی فۆرمە ڕوالەتییەکانن، بەڵام لەدرێژەدا جۆرێک پێوەندی دیالکتیکی لەنێوان کۆرگیر (مرۆڤ) و ساختەکان(فۆرمە ڕوالەتییەکان) دێتە ئاراوە، واتە ئەگەر فۆرمە زەینی و دەروونییەکانی مرۆڤ بەرهەمهێنی فۆرمە ڕوالەتییەکان و ساختە عەینییەکانن، هاوکاتیش فۆرمە ڕوالەتییەکان (ساختەکان) ئاڵوگۆڕێ بەسەر فۆرمی زەینی و دەروونی مرۆڤدا دێنێت بەجۆرێ کە کاریزماکان وەک کۆرگیر (agent) بێگومان لەپێوەندییەکی نزیک لەگەڵ پێکهاتەکان (structure)دا دەردەکەون. باوەڕمەندان بە ئازادی، شۆڕش و مرۆڤی خۆبنیاتنەر و ڕەها واتە باوەڕمەندان بە سۆبژەبوونی مرۆڤەکان، لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەور و ڕۆڵی تاک و مرۆڤ لە کۆمەڵگا و میژوودا دەور و ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگە.

مستەفا بارزانی وەک کاریزمایەک کە سەرەتا وەک بوونێک لەژێر کارتێکەری ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا و دەرەوەی کۆمەڵگایە، لەدرێژەدا دەبێتە پێشەنگی فۆرمێکی زەینی و ڕوالەتی لە کوردایەتی و کوردبوون و بۆ دەستەبەرکردنی ئەو فۆرمەش لە بوون، خەبات و تێکۆشان هەڵدەبژێرێت، دیارە لە ناو جەغزی دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازی بوونێکی بێگانەدا کە هەوڵی تواندنەوە و موستەحیلکردنی ئەو فۆرمە دڵخوازەی مستەفا بارزانی دەدا، خەبات و تێکۆشان تاکە بەستێن و مەیدانە. بۆیەش خەبات لە عەقڵی سیاسیی مستەفا بارزانیدا کۆشش و هەوڵێکە بۆ بنیاتنان و بەرهەمهێنانی خودێکی کوردانەی سەربەخۆ و خۆبنیاتنەر لەدەرەوەی شوونەوە و ئینتیمای ئەویتری هێرشکەر و داگیرکەر، مستەفا بارزانی لە خەباتی بەربلاوی خۆیدا بەردەوام هەم پێداگری لەسەر خاک واتە جوغرافیایەکی کوردانە وەک بەستێنێکی خۆمالی و گونجاو بۆ بەدیهێنانی سۆبژەیەکی کوردانە دەکات و هەمیش پێداگری لەسەر خوێندن بەزمانی کوردی دەکات.

بە حوکمی ئەوەیکە زمان وەک فۆرم و بەستێنێک، لەخۆگری تایبەتمەندی سروشتی و مەکۆیی مرۆڤەکانە و بەوپێیەش گونجاوترین بەستێن و تاکە بەستێنی گونجاوە کە هزر و ئەندێشەی خۆمالی تێدا بەرهەمبێت، بەستێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەندێشە و ئەساسی ئەو سۆبژە سەربەخۆیەشدا، نەتەوە وەک سۆبژەیەکی گشتگیر و لەپاشان دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بنیات بنرێت. بۆیە دەشێ بگوترێت کە خەبات لە عەقڵی سیاسیی مستەفا بارزانیدا کەرەسەیەک بوو بۆ بەرهەمهێنان و بنیاتنانی سووژەیەکی کوردی، تاکێکی سوربەخۆ کە ئەویتر نیە. دیارە ئەو سووژەیە لە درێژەدا هەم دەتوانێ نەتەوە بەرهەمبێنێت هەمیش دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کوردانە.



ئێمە چەند بە ڕێزو ستایشەوە یادی ئەو تێکۆشەرانە دەکەینەوە کە خەباتیان دامەزراند، بەهەمان گەورەیی و سوپاس و پێزانینەوە یادی ئەو هەموو ستافانە دەکەینەوە کە نەیانهێشتووە دەنگی گەلی کورد بوەستێ

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 50 ساڵەی خەبات)

ڕێبازی پیرۆزی بارزانی سەرچاوەی کوردایەتییە

ڕاژان عەبدولڕەحمان پیرۆ

بنەماڵەی شکۆداری بارزانی بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو تێکۆشەرن بەدرێژایی زیاتر لە سەدەیەک لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا بوونە و قوربانییەکی یەکجار زۆریشیان داوە لەپێناو ڕزگارکردنی کوردو خاکی پیرۆزی کوردستان. واتە پاراستنی کەرامەت و شکۆی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد و وەک کولەگەی ڕاگرتنی باشووری کوردستانن، ئەمە لەلایەک لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە وەک سەرچاوەی کوردایەتین، چونکە ڕوڵی ئەوان تەنها لە باشوور قەتیس نەبووەو نابێت، بەڵکو لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا لەسەر ئاستی هەر چوار بەشەکەی کوردستان مەزنترین ڕوڵیان بینیوە بۆ بەدیهێنانی مافەڕەواکانی نەتەوەی کورد بە گشتی. دڵسوزی بنەماڵەی بارزانی بۆ دۆزی نەتەوەی کوردو سەرکردایەتیکردنی دۆزەکەمان لەلایەن ئەم بنەماڵەوە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ مانەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان، بەجۆرێک ئەگەر ئەم بنەماڵە کوردپەروەرە نەبووایە ئەمڕۆ شتێک نەمابوو بەناوی کورد یان کوردستان و شتێکیش دروست نەدەبوو وەک هەرێمی کوردستانی ئێستامان. بۆیە هەروەک چۆن زۆرێک لەو بنەماڵە شاهانەی کە بوونەتە ڕەمزی پیرۆزی گەلانی خۆیان، بۆ نەتەوەی کورد و کوردستانیش بنەماڵەی بارزانی ڕەمزی بەرگری و بەرخودان و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر و ستەمکارانی ناوچەکەن، واتە ڕەمزی پیرۆزی کوردو کوردستانن. بۆیە بوون و مانەوەی بنەماڵەی بارزانی وەک مەرجەعیەتی سیاسی کوردستان زەرورەتێکی میژوویییە، چونکە زیاتر لە سەدەیەکە خانەوادەی شکومەندی بارزانی سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانیان کردووەو دەکەن، هەتاکو ئەمڕۆ و لە هەر کام بەشەی کوردستان دەرفەت ڕەخسا بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج، بنەمەڵەی بارزانی لەوێدا ئامادەبوونە و خەبات و تێکۆشانیان کردووە لەپێناو ڕزگاری و ئازادی کوردستاندا، لای ئەم بنەماڵەیە هیچ جیاوازیەک نەبووە و نییە لە نێوان باشوور و باکوور و ڕۆژهەاڵت و ڕۆژئاوای کوردستان. بۆیە بنەماڵەی بارزانی ڕەمزی نەتەوایەتی کوردن و ناوچەی سەربەرزی بارزانیش دەڤەرێکە نزیکەی سەدو پەنجا ساڵ دەبێت کە هیچ دەوڵەتێکی داگیرکەر نەیتوانیوە تیایدا ئیستراحەت بکات، بەڵکو هەمیشە ڕووبەڕووی بەرگریەکی توندی ئەم دەڤەرە بوونەتەوە شکستیان خواردووە. خانەوادەی بارزانی بە درێژایی قوناغەکان بۆ کوردو کوردستان ژیاون و لەم پێناوەدا خۆیان تەرخان کردووە بە مەبەستی سەرخستنی دۆزی نەتەوەیەک کە سەدان ساڵە زوڵم و ستەمی دەرحەق دەکرێت و مافە ڕەواکانی زەوت دەکرێن و هەتاکو زوڵم زورداری لە هەمبەر کوردو کوردستان بەردوام بێت ئەم بنەماڵەیە بەردەوام ئامادەبووە و ئامادە دەبێت بو بەرگریکردن لە کوردو پاراستنی ناسنامە نەتەوەیەکەی، نمونەش زۆرن و ئاشکران بۆیە پێویست بە باسکردنیان ناکات. کەواتە مانەوەی بنەماڵە بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و دەرەوەدا پێویستیەکی حەتمیە، چونکە دۆزی نەتەوایەتی کوردو ئەم بنەماڵە شۆڕشگێرە تەواوکەری یەکدین و هەرگیز لە یەکتر جیا ناکرێنەوە.

وون بوون

ناسنامەی پۆلیسی نەوت و گاز بەناوی حامد عبدالعزیز محمل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٣٥٥٢٩ بەرواری ٢٠١٥/٩/٦ بەبڕی ٥٠٠٠٠ بەناوی مەرد هیمداد انور وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦٩٢٢ بەرواری ٢٠١٨/٤/١٩ بەبڕی ٤٣٠٠٠٠ بەناوی رمضان عزیز حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

ناسنامەی پەیانگانی تەکنلوجیای هەولێر بەشی کارەبا بەناوی رێبەند رحمان حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

ناسنامەی پەیانگانی تەکنەلوجی هەولێر بەشی کارەبا بەناوی سارە فاروق انور وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

دادگای باری کەسی عەنکاوە

ژمارە: ٣١٧ / ش / ٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ زینە عبدالرحمن قوربانی شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (یونس مردان حسین) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٣١٧ / ش / ٢٠١٩) تێدا داوای کەمکردنەوەی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کۆماری بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ناماوەبوونت لەرۆژی دادبینی رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٠ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشمل ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:٦٥٣ش/٢٠١٩/٣

رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٣١

جاڕدان

بۆ داوالێکراو (قیان ازاد فتاح)، شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (کامران ناصح حبیب) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٦٥٣ش/٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (استرداد الحضانة) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- شاری ایطالی ٢) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٢) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ١٦١/ب/٢٠١٩/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ڤیورل کومانجی) (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (کاسکۆ) سەرەرای کارەکەی)

داواکار (محمد ابراهیم خلیل بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای نور خاس) بۆ بازرگانی گشتی سنوردار/ سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە ١٦١/ب/٢٠١٩ لەسەرتان تۆمار کردووە و تیایدا داوا دەکات بە گەراندنەوەی بری ($٤٦٠,٩٥٧) چوار سەد و شەست هەزار و نۆ سەد و پەنجا و حەوت دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە دیناری عیراقی (٥٥,٣١٤,٨٤٠) پەنجاو پێنج ملیۆن و سێ سەدو چواردە هەزارو هەشت سەدو چل دیناری وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگاری هەولێر/ قائیمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێر/ گوندی ئەمریکی) لە ٢٠١٩/٢/٢٨ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ناماوەبوونت لەرۆژی دادبینی رێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٣ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ٣٣١٦/ ب/٣/ ٢٠١٨

رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (نقیب مصطفی احمد بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای شەهیان سەرەرای کارەکەی) داواکار (چۆمان کریم غفور بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای چۆمان کریم غفور سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە ٣٣١٦/ ب/٣/ ٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (نقیب مصطفی احمد بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای شەهیان سەرەرای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (١٥٩ گولان) لە ٢٠١٩/١/٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی پێراگەیاندنی وە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی (٢٠١٩/٤/٢١) کات (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشمل ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی عەنکاوە

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٤٤

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣

ئاگاداری

بۆ/ رمزی فرنسی یوسف عبدوك

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە نامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (عبدالاحد بطرس دنحا) کە بڕی (٥٩٦٧٠٠٠) پێنج ملیون و نۆسەدو شەست و حەوت هەزار دینار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داو/ هیوا هادی نادر

***

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر

ژمارەی داوا: ٢٥١/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١

جاردان

بۆ داوالێکراو/ ازهر عبدالرحمن ابراهیم شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای بەختیاری سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە (٢٥١/ب/٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (٢٤٠٠٠٠) دوو سەدو چل هەزار دینار) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (ئازادی) بۆیە دادگا بڕیاریدا کەپێت رابگەیەنێ لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ناماوەبوونی خۆت یان بڕیارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/٤/٢٨) کاتژمێر ٩:٠٠ سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشمل و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم موڵکانەی لە خوارەوە خراونەتە ڕوو بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای (٣٢) سالی ١٩٨٦ هەموار کراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی سالی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکان سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی زیادکردنەکە لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری سۆران ئەنجام دەدرێت بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بڕی پارەی خەملێنراو وە گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

١- (گەراج) بە ڕووبەری (٤٠١م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخال) .

٢- (چێشتخانە) بە ڕووبەری (٣٦٣م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخال) .

٣- (گازینۆ و چێشتخانەی فێنك) بە ڕووبەری (٢٠٢م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخال) .

٤- (دووکان) بە ڕووبەری (٣٨م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخاڵ) .

٥- (دووکان و لەسەری موتێل) بە ڕووبەری (٦٤م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخاڵ) .

٦- (گازینۆ و چێشتخانەی سەرچنار) بە ڕووبەری (٥. ٥٢٦) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخاڵ) .

٧- (گازینۆ و چێشتخانەی ئەستێرە) بە ڕووبەری (٩٥٤م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخاڵ) .

٨- (دووکان) بە ڕووبەری (٧٠ ٢٢.م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخاڵ) .

٩- (دووکان) بە ڕووبەری (٤٣م٢) لە زەوی ژمارە (٤٥ك٢٦بێخاڵ) .

د.کمال طیب قادر

بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارەی:١٩٧/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٦

جاڕدان

بۆ داوالێکراو (محمد عبدالوهاب عبدالقادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (دعاء محمد جمیل نجم) داوای ژمارە ١٩٧/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە، کەتایدا داوای (پەسندکردنی طلاقی دەرەکی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (هەولێر- گەرەکی شۆرش) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ٢٠١٩/٥/٦ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٥

ژمارە: ٦٤٣ / ب / ٢٠١٨

بەروار: ٢ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار: رەنجدەر غریب قادر

داوالەسەرکراو : تاڤگە احمد محمد (سەرکارەکەی)

ئاکار عمر احمد

لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٨ بڕیارێك دەرچووە لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٥ بە ژمارە ٦٤٣ / ب / ٢٠١٨ بە لابردنی فرەبەشی لە موڵکی ژمارە (٣٥ / ٥٠٠ ك ١ مەڵکەندی دەباشان) بە فرۆشتن و دابەشکردنی نرخەکەی بەسەر هەردوولا هەربەك بە پێی بەشی دیاری کراو لە وێنەی تۆماری موڵکی ناوبراو و دانانی بەشی داوالەسەرکراو لە صندوقی دادگای تاوانەکانی سلێمانی / ٢ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی بەپێی یاسا و سەرجەم تێچوی داواکە دەکەوێتە ئەستۆی هەردوولا بە ئەرکەکانی پارێزەرێتی بریکاری داواکار بە ڕێژەی ١٠٪ لە بەشی بڕێگرتەکانی بەمەرجێك زیاتر نەبێت لە ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە لەماوەی یاسایی نارەزایی و پێداچوونەوە بگیرێت بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر / د.ماجد رشاد محمد

***

دادگاەبەرایی / زاخو

ژمارە / ١٢٨/ ب/ ٢٠١٩

میزوو / ٢/ ٤/ ٢٠١٩

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو / (عصمت عیسی مصطفی) جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە .

داواکار (خلات محمد علی احمد) بریکاری خو پاریزەر (جوتیار عبدالکریم یوسف) داوا ژمارا (١٢٨/ب/ ٢٠١٩) ل سەرتە تومار کریە وتیدا داخازا کۆرمی (٧٠٠٠) حەفت هزار دولار دکت ژبەر بهایی بویاغا دیواران ، و ژ بەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە ل دیڤ ڕۆنکرنا راگەیەنەرێ بنگەهێ پولیسێن دەلال یاژمارە ١٢٩٤ ل ڕێکەفتی (٢٥ / ٣ / ٢٠١٩) داوالێکراو نەهات ئاگەهدارکرن. و هەڤپێچ دگەل ئیشعارا هەلبژارێ گەرەکا گولان کوتیدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ داوالێکراو د تومارا گەرەکا مەدا هەیە بەلی نوکە ئەم نزانن ئاکنجیی کیڤەیە وجهی ئاکنجیبینا وی نە دیارە)) , وژبەرنەدیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل ڕوژا (٢ /٤/ ٢٠١٩) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامەیێن نافخویی و ڕۆژانە دا پالپشت ب مادێ (٢١) ژیاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی (٧/ ٥/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر (١٠:٠٠) سپێدێ وبەرفڕاژی دادبینی دێ ب شێوێ با شمل ئێتە ئەنجامدان .

دادوەر/ احمد حسن خلف

***

دادگای کاروباری کەسی ئاکرێ

ژمارە/ ١ /مواد شخصیە/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢ /٤/ ٢٠١٩

بۆ/داوالێکراو (رانده فرید مانوئیل)

ب/ ئاگاداری

داواکار (ایاد نبیل جیرالد) داوای ژمارەی سەرەوەی دەرهەق بە تۆ تومارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا دەکات ئەو تەلاهە دەرەکیەی لە نێوان هەردووکتان ئەنجامدراوە لە کەنیسە لە دادگادا پەسند بکرێت ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لە بەردەم دادگاکەمان لە ڕۆژی(٢٠١٩/٤/١٧)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەلدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بریاری پێویست بەپێی یاسا

دادوەر / خالد عثمان یوسف

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ١٩٤٥ / ٢٠١٨

رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٢٧

پێراگەهاندن

بۆ / قەردار (غیاث أبابکر حاجی)

ژبەر نەزانینن نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف مادەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان بە ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەڕن بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێفەبریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەرفڕاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (جبری) بین ژڤان عزیز محمد / ریڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٢٠١٨/١٩٠٥

رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٣

راگەهاندن

بریار هاتە دان بە فروتنا ترۆمبێلا ژمارە (٩٦٠١٠ / دهوك تایبەت) جۆرێ(کیا سیراتو صالون) مۆدێل(٢٠١٢) ڕەنگ(نفطی) نەوا تۆمارکری بناڤێ قەردار (سارکون عودیشو دنخا) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (نازی ابراهیم حسین) بکۆژمێ (١٣٢٦٠٠٠٠) سێزدە ملیون ودوو سەد وشێست هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢ /دوازدەی) نیڤرو ل ڕوژا (١٠ /دەم) پشتی راگەهاندنێ وتەنیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠ ٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٠٥٦٠٠٠٠) دەە ملیون وپێنج سەد وشێست هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە ژڤان عزیز محمد / ریڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگەها بەرایی/ زاخۆ

ژمارە: ٤٥٢/ب/٢٠١٨

میژوو: ٢٠١٩/٣/٢٨

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراوان (چیمن هاشم محمد و جنار هاشم محمد و افین هاشم محمد و شورفان عبدالحکیم علی و علی عبدالحکیم علی و ملت عبدالحکیم علی و گولان عبدالحکیم علی و سنور عبدالحکیم علی و کردستان عبدالحکیم علی) جهێ ئاکنجیبینا وە یا بەرێ زاخۆ- کومەلگەها صلاح الدین جهێ ئاکنجیبینا وە یا نوکە نەدیارە.

ئەم دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠١٩/١/٣١) ل داوا ژمارە (٤٥٢/ب/٢٠١٨) بریاردا ب مولك کرنا خانووبەرێ ژمارە (١٣١٢/٣٢) کەرتێ ٩١ جوار زاخو) عەرد و ئاڤاهی) بناڤێ (ازاد هاشم محمد) و دگەل خەرجی خستنە ئەستو ماندیبوونی پارێزەر بو بریکارا داواکار پارێزەر (خدیجة علی مصطفی) ب کوژمێ (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار و ژبەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا وە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسین زاخو ژمارە ٤٣٧ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٢/٦ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا صلاح الدین کۆ تێدا هاتیە دیارکرن (ناڤێ وان د تومارا تاخی مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخی مە بارکریە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبینا وان نە دیارەو مە پیزانین ل دورنین) دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە بێن نافخویی و ڕۆژانەدا داهین بهێنە ئاگەهدارکرن ب بریارێ و ئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەرنەهێنانەبەر ژ سیند خارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و هەوە مافێ نەرازیبیین و پێداچوونێ هەبە دماوێ یاساییدا و بەروڤاژی بریار دێ پلا بنبرێ وەرگرت..

دادوەر/ احمد حسین خلف

***

سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو

مولکایەتی و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٠١/٢/٢ / ١٥١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣

ئاگەهداری

لدویف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٢٦٩٧ ل ٢٠١٩/٣/٣١) کو ئامارە دایە ب نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانێ ل دهوکێ ژمارە ٨٩٨ ل ٢٠١٩/٣/٣١ سەبارەت گهورینا رەزگەێ پارچە زەڤیا ژمارە (٧٥٢/١) کەرتێ ٩٤ دهشتمر) کو لدویڤ نەخشێ بنەرەتی یێ (زاخو- نیبراهیم خەلیل) دبیتە (کەسکاتی و جادە) و لدویڤ نەخشێ روهنکری یێ ژمارە (٤١٣أ) ڕەگەزێ وێ دبیتە (خزمەتگوزاری) و مولکیەتا وێ ل سەر ئاڤێ هاولاتیانە و ڕەگەز دووبارە بیتەوە (خزمەت گوزاری) کو لدویڤ نەخشێ رونکری (٤١٣أ) سەرەدەری دگەل دا بهێتە کرن و لدویڤ یاسایا ڕێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهدارییا هەمی هاوولاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیە ڕوژا هەر ژ ڕوژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ ل ڕوژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.

ئەندازیار / بشار منیب محمود

سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ١٩٧/ب/٢٠١٩/٣

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣

بۆ/ رۆژنامەی خەبات بە ژمارە ٥٧١٢ لە ٢٠١٩/٣/١٧

بڵاوکراوەکانتان لە ٢٠١٩/٣/١٧ سەبارەت بە پێراگەیاندن داوالێکراو کە بە (سعید یاسین عبدالله) هاتووە بەڵام لە سکالانامەی داوا ناوی داوالێکراو راستەکەی (سعدیە یاسین عبدالله) بۆ زانین.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (MOUNTAIN GATE) بۆ هێنانی دەستی کار و بەکارخستنیان/سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ بختیار اغوك حمدامین

ناونیشان/ هەولێر- شۆرش

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٨٣١٦٦

هەڵی کار

من (کریم سلیمان حسن) پێویستیمان بە (٢) کەس هەیە بۆ کارکردن جا هەر کەسێك دەیەوێت کاربکات با سەردانی بەرێوەبەرایەتی کاربەشی بەکارخستن بکات کە دەکەوێتە سەر جادەی مخمور پشت مزگەوتی خدر سوارە بەرامبەر بازاری کوران بۆ پەیوەندی بە ژمارە مۆبایلی خوارەوە بکەن..

ناوی پرۆژە/ مزرعە

ژمارەی هەلی کار/ ٢

موچە/ ٤٩٠٠٠٠ ناوی کار/ کرێکار

ڕەگەز/ نێر

ناونیشانی پرۆژە/ ڕێگای مخمور

ژمارەی تەلەفۆن/ ٠٧٥٠٦٤٧٢٠٩١

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٤١٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Partridge) بۆ (بارزگانی گشتی و بازرگانی پێداویستی کەل و پەلی یەدەکی راو و وەرزشی/سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢٤٢٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (CYBER WARD) بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری IT/سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٣٧٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (MOUNTAIN GATE) بۆ هێنانی دەستی کار و بەکارخستنیان/ سنووردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بختیار اغوك حمدامین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٣٥٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (URARTU) بۆ (گەشت و گوزار/سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەوەکالەت


فۆتۆ: کوردۆ ئەنوەر

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان- ڕۆژنامەی خەبات

یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی

خەبات

XEBAT

ئێمە چەند بە ڕێزو ستایشەوە یادی ئەو تێکۆشەرانە دەکەینەوە کە خەباتیان دامەزراند، بەهەمان گەورەیی و سوپاس و پێزانینەوە یادی ئەو هەموو ستافانە دەکەینەوە کە نەیانهێشتووە دەنگی گەلی کورد بوەستێ

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 50 ساڵەی خەبات)

لە یادی 60 ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات

ڕۆژنامەی خەبات هەمیشە بەدیدگایەکی جیاواز و ڕوانگایەکی کراوەدا لە مەیدانی خەباتدا بووە

خەبات: تریفە ئازاد

لە 4ی نیسانی ساڵی 1959 لە ڕۆژێکی گرینگ و پێویست ڕۆژنامەی خەبات یەکەم ژمارەی دەرچوو بە ئاشکرا و کەوتە بەردەستی خوێنەران و لەو کاتەوە بەردەوام بوو لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی کوردایەتی ڕۆژنامەی خەبات هەر بەردەوام بووە و لەسەردەمی شۆڕشیش لە شاخ ئەو ڕۆژنامەیە بەردەوام بووە و دەرچووە. ڕۆژنامەی خەبات لە 26ی کانونی دووەمی ساڵی 1953 لە کۆنگرەی سێ یەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە شاری کەرکوک بەسترا لە یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سێ ئەوەبوو کە ڕۆژنامەی خەبات جێگای ڕۆژنامەی (ڕزگاری)ی بگرێتەوەو ببێتە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات لەو ساڵەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات بۆتە پردێک بۆ گەیاندنی داواکارییەکانی خەڵک بە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەردوامیشە لە خزمەت کردوە وەک چۆن لە دروشمەکەی هاتووە تا ژیان بەردەوام بێت خەبات بەردەوامە و 60 ساڵە ڕۆژنامەی خەبات بەردەوامە لە خزمەت گەیاندن بە خوێنەرانی لە گشت بوارە جیاجیاکان.


سەفین کاویس

خەبات دەرگایەکە بۆ پێشاندانی سەرجەم توانەکان لە سەرەتا دا سەفین کاویس بەربرسی ناوەندی بالای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵیادی ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لەژێردروشمی تا ژیان بەردەوام بێت خەباتیش بەردەوامە ئەمە دروشمێکی جوان و پر مانایە، کە ڕۆژنامەی خەبات کاری لەسەر دەکات، لە ساڵیادی ڕۆژنامەی خەبات جوانترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ستافی ڕۆژنامەی خەبات و خوێنەرانی خەبات لە سەرجەم شارو شارۆچەکانی کوردستان دەکەم، خەبات هەمێشە بەدیدگایەکی جیاوازو ڕوانگایەکی کراوەدا لە مەیدانی خەباتدا بووە، کاری ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژانە هەوڵی گەرما و گەرم دەخاتە بەردیدی خوێنەرانی لەبوارە جیا جیاکانی ژیان، هەمێشە و بەردەوام هەوڵی داوە بۆ ئەوەی زۆرترین و پر خوێنەرترین ڕۆژنامە بێت لە کوردستان بە بابەتە هەستیارو گرینگەکانی ڕۆژ، ڕاستە خەبات گرینگی دەدا بەهەموو بوارەکان، (سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەرزش و هونەر... هتد)، ئەمە جێگای دەست وشیە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، بەحکومی ئەوەی من لە بواری لاوان کاردەکەم، هەر ڕووداوو ئەگەرێکی نەخوازراو لە بەردەم ئیش وکارەکانیان هەمیشە شەوو نوخون و دڵسۆزانە کاروپیشەی ڕۆژنامەگەری خۆیان ئەنجامداوە دەکرێت لێرەوە ڕێزلە ڕۆژنامەی خەبات بگرم چونکە هەمیشە ڕاست گۆیانە و پیشەگەرانە ڕۆژانە مامەڵەی کردووە لە هەواڵ و شرۆڤەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرزشیش لە ڕۆژنامە قەشنگ و جوانە کەیان بەدی دەکەم پێشنیار دەکەم هەمیشە بەم شێوەیە خزمەت بەکۆمەڵگاو تاک بەتاکی ئەم نیشتیمانە جوانە و ڕەنگینەوە بکەن و هەمیشەببێتە ئۆرگانێک بۆ گەیاندنی هەواڵی ڕاستی دروستی دووبارە سڵ ڕۆژت بیرۆز بێت هەمیشە خامەتان ڕەنگین بێت و دەست قەڵەمتان خۆش بێت.

خەبات خاڵێکی وەچەرخانی ڕۆژنامەگەری کوردی و بووە پیربال یاسین قوتابی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلاحالدین لە 60مین ساڵیادی ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پیرۆزبێت سڵ ڕۆژی دامەزراندنی ڕۆژنامەی دایک ڕۆژنامەی خەبات خاڵێکی وەچەرخانی ڕۆژنامەگەری کوردی و بووە پێشەنگی کاری پیشەیی خەبات وەک پێشمەرگە ئاسایەک لە شۆڕشی شاخەوە بەردەوام بووە سەردەڕای کۆسپ و تەگەرەکانی کە ڕۆژێمی بەعسی ئەو کاتە خستوویە بەردەمی خوێنەران و دوایی چەندین جار داخستنی لەهەوڵ دابوو بەیەکجاری نەیهێڵێت بەڵام ئیرادەی پۆڵاینی خەباتی پێشمەرگە و نووسەرانی هێشتا خەبات زیندووە و لە بەردەوام بوونە هەرچەندە خەبات ئۆرگانێکە سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانە بەڵام لەڕووی ئیتیکیەوە هەمەڕەنگ کاری کردووە توانیویەتی لەپاڵ کاری سیاسی خزمەت بە هونەر و وەرزش و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بکان لەخەبات چەندین کەڵە نووسەر و ڕۆژنامەنووس پێگەیشتوون و ڕەشنووسیان لەو ڕۆژنامە هەبووە منیش یەکێکم لەو نووسەرانەی کە خەباتم بەشیاو زانیوە و بە فەخرەوە خەباتم کردۆتە دەرگایەک بۆ نووسینەکانم ئاراستەی خوێنەران کردووە پیرۆزبێت لە خەبات و لەو خەباتگێڕە نووسەرانەی تا ئێستا خەباتیان بەرز ڕاگرتووە و هیوادارم پیشەیی خۆیی لەدەست نەدات و بەردەوام بێت و کاری جوانتر پێشکەکەش بکات.

وەک پردێک بووە لە نێوان خەڵک و حکومەت هیرا میرانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ساڵیادی ڕۆژنامەی


پیربال یاسین

پیشمەرگە پیرۆز دەکەم لە ستاف و سەرنووسەر و هەڤاڵانی بە شانازیەوە ماوەیک وەک پەیامنێر لەو ڕۆژنامە کارم کردووە ئەوەی گرنگە باس بکرێت ئەوەیە خەبات هەمیشە پێشەنگ بووە لە پرسە نەتەوەیەکان هەمیشە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە هەروەها کاتێک کوردستان و نیشتیمان تووشی هەر گەلەکۆمەکی و داگیر کردن هاتبێت خەبات هەم شان بە شانی پێشمەرگە هەواڵی سەرکەوتنی گەیاندووە هەم مسداقیەتی هەواڵی جیاواز بووە لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان. ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە خەبات ناوەکەی لە خۆی دیت بەردەوامی هەیە و هیچ کۆسپ و تەگەرەیک نەیتوانی لەو بەردەوامییەی سڵ کاتەوە و پێوەستینی خەبات هەمیشە توانیویەتی دەنگی جەماوەر و ڕەخنەکانیان بگەینێ بە حکومەت و ببێتە پردێک لە نێوان هاوڵاتی و حکومەت و چارەسەر بێت بۆ کێشەکان. دووبارە پیرۆزە ئەم یادە مەزنە هیوادارم لە داهاتوو زیاتر بتوانێت خزمەتی زیاتر بکات بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا.

کاریگەری ڕۆژنامەی خەبات لە شۆڕشە یەک بە دوای یەکەکانی وڵاتەکەمان بەرز دەنرخێنرێت ئەویش بەو ڕاسپاردە و بڕیارانەی کەوا ئەوکات لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە پێیان ڕادەسپێردرا بەو پەری دڵسۆزی و ئەمەکداریەوە جێبەجێیان دەکرد و بەردەوام کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر تاکی کۆمەڵگا لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاک و گرینگی دان بەلایەنە گرینگەکانی ژیان، لەگەڵ هێرشەکانی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەی خەبات ڕۆڵی هەرە باڵای بینی لە گواستنەوەی ئەو ڕووداوو کارەساتانەی بەسەر خەڵک و ناوچەکە داهاتن وە پێشمەرگە ئاسا سەرکەوتن و داستەنەکانی پێشمەرگەی بۆ خوێنەرانی دەگواستەوە، گەورەترین شانازیش کەبەبەر ئەم ڕۆژنامەیە کەوت لە ماوەی تەمەنی خۆیدا پاڵپشتی بەهێز و کاریگەری بوو بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ کە دەورێکی باڵای بینی لەسەر ئاراستەکردنی تاک بە تاکی کۆمەڵگا بۆ پشتگیری کردن لە سەربەخۆیی و دەنگدان بە ریفراندۆم و لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ شدا خەبات وەک پیشەیی هەمیشەیی توانی ڕووی ڕاستەقینەی خیانەتکارانی وڵاتەکەمان بۆ خوێنەرانی خۆی بەشێوازێکی ڕاستگۆیانە بگوازێتەوە و ئەو نەهامەتی و مەرگەساتە گەورەی بەسەر گەلەکەمان داهات تۆماری بکات بیکاتە ئەرشیفێک بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووشمان ببینن کەئەمانەبوونە خیانەتکار و ڕووڕەشانی نشتیمان کە خەون و تێکۆشانی سەدەها ساڵەی گەلێکیان لەناوبرد، تەمەنا دەکەم نەوە لەدوایی نەوە بەم ڕۆژنامە تێکۆشەرەی نشتیمان شادبن و خەباتیش لە ڕێڕەوی کاروانی نەپساوەی خەباتی ڕۆژنامەگەری خۆی بەردەوامبێت.

هەمیشە ڕاستگۆیانە و پیشەگەرانە مامەڵەی کردووە مەریوان جەلال لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ساڵ ڕۆژی ڕۆژنامەی خەبات


مەریوان جەلال

هەرشکاوە بێت ڕۆژنامەی خەبات پڕاو پڕلە جوانی خەبات و تێکۆشان قوربانیدانی ڕۆژنامەی خەبات لەپاڵ شۆڕشە یەک لە دوایەکەکانی کوردی ستەم دیدەهەمیشە لە سەنگەری بەرخودان و تێکۆشاندا پێشەنگی هەموو ڕاستی و دروستی لە خەبات بەرخودان و دەنگ و ڕەنگی چەندەها ساڵەی کورد لە سەر لاپەڕە ڕەنگین وجوانەکەی گەیاندۆتە بەر دیدی هەموو خوێنەرێکی ئازیزی دەکرێت لێرەوە سوپاسی دەستەو ستافی دامەزرێنەروهەموو ئەم کارمەندە مەزنانە بکەم کە هەمیشە وەکو پێشمەرگەیەکی گیان فیدا بێ سڵکردنەوە بۆ


محمد فرحان شێرۆانی

تاکو ئێستا ڕۆژنامەیەکی کوردستانی و پارتیزانی و خۆمالی بووە و بەردەوام دەنگ و ڕەنگی خەڵکی کوردستان بووە، ڕۆڵ و تری بەخشی بەردەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی و توانی دەست بەخەباتی ئاشکرای خۆی بکات، هاتنە کایەوەیی ڕۆژنامەی خەبات لەو کات و سەردەمەی ئەوکات تایبەتمەندیەکی ئێگجار گرینگی هەبوو چونکە لەوسادا هیچ ڕۆژنامەیەکی کوردی نەبوو کە بەشێوەیەکی وا ئاشکرایانە لە کوردستان و عێراقدا کاری ڕۆژنامەگەری خۆی بکات و تەواوی بابەتەکانی خۆی بگرێ لە شۆڕش و بزافی ڕزگاری خوازیەکانی گەلی کورد و کوردستان و پشتگیری تەواو لە پێشمەرگە و خاک و نشتیمانەکەی بکات بۆیە دەتوانین بڵێین خەبات لەسەرەتای هاتنەکایەوەی

٦٠ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی بێ ووچان محمد فرحان شێرۆانی بەربرسی لقی دەوربەری هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە یادی 60 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی گوتی: بەبۆنەی ٦٠ ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و یەکەبەیەکەی کارمەندانی ئەم ڕۆژنامە تێکۆشەرە دەکەم. خەباتی خەباتگێڕانی ڕۆژنامەی خەبات ٦٠ ساڵە بەبێ ووچان بەردەوامی هەیە و پێشمەرگە ئاسا لە سەنگەری خەباتی ڕۆژنامەگەری کوردی دان ڕۆژنامەگەری لە مێژووی گەلی کورد و کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە بەڵام دامەزراندنی ڕۆژنامەی خەبات لە ٤ی نیسانی 1959 تایبەت مەندیەکی

خەبات.. ئاوێنەیەک کە رەوەندی کوردی خۆیانی تێدا دەبینن



ساسان دەرویش - هۆڵەندا

خەبات وەک تاکە ڕۆژنامەی کوردی بە هەموو شێوەیەک ڕەچاوی بەرپرسیاریێتیی نووسین و ئەخلاقی پیشەیی خۆی کردووە و هەمیشە ئەو گوتارە سەنگین و ڕاستگۆیەی خۆی پاراستووە کە پێی ناسراوە، تەنانەت لەکاتی دۆخی ئاڵۆزی سیاسیشدا، خەبات هەردەم ڕاستگۆیانە و بەوپەڕی سەنگینییەوە پەیام و هەواڵ و زانیاریەکانی گەیاندووە.

لەلایەکی دیکەشەوە خەبات پردی پەیوەندی نێوان کوردستان و تاراوگە بووە، بەوەی بەردەوام هەواڵ و چالاکییەکانی کوردانی تاراوگەی گواستووەتەوە، ئەمەش لە تاراوگە بە بایەخێکی زۆرەوە سەیری دەکرێت، بە تایبەتی لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا لە ڕێگەی نووسینگەی خەبات لە هۆڵەندا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا خەبات توانیوێتی ئەو پردی پەیوەندییە بێت چ وەکو کەسێتی خۆم و عاشق بوون بەخەبات کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991و دەرچوونەوەی لەو قۆناغە و دەستبەکاربوونم لە نووسینگەی خەبات و برایەتی لە سلێمانی و بەردەوام بوونم تا ساڵی 1996چوونم بۆ هۆڵەندا لەو خۆشەویستیەم بۆ خەبات نەبچڕام و بەسەر ئاستەنگەکانی ئەو ڕۆژگارانەشدا تێپەڕیم بەهەوڵوتوانایی کەسێتی خۆم وپەرەم بەکارەکانم ئەدا هەتاکو بوونی کاک سەڵام عەبدوڵا بە سەرنووسەر لە 6/5/2012 و بەفەرمی ناساندنی نووسینگەی خەبات لە تاراوگەو ئەورووپا بەردەوام بووین وێڕای گەیاندنی کار و چالاکیەکان وگەیاندنی پەیامی کوردستانیان بە خەبات کە لەنێوبشیاندا ئاهەنگی وەبیرهێنانەوەمان سازکردووە و خەبات لە تاراوگە بەرز ڕاگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێنانی شاندی نووسەرانی خەبات بۆ هۆڵەنداو ڕێکخستنی کۆرسی ڕۆژنامەوانی بۆیان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هۆڵەندا لەگەڵ ڕێکخستنی بەسەرکردنەوەی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانی هۆڵەندا بۆ سەلام عەبدوڵلای سەرنووسەر کە خۆی لە خۆیدا بە کۆیان سەلماندنی دروشمە پیرۆزەکەی خەباتە لە بەردەوامی...

ئەمڕۆ ڕۆژنامەی خەبات بە داگیرساندنی مۆمی 60 ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی، یادی شەست ساڵەی خۆی دەکاتەوە لەژێر دروشمی "تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە" کە کۆنترین ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژنامەیە و ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، خەبات ڕاستگۆیانە بە وشە و پەیامی سیاسی و نەتەوەیی خەباتی کردووە و بەردەوامیش دەبێت. ئیدی خەبات و ئاوێتەکردنی کاروچالاکییەکانی کوردستانیانی تاراوگە بۆ ڕووپەڕی لاپەڕەکانی خەبات وەک پردێک لە نێوان نیشتمان و کوردستانییانی تاراوگە وەک تاقە نووسینگەی تاراوگە و هۆڵەندا، ڕووماڵی سەرجەم کار و چالاکییەکانی هۆڵەندا بەگشتی و بەتایبەتی ئەورووپام کردووە و بەردەوامم تا بە ئەمڕۆ دەگات، چونکە خەبات هەڵگری پەیامێکی پیرۆزی نەتەوەیی و سەنگ و قورسایی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەوەشە وایکردووە زۆرترین کوردانی تاراوگە ڕۆژنامەی خەبات بە پردی پەیوەندی خۆیان بزانن و بەردەوام پێش هەر کەسێک ڕۆژنامەیەک خەبات لە چالاکییەکانی کوردانی تاراوگە ئاگادار دەکرێتەوە، بەهۆی ئەوەی پەیامە نەتەوەییەکەی خۆی پاراستووە و خەبات خەباتی هەموو کوردێک بووە، بۆیە بەمەش خەبات قۆناغێکی نوێی بەخۆوە بینی لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی شاخ و شار لە دوای ڕاپەڕین، ئەوەی سەڵماند کە تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەومە و لە نێو خەمی هاوواڵتیان دایە و سنوورەکان لەبەردەمیدا وااڵیە بۆ چوونە نێو ماڵە سارد و سڕەکانی کێشوەرێکی بەستەڵەک، بە دیاری بردنی وشەی شیرینی کوردی و بیری جوان و گەیاندنی پەیام و بیروڕا جیاوازەکان کە لە خزمەتکردنی هۆشیاری نەتەوەییماندا بێت.

ئێستا ئێمە یادی شەست ساڵەی خەبات دەکەینەوە، یادی ئەو ڕۆژنامە سەنگینەی کە دەبێ هەر کوردێک شانازی پێوە بکات بەهۆی پەیامە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی کە بە گشتی لە خزمەتی دۆزی کورد دایە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا کە بە پاڵپشتیی هاوکار و هەڤاڵانم لە نووسینگەی سەرەکی خەبات لە هەولێر، بەندە لە هۆڵەندا و ئەورووپا ئەو شانازییە بەرکەوتووە کە وەک پێشمەرگەیەک بە قەڵەم بتوانم نووسینگەی ئەورووپا بەڕێوەبەم، ئەگەرچی هیچ بارەگایەکی نەبووە، بەڵام پەیامە نەتەوەییەکەی خەبات وایکردووە سڵ نەکەمەوە، ماندوو نەبم، سارد نەبمەوە لە گواستنەوەی زۆرترین چالاکی و بۆنە کوردییەکان لە تاراوگە، لە کاتێکدا کەناڵ و ڕۆژنامەی پارەداری زۆر لە کوردستان هەن و لە ئەورووپاش پەیامنێریان هەیە، بە پێچەوانەی ئەوان، خەبات بەو پاڵپشتییە داراییە سنووردارەی توانیویەتی زۆرترین چالاکی و زانیاری بگوازێتەوە و ببێتە پردی پەیوەندی نێوان کوردستان و ئەورووپا لە ڕێگەی نووسینگەی هۆڵەندا کە بەندە ئەو شانازییەی بەرکەوتووە سەرپەرشتی بکەم لە پێناو پتەوکردنی ئەو پردی پەیوەندییەی هەرێمی کوردستان و تاراوگە.

لێرەوە و لەم یادە پیرۆزەدا بە پێویستی دەزانم پێشنیار یکەم کە بایەخێکی زیاتر بە کار و چالاکییەکانی خەبات لە تاراوگە بدرێت، چونکە خەبات ئومێد و ئاوێنەیەکە تاراوگەییەکان خۆیانی تێدا دەبینەوە و بەوپێیەی ڕۆژانە لە ڕێگەی مالپەڕی خەباتەوە ڕۆژنامەی خەبات لە هەمان ڕۆژی دەرچوونی دادەبەزێت و ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ زیاتر پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە.

یادی 60ساڵەی خەبات پیرۆز و لێرەوە دەڵێینەوە تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە. ئێمەش هەمیشە وەک پێشمەرگەیەک خەبات دەکەین لە پێناو بەردەوامی خەبات و کاری باشتر بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمان.

بۆ ڕۆژنامەی خەبات



نەورەس ڕەشید

خەبات ناوێکی دیرۆکیە، چەمکێکی سیاسی وشۆرشگێرییەمانایەکی مرۆیی و میژوویی ،پەیوەست بەکاروچالاکی سیاسی وبەژیانی حزبایەتی وپێشمەرگایەتی،کوردو خەبات، خەبات وکورد دووانەیەکی لێک دانەبراوون، خەبات بەرهەمی فیکرو هوشیارییە ، خەبات وفیکر بەرهەم دێنێ، خەبات بەشێکە لەسروشتی مرۆڤ وژیانی بەهەمو ڕەهەندەکانییەوە، خەبات قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵ بەرەو هەڵکشان دەبات، گۆڕانکاری بەرهەم دێنێ، خەبات هێمایە بۆ ژایان کەمایەی شانازییە ،پێناسەیە بۆ ئەوانەی بەشداری دەکەن، بەخەباتکەر ناودەبرێن، خەبات تێروانین وبەرنامەو ئامانجی ستراتیژی لەخۆ گرتووە ،بەسێک لەخەبات هوشیاری کۆمەڵایەتیە، ڕۆشنبیری گشتی وسیاسیە، ئێمە شانازین کەئۆرگانی پارتیمان خەباتە ،ڕۆژنامەیەکی هاوسەنگ بەبیری نەتەوەیی ونیشتمانی هەواڵی ڕۆژانەو زانیاری وروودا ،وەکئمان بۆتۆمار دەکات ودەیخاتە بەردەستی هەموان، خەبات خامەیەکی کوردانەیە، سەکۆیەکی ڕۆشنبیرانەیە خەبات خۆی بەرهەمی خەباتی کوردایەتیە، دیاری ڕێبازی بارزانی وقوتابخانەی پارتایەتیە، بیری نەتەوەییمان بۆ دەهۆێتەوە.

یادی شەست وچوار ساڵی ئەو ئۆرگانەی پارتیمان پیرۆزە دەستی یەکە بەیەکەی لە سەرنووسەروو هاوکارانی دەکەم، شانازم بەوەیکەنووسەرێکی هەمیشەیی ئەو ئۆرگانەی پارتیمانم شەکاوەبێ ئالای خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

«خەبات» پێشەنگە لە خزمەتی هونەر و هونەرمەندانی کوردستان





ئاشتی گەرمیانی

لەم ڕۆژو ساڵ و یادە پیرۆزەدا کە خەبات پێشەنگ بووە بۆ خزمەتی ناساندنی کەلتوورو هونەرو ئەدەبیاتی کوردی ، من وەکو هونەرمەندێکی شێوەکاری لەساڵی ١٩٩١ لە ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی ڕۆژنامەی هونەری و دیزاینەری و مۆنتیف و دیمایینەی چالاکم گێڕا وەکو هونەرمەندان مامۆستا دارا محمد عەلی و سەیران سەلاح ، بێگومان لەگەڵ هونەرمەندی خۆشنووس زادە و هەڤاڵانی تری ستافی ڕۆژنامەی خەبات ، کە هەفتانە لاپەڕەک بۆ ئەو هونەرە پیرۆزە بڵاو دەکرایەوە بێجگە لە کاری هونەری و بابەتی هونەری کورت و ڕەخنەی هونەری لە دوا لاپەڕەی برایەتی ، زۆر کاری گرنگمان ئەنجام دا ، چونکە لەگەڵ هونەرمەندانی کورد دەستەیەکمان هەبوو وەکو ڕەخنەگرانی هونەری شێوەکاری مامۆستا ئیسماعیل خەیات و دارا محمد عەلی و تاریق کارێزی و سەردار سەنجاوی .. هەتا دوایی . لەساڵی ١٩٩٣ کاتێک چووم بۆ سوریا مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی نامەیەکی پێ دام بۆ گواستەوەی بابەت و دیمانە لە سوریاوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات ، من لە عەفرین وە لەساڵی ١٩٩٣ وە ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ بابەتی گرنگی کەلتووری و هونەریم دەنارد بۆ برایەتی و خەبات ، وێستگەیەکی تری کارەکانم ئەوکات کە لە قامیشلووەوە پتر لە ١٠٠٠ دانە ڕۆژنامەی خەبات بە عەرەبی دەهات و لە ٢٢٦ گوندی عەفرین دابەشم دەکرد ، دواتر لەساڵانی ١٩٩٦ وە چوومە وڵاتی هۆڵەندا دابڕام لە قوتابخانە مەزنەکەم کە خەباتە ، بەڵام هەر زوو هاوڕێ یەکی ئەمەکدارم کاک ساسان دەڕوێشم دۆزیەوە و دەستمان کردەوە بەکاری ڕۆژنامەگەری وە ڕۆژنامەی پەیامی کورد کەلە بۆن دەردەچوو بارددەوامیمان دا بە خەبات و دواتر و تا ئێستاش هەر بەردەوامین لەو خەباتەی کەلە خەباتەوە فێری زۆر کاری ڕۆژنامەگەری و مرۆڤایەتی پیشەیی بووین .

بەرهەمی پێشمەرگەکانی ڕێبازی بارزانییە



سەفەر یوسف میرخان ژلاوکی

بە بۆنەی 60ەمین ساڵیادی ڕۆژنامەی خەبات پیرۆزبایی لە خۆم و هەڤاڵانم لە ستافی ڕۆژنامەی خەبات و خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان دەکەم، ڕۆژنامەی خەبات لە 4/4/1959کە ڕۆژێکی میژوویی بووە بۆ خەباتی گەلی کورد، ڕۆژنامەی خەبات وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەو حزبە پڕ سەروەریە توانی ڕۆژنامەییەکی زمانحاڵی وا دروست بکات کە بتوانێت ڕاستییەکان و دروستییەکانی کوردستان بڵاو بکاتەوە.

ڕاستە ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە ئەو پارتەی کە خاوەن میژوویەکی پڕسەروەری و ڕێبازی ڕاستەقینەی بارزانیی نەمرە ، ڕۆژنامەی خەبات تاکە ڕۆژنامەیە کە هەمیشە ڕووداو و هەواڵەکانی بەڕاستی و دروستی بڵاو دەکاتەوە، ڕۆژنامەی خەبات چ لە خەباتی شاخ و چ لە قۆناغی شارستانی دەورێکی ئەساسی هەبووە بۆ ئەمڕۆی کوردستان و هەمیشە واقیعی ڕووداوەکان باس دەکات و پەیامی ڕۆژنامی خەبات کە تا ژیان بەردەوام بێ خەبات بەردەوامە ، من بەش بە حاڵی خۆم کە ماوەی 12ساڵ زیاتردەبێت کە لەم ڕۆژنامە ئازیزە خزمەت دەکەم و لە لاپەڕەی کاروباری کوردستان کە گوزارشت لە میژوو و داستانەکانی خەباتی کوردستان دەکات و شەرەفی گەورەیە بۆ من کە توانیم لە ئەو ماوەیەدا کە ڕۆژانی کە تیێدا بە سەر کردنەوەی ژیان و خەباتی هەڤاڵانی بارزانیی نەمر و پێشمەرگەکە قارەمانەکانی کوردستان و خانەوادەی شەهیدان و بریندارەکانی داستانەکان و شاهیدحاڵەکانی ڕووداوەکان بەسەربکەمەوە و کاتێک کە بە ناوی ڕۆژنامەی خەبات سەردانیان دەکەم ئەوان و پێشمەرگەکان و خانەوادەی شەهیدان زۆر بە خۆشحاڵیەوە سوپاسی ڕۆژنامەکەمان دەکەن و دەڵێن ئێوە هەموو جار ئێمە زیندوو دەکەنەوە و تەنها ڕۆژنامەیەکی کە لە وەزعی ژیانی ئەوان دەپرسن، چونکە ڕۆژنامەی خەبات بەرهەمی هەموو پێشمەرگەکانی قارەمانی و ڕێبازی بارزانیی نەمر و خوێنی شەهیدانە کە ئەمڕۆیان بۆ ئێمە بەدەست هێنا.

ڕۆژنامەی خەبات بۆ ئەمڕۆ و هەتا هەتا بوویتە گەورەترین ئەرشیف کە بوویتە سەرچاوەیەکی ڕاست ودروست کە سوودێکی زۆر وەردەگرن لە هەموو لایەکەوە، من تەنها لە یادی ڕۆژنامەی خەبات دەڵێم ڕۆژنامەنووسەانی کوردستان زیاتر ڕاستی بڵێن، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووس یان ئەو نووسەر یان پەیامنێرە سەردەکەوێت کە کارەکانی و ڕێپورتاژ و هەواڵەکان و هەر شتی دی کە لە بواری ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست زانییاریەکان بڵاو بکاتەوە، نەک بە نادروستی بڵاو بکاتەوە کە دژی گەلەکەی بێت.

من ڕۆژنامەی خەبات بە قوتابخانەی خۆم دەزانم بۆ ڕاگەیاندنی کارەکانی ڕۆژانەم . لە یادی 60ساڵەی ڕۆژنامەی خەبات پیرۆزبایی لە سەرۆک مسعود بارزانیی دەکەم و هەموو هەڤاڵان و ئەندامان و کادیرەکانی پارتیمان و جەماوەری کوردستان و لە یادی ڕۆژنامی خەبات و بە ئاشکرا دەرچوونی هەزاران سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان و سەروەریان بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەردەم لە یاد.

خۆشەویستی «خەبات» وای کرد ئەمە بکەم!

شێوەکار ئەحمەد رەمەزان:

«خەبات» مانّی هەمووانە بە بێ جیاوازی خزمەتی هونەرمەندان و شێوەکاران دەکات



ساسان دەروێش:

ئەحمەدی شێوەکار و خۆشنووس، بەبۆنەی 60 ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی خەبات تابلۆیەکی نەخێشندراوی بەدەست وپەنجەی خۆی کردە دیاری، ئەولاوە ڕوح سووکە کەلەلایەن سەلام عەبدوللا سەنووسەری خەبات و دڵشاد مستەفا وەسانی بەڕێوەبەری نووسین پێشوازی لێکرا.

لەمیانی بەخشینی دیارییەکەی بەخەباتی گوتی: خەبات مانّی هەمووانە بەبێ جیاوازی خزمەتی هونەرمەندان وشێوکاران دەکات و هانی لاوان دەدات و پشتگیریان دەکات لەڕێگای ئەنجامدانی دیمانە و بلاوکردنەوەی چالاکییەکانیان، بۆیە بەئەرکی سەرشانم زانیوەو بەشانازییەوە ئەم کارەم بۆخەبات کردوە ،خەبات شایستەی لەوە زیاترە، خەبات خاوەنی میژوویەکی پرشنگدارە لەناوڕۆژنامەگەری کوردیدا.

25ساڵ تەمەنی ڕۆژنامەنووسیم

لە کوانووی 60 ساڵ تەمەنی پڕشکۆی (ڕۆژنامەی خەبات) دا



حەمە ئەحمەد جاف

خەبات وەک (ڕۆژنامەی دایک) و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی و زمانحاڵ و ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوکات قەڵەم و ئایدیاو هزرو توحفەیەکی دانەبڕاوی فکری و ڕۆشنبیری و سیاسی و هۆشیاریی نەتەوەیی ، سەردەمی شارو شاخ بووە و هەمیشەو بەردەوام ، پشکێکی زێڕینی لە بزاقی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبووەولە قۆناغە یەک لە دوا یەکەکانی میژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ، خودان هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆی بووە و لە ئاستی دەنگی هەڵوێستی پاک و زەبرو زەنگی خامەی بوێرو بە بڕشتی نووسەران و ڕووناکبیرانی گەلی کوردستاندا بووە ..

ئەوسالّیش (خەبات) لە ڕۆژی 4 /4دا مۆمی 60 ساڵەی تەمەنی پڕشکۆی دادەگیرسێنێ، بۆیە بە بۆنەی شەست ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی (خەبات) وێڕای پیرۆزباییمان بۆ بەڕێزان سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین و سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی هاوکارم ، لەو یادە پیرۆزە ڕێز دەگرین و دەڵێین :

دەخوازین (خەبات) تا ژیان بەردەوام بێت ، لە خەبات و تێکۆشانی فکری و میدیایی خۆی بەردەوام بێت و بەو ئومێدەی خواستی هەڵوێستبەرزی قەڵەمی خاوێنی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ، بگەیەنێتە شوێنی مەبەست و بەو ڕێگایەشدا بگوزەرێ کە شێکارو شڕۆڤەی سیاسی هەواڵ و ڕووداوەکان بگەیەنێتە شەقام و خوێنەرانی ئازیز و هاوکات هەواڵ و ڕووداوەکان وەک خۆی لە ڕووپەڕی دڵێدا بنووسێتەوەو بابەتیانە خوێندنەوەیان بۆ بکات.

بۆیە من وەک نووسەرو ڕۆژنامەنوسێکی دێرینی ئەو ڕۆژنامەیە ، کە ((25 ساڵە بێ پسانەوە کار لەو ڕۆژنامەیە دەکەم و ئێستاشی لەگەڵ بێت بەردەوامم تێبیدا، جوانترین چەپکە نێرگزی بەهاری نوێی پیرۆزباییم لە خۆمان و تێکڕای ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و میدیاکارانی کوردستان دەکەین و سلاوو درووديش بۆ هەموو ئەو قەڵەم خاوێن و جوانانەش دەنێرین کەلە ماوەی ئەو شەست ساڵەدا ، لەو مینەرە پیرۆزەوە کاریان کردووەو لە ڕێگای نووسینەکانیانەوە (خەبات) یان گەیاندۆتە ئەوڕۆی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو..

نەمری و سەربەرزی بۆ قەڵەمە شەهید و کۆچکردووەکان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو..



کاری وێنەگری زۆر زەحمەت بوو

وێنەگری خەبات ئازاد لەشکری:

وێنە هەیە لەدەیان ڕاپۆرت گرنگترە

لە سالاّنی نەوەدەکان کارەکانمان بەکامێرای مانیۆیل بوو واتە فیلم بوو کاتێک بۆ هەر بابەتێکی هەواڵی یان ڕیپۆرتاژ دەڕۆیشتین و وێنەکانم دەگرت دەبوایە برۆمە تاقیگەکانی نێو بازار فلیمەکە بشورێتەوە ئینجا بکرێتە وێنەی پۆست کارت و بیهێنمەوە ڕۆژنامە بۆ ئەوەی لەگەڵ بابەتەکە بۆ بەیانی دابەزێ ئەو کارانەش نیو ڕۆژی دەویست تاکو وێنەکان وەرگرمەوە ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو لە کاری ڕۆژنامەوانی ئەوکات. ئێستاکارەکان ئاسنترن، دەمەوێت ئەوە بڵێم وێنە هەیە لەدەیان ڕاپۆرت و بەدوا داچوون گرنگترە ،وێنە بەئەرشیف کردنی میژوی هەموونەتەوەیەکە ، وێنە ئەوزمانەی کە هەموو گەلانی جیهان لێی تێ دەگەن.



سولحیە عەلی ئاغا

کۆنترین کارمەندی «خەبات» تا ئێستاش بەردەوامە

سولحیە عەلی ئاغا کۆنترین کارمەندی ڕۆژنامەی خەباتەو لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ ڕۆژنامەکە بووە، کاتێک هاتۆتە خەبات تەمەنی 20 ساڵان بووە، ماوەی 26 ساڵە لە ڕۆژنامە کار دەکات.. لەسەرەتادا وەک کارمەندی بەشی ئیدارە کاری کردووە، لە ئێستاشدا بەرپرسی بەشی ڕێکلام و ئاگادارییەکانە. هاوسەرگیری کردووەو خاوەن دوو منداڵە، لە یادی خەبات دەڵێت: دڵخۆشم کە تا ئێستا بەبێ پچڕان لە خەبات بەردەوامم، تا ژیان بەردەوام بێت، منیش لە خەبات بەردەوام دەبم..

60
یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
XEBAT

ئەرکی ئێوەو هەموو ڕاگەیاندنەکانە بەرپەرچی ئەو هەوڵە نەزۆکانە بدەنەوە کە کار لەسەر بێ ئیرادەکردن و شکاندنی بڕوابەخۆبوونی تاکی کورد دەکەن

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 58 ساڵەی خەبات)

خەبات
XEBAT

قوتابخانە گەورە فەرامۆشکراوەکە!



بەرهەم شێخ عزەدین

خەبات کۆنترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی، یان (ڕۆژنامەی دایک) ئەمڕۆ کە مۆمی تەمەنی 60ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی دادەگیرسێنێ، جێی خۆیەتی تیشک بخەینە سەر ڕەوشی ئێستای ئەو قوتابخانە گەورەیەی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی، کە دەڵێن قوتابخانە ئەوە قسەی ئێمە نییە، بەڵکو کەڵە نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و ئەو کەسانەی کە لە بواری ڕۆژنامەگەری سەریان سپی کردووە وا دەڵێن، خۆ ئەوانیش هەر لەخۆوە ئەوە نابێژن و لایان ڕوونەو بینیویانە، کە زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی کە ئێستا لە بواری ڕۆژنامەگەری کار دەکەن لە قوتابخانەی خەبات فێری ئەلف و بێی نووسین و کاری ڕۆژنامەوانی بوون، ئەم قوتابخانەیە تاکو ئێستا بەو گەورەییە ماوەو بەردەوامە، وەلێ جێی خۆیەتی باسێک لەوە بکەم ئەو گەورەییەی خەبات چۆن ماوەتەوە و ئێستا چی دەگوزەرێت؟ گەیشتنی خەبات بە ئەمڕۆ شەونخونی و لە خۆبردوویی ئەو دڵسۆزانەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان کردووە و کاردەکەن، کوردەواری دەڵێت: زۆر گوتن قورئان خۆشە، بۆیە زیاتر لە ڕابردوو نادوێم و باسی ئێستای خەبات دەکەم، کە ئێستا ئێمەو مانان لە خەبات وەکو یەک خێزان بە یەکدەست کار دەکەین و دریژە پێدەری ڕێبازی دڵسۆزانی پێشووی خۆمانین ، ماوەی پێنج ساڵە زۆر ناخۆشی هاتۆتە ڕێمان بەهۆی قەیرانی دارایی! هەر چەندە ئەوەش نەبۆتە هۆی ساردبوونەوە و خوا نەخواستە لادان لە خەتی کارکردن و دڵسۆزی کارمەندان و هاوکارانمان لە پشتیوانی کردنمان بۆ زیاتر بەردەو پێشچوونی (خەبات) جگە لە خۆمان، کە خێزانی خەباتین و ئەرکی سەرشانمانە چیمانکردووە، ژمارەیەکی بەرچاو لەنووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و خوێنەر پشتیوانی بەهێزی ئەم خێزانەی خەبات بوون.

شتێکی دیکە بۆ ئێمە بۆتە مایەی نیگەرانی کەمبوونەوەی تیراژی خەباتە، کە لێرەوە بە حەقی خۆمانی دەزانین داوا بکەین تیراژی خەبات ئەوەندە بێت لە ئاست گەورەیی ناوی خەباتدا بێت، وەحەقیش نییە ئەم قوتابخانە گەورەیە ئەوەندە فەرامۆش بکرێت، چونکە خوێنەرو هاونیشتیمانیان لەهەر کوێ بن شانازی بەخەباتەوە دەکەن و دەیانەوێت قوتابخانەی خەبات هەردەم بەردەو پێش بڕوات و بەردەوام بێت.

بۆیە جێی خۆیەتی لە یادی 60ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی بڵێین: خەبات حەقی خۆی پێنادرێت و پەراوێز خراوە و پێویستە لە ئاست گەورەیی خۆیدا بایەخی پێبدرێت.

یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
خەبات لە کات و ساتێک لەدایکبوو کە دۆزی کورد پێویستی بە ڕۆژنامەیەک هەبوو بەرگری لە داوای ڕەوا زمانی شیرینی کوردی بکات

گرنگترینیان ریال و بەرشلۆنەن، 10 یانەی زەبەلاح لەهەوڵی ڕاوکردنی یاریزانێکی تەمەن 15 ساڵەن



دوای ئەو ئاستە بەرزەی لە خولی نەمسا و لە ریزی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتوانی نەمسا، چەندین یانەی زەبەلاح لە نیویاندا هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریال مەدرید دەیانەوێ بە خزمەتەکانی ئەو یاریزانە تازەپێگەیشتووە بگەن، کە پێیان وایە لە چەند ساڵی داهاتوودا دەبێتە یەکێک لەیاریزانە باشەکانی جیهان.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی لەهەریەک لەوڵاتەکانی ئیسپانیا و ئینگلتەرا و تورکیا ئاشکرایان کرد کە 10یانەی زەبەلاح هەوڵ دەدەن یوسف ئایدەمیری تەمەن 15ساڵ و یاریزانی یانەی ڕاپید ڤیێنای نەمساوی ببەنە ریزەکانیانەوە، لەسەرووی هەمووانەوە هەردوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا بەرشلۆنە و ریال مەدرید. یوسف ئایدەمیر دوای دەرکەوتنی بەئاستێکی بەرز لە خولی تازەپێگەیشتووان و ریزی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتوانی نەمسا، ڕاستەوخۆ یانەی ڕاپید ڤیێنا بردیە ریزی یەکەمی یانەکەی، لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی (THE SUN)ی ئینگلیزی ئاشکرای کرد کە هەردوو یانەی مان یونایتد و مان سیتی ئەوانیش کەوتوونەتە جولە بۆ ڕازیکردنی ئەو یارزانە تازەپێگەیشتووە بۆ ریزەکانیان.

بەوپێیەی کە یوسف ئایدەمیر بەرەچەلەک تورکە، یەکێتی تۆپی پێی تورکیا دەیەوەی بەهەر نرخێک بێت ئەو یاریزانە ڕازی بکات و ڕەچەلەکی خۆی بۆ بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا بۆ ریزی هەڵبژاردەکانی تورکیا سوودی لێوەرگرن.




کچە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی مەکدۆنی لەدیدارێکی خەباتدا

بۆجانا بیاتۆڤیچ: شانازی دەکەم کە ماوەی 11 ساڵە لە ریزی هەڵبژاردەی کچانی مەکدۆنیام

دیمانە: هاوار مورتکەیی

بۆجانا بیاتۆڤیچ Bojana Bej-atovic کچەشەترەنجزانی وڵاتی مەکدۆنیا کە ئێستا خاوەنی ڕێتنگی (2021)ی پۆڵینی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، و 7جار توانیویەتی ببێتە پالەوانی لاوانی وڵاتەکەی لەسەر ئاستی کچان، 11ساڵە بەبەردەوامی لە ریزی هەڵبژاردەی کچانی مەکدۆنیا یاری دەکات، ناوی بۆجانا (Bojana)یە بەزمانی مەکدۆنی مانای جەنگاوەر دەگەیەنێت، واتە ئافەرێتێکی ئازا، ئەو ئافرەتە ئازایە لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزش ئاماژە بە دەسکەوت و سەرنجی خۆی لە بارەی شەترەنجەوە دەدات.



هیچ شتێک بەراوردی شەترەنج ناکرێت

سەرەتا بۆجانا کە قوتابی ماجستێرە لە کاروباری داراییە لە زانکۆی سکۆپی مەکدۆنی گوتی: کاتێک بچووک بووم تەمەنم تەنها 4ساڵ بوو دەستم بەیاری شەترەنج کرد، ئەویش باوکم دەستی گرتم بۆ ئەو یارییە ئەگەرچی خۆی یاریزانی باسکە بوو بەڵام پیی باش بوو من ببمە شەترەنجزان، لەتەمەنی 9ساڵی منی بردە یانەیەکی شەترەنج لە لە شاری سکۆپی، ئێستاش ئەگەر دووبارە داوام لێبکەنەوە چ یارییەک هەڵدەبژێری ئەوا دووبارە شەترەنج هەڵدەبژێرمەوە، لەبەر ناتوانم شەترەنج بەهیچ یارییەکی دیکە بەراورد بکەم، چونکە شەترەنج یارمەتیدەری ژیانە لەڕووی چالاککردنی میشک و بڕیاردان لەکاتی گونجاو، شەترەنج کاری ڕۆژانەی مرۆڤ ڕێکدەخات، بەڵە بڕیاردان یارمەتیت دەدات ببر بکەیەوە.

بەشداری و داتاکان

بۆجانا بیاتۆڤیچی تەمەن 24ساڵ زیاتر گوتی: دوای تەنها لە 3مانگ لە مەشق و ڕاهێنان کە لە مانگی فیبریوەری 2004بوو بەشداری یەکەمین پالەوانێتی شەترەنجم کرد کە تایبەت بوو بە لاوان، کە پالەوانیتییەک بوو بۆ گەیشتن بە پالەوانێتی لاوانی ئەورووپا، بەڵام نەمتوانی سەرکەوم، کە ئەوکات لە خوار 12ساڵی یاریم دەکرد، بەڵام بەردەوام بووم لەیاری و ڕاهێنان و پێگەیاندنی خۆم، خۆشبەختانە 7جار توانیم ببمە پالەوانی لاوانی مەکدۆنیا بۆ کچان لە ئاستەکانی 10? 12? 14? 16? 18ساڵی، هەروەها لەئاستی کوڕانیش لەخوار 18ساڵی توانیم پلەی دووەم لەسەر مەکدۆنیا بەدەست بهێنم، لە ساڵی 2007توانیم ببمە یەکەمی پالەوانێتی میۆریک بۆ خوار 14ساڵ کە لە نەمسا بەڕێوەچوو، لەسەر ئاستی لاوان دەسکەوتم زۆر بوو وە شانازیان پێوەدەکەم، کە دیارترینیان لە پالەوانێتی سلۆڤینیا ساڵی 2009کە 9خاڵم لە 9 ڕاوند بەدەستهێنا، واتە بەدەستهێنانی پلەی 100%و پلەی یەکەم بۆ کچانی خوار 15ساڵ، لە پالەوانێتی شەترەنجی ئەوروپای ساڵی 2006لە هێرسک لە ئاستی خوار 12ساڵیدا بەشداریم کردو پلەی هەشتەمم بەدەستهێنا، لە ئۆلۆمپیادی 2010لە کۆی 8خاڵ توانیم 5خاڵ بەدەستبهێنم.

خەونەکەی نەهاتۆتەدی

دواتر ئەو کچە شەترەنجزانە مەکدۆنیە گوتی: لە ساڵی 2008وە تا ئێستا لە ریزی هەڵبژاردەی کچانی مەکدۆنیا یاریی دەکەم، بەڵام هێشتا خەونەکەم نەهاتۆتەدی، من بەتەنها خۆم نەداوتە شەترەنج و لەپاڵ ئەو یارییە خوێندنەکەم تەواو دەکەم، دەمەوێ هەموو لایەنەکانی ژیانم هاوسەنگییەکی بۆ دروست بکەم و سەرکەوتوو بم، لەپاڵ خوێندن و شەترەنج، دەستی نوسینیشم هەبوو، کورتە چیرۆکم دەنوسی، تا ساڵی 2013بەردەوام بووم، من دەمەوێ ئەزموون لە هەموو کایەکانی ژیان وەرگرم ئەویش تەنها بۆ خۆپێگەیاندنم، دەمەوێ بەواتای وشە ڕەنگدانەوەی ناوەکەی خۆم هەبێت، ناوم (Bojana)یە واتە جەنگاوەری ئازا، هەروەها گوتی: شەترەنج بەلای منەوە زۆر شت دەگەیەنێت، ئارەزوومە، ژیانمە، پێم وایە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو شەترەنجە دەبێتە هەموو شتێک، تەنانەت سەرچاوەی بژێوی ژیان، لەگەڵ شەترەنج تیکەڵاو بووم و زۆر شتی گرنگی پێ بەخشیوم، لەهەموویان گرنگتر خۆشەویستی خەڵک و ناسینی کلتوری گەلان، لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی پشتیوانی باوکم بکەم هەروەها ڕاهینەرەکەم کە منیان گەیاندە ئەو ئاستەی ئێستا.

ئارسنالّ ژمارەیەکی 20 ساڵی ڕابردووی دووبارەکردەوە



مالپەڕی خولی ئینگلیزی نایاب، لە لاپەڕەی فەرمی خۆی (تویتەر) ئامارێکی یانەی ئارسنالی لەدوای سەرکەوتنیان بەسەر یانەی نیوکاسڵ یونایتد بڵاوکردەوە. تۆپچییەکان توانیان بە ئەنجامی 2گۆڵی خاوێن لە یانەی ماکبایس لەسەر یاریگای ئیمارات سەرکەوتن تۆمار بکەن، لەچوارچێوەی گەڕی 32ی پریمەرلیگ. گۆڵی گانەرز لەڕێگای هەردوو یاریزان ئارۆن ڕەمزی و ئەلیکساندەر لاگازیت تۆمارکران. ئامارەکەش بریتییە لە سەرکەوتن لە10یاری لەدوای یەک لەسەر یاریگای خۆی تۆمار بکات، کە ئەمەش جاری یەکەمە لەدوای 20ساڵ. بەم سەرکەوتنەی یانەی باکووری لەندەن توانی بگەڕێتەوە پلەی سێیەمی خولی ڕیزبەندی ئینگتلەرا، بە 64خاڵ، کە سودی لە شکستی یانەی تۆتنهام وەرگرت لەیاری ڕابردووی بەرامبەر یانەی لیڤەرپوولی پێشەنگ لەسەر یاریگای ئانفیڵد. تیپەکەی ڕاهێنەر ئۆنای ئیمیری لەئێستاوە خۆی بۆ یاریی داهاتوویان بەرامبەر ئیڤرتۆن لەسەر یاریگای گۆدیسۆن پارک ئامادە دەکات. پاشان یاریان لەخولی یۆرۆ لیگ بەرامبەرناپۆلی کە لە 11ی ئەم مانگە بەڕێوە دەچێت.

بەبەشداری زیاتر لە 90 قوتابخانە

ئەمڕۆ دەیەمین فستیڤاڵی وەرزشی گۆڕەپان و مەیدانی دەشتی هەولێر بەڕێوەدەچێت



لەژێر دروشمی کوردستانێکی بەهێز، ئەمڕۆ بەبەشداری زیاتر لە 90قوتابخانە، بەشی چالاکی وەرزشی دیدەوانی پەروەردەی دەشتی هەولێر دەیەمین فیستیڤاڵی وەرزشی گۆڕەپان و مەیدان بۆ قوتابخانە بنەڕەتیی و ئامادەییەکانی کچان و کوڕان بەڕێوەدەبات.

مامۆستا سدیق گەڵالی بەڕێوەبەری بەشی چالاکی وەرزشی دیدەوانی پەروەردەی دەشتی هەولێر لەبارەی ئەم فیستیڤاڵە وەرزشییەی قوتابخانەکاندا گوتی: بەهۆی ئەوبارودۆخەی قەیران بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات لەئاکامی رووبەرووبوونەوەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، بۆ چەند ساڵێک نەتوانرا ئەو فیستیڤاڵە لەکات و ساتەکانی خۆیدا بەڕێوەبچێت، خۆشبەختانە ئەمساڵ ئەو دەرفەتە ڕەخسا کە بتوانین فیستیڤاڵەکە بەڕێوەببەین کە بڕیارە ئەمڕۆ لە دەشتی هەولێر بەبەشداری زیاتر لە 90قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی کچان و کوڕان کە زیاتر لە 3هەزار وەرزشوانی قوتابی بەچالاکی جۆراوجۆر لە پاڵاوتنەکاندا بەشداریان کردبوو.

بەڕێوەبەری بەشی چالاکی وەرزشی دیدەوانی دەشتی هەولێر زیاتر گوتی: مامۆستایانی وەرزشی و پەروەردەیی و پسپۆری وەرزشی هاوکار دەبن لە بەڕێوەچوونی ئەو فیستیڤاڵە، وە لێردەدا بەپێویستی دەزانین کە وەزارەتی پەروەردە زیاتر گرنگی بە چالاکی وەرزشی قوتابخانەکاندا بکات، بەتایبەتیش لە پێدانی پێداویستی و جل و بەرگی وەرزشی.



میگان هەرایەک بۆ گۆڵچی ئیقەرتۆن دەنێتەوە



سزایەکی گەورە چاوەڕوانی جۆردان پیکفۆردی گۆڵچی یانەی ئیقەرتون و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەکات دوای ئەوەی هەرایەکی لە یەکێک لە یانەکانی شەوانەی شاری سەندرلاند نایەوە.

ڕاپۆرتەکانی ئینگلتەرا بڵاویان کردەوە کە میگان دایڤسۆنی دەسگیرانی جۆردان پیکفۆرد لەدوای ئەو سکالایەوەیە کە بەرزکراوەتەوە، ئەویش دوای ئەوەی گۆڵچی ئیقەرتۆن لەگەڵ چەند کەسێک لەبەردەم یانەکەی شەوانە دەبێتە دەمەقالیان و تەنانەت لەیەکتریش دەدەن، کاتێک ئەوانەی لەو دەروبەرەن گۆڵچیەکە دەناسنەوە هاوڕ دەکەن ئەوە پیکفۆردە و دەست بەوێنگرتنی ڕووداوەکە دەکەن، ڕاپۆرتەکان ئاماژەشیان بەوەکرد کە کاتێک کەسێک قسەیەکی ناشرین ئاراستەی میگانی دەسگیرانی دەکات و ئەویش لەبەرامبەردا هێرشی دەکاتە سەر و هەرایەک دەنرێتەوە، دوای ئەمەش خاوەنی یانەکەی شەوانە سکالا لەسەر جۆردان تۆمار دەکات و چاوەڕوان دەکرێت ئەو گۆڵچییە ڕووبەڕووی سزایەکی گەورە ببێتەوە.

تیرۆپشتکی یانە پلە دووەکانی خولی کوردستان دیاریکرا



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

لەبارەگای یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی یەکێتییەکە و هەروەها بەئامادەبوونی دەستەی کارگێڕی یانەکان و ڕاهێنەری یانەکان تیرۆپشکی یانەپلەدووەکانی خولی تۆپی پێی کوردستان ڕاگەیشرا. لەتیرۆپشکەکەدا خشتەی سەرجەم یاریپەکان دیاریکرا کەبەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

یاریپەکانی گروپی یەکەم : شۆرێجە *کەیوان، ڕانیە *چەمچەماڵ، بازیان *سیروانی شارەزوور

یاریپەکانی گەڕی دووەم و هەفتەی یەکەم: زانکۆی جیهان *جیهان، خەبات *شەقلاوە، پیشەسازی *ڕەواندوز.

هەفتەی دووەم: جیهان *خەبات،ڕەواندوز* هەفتەی سێیەم: جیهان *ڕەواندز، خەبات*پیشەسازی، زانکۆی جیهان *شەقلاوە.

هەفتەی چوارەم: پیشەسازی*جیهان،شەقلاوە*ڕەواندوز،خەبات*زانکۆی جیهان.

هەفتەی پێنجەم: جیهان *شەقلاوە،زانکۆی جیهان*پیشەسازی، ڕەواندوز*خەبات.

جێی ئاماژەبۆکردنە خولی یانەپلەدووەکانی کوردستان بەشێوازی خول بەیەک قوناخ بەڕێوەدەچێت،لەهەر کۆمەڵەیەک یەک یانە سەردەکەوێ بۆ ڕێزی یانەپلەیەکانی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو، بڕیارە یاریپەکان لەبەروای 9/4/2019 دەستپێبکات.

مێسی و سیمیۆنی پێشەنگی لیستی زۆرترین کرێیان گرتووە لەجیهان

گۆڤاری فرانس فوبتۆڵی ناودار لە ژمارەی ئەم مانگەی لیستی ئەو یاریزان و ڕاهێنەرانەی بڵاوکردەوە کە زۆرترین کرێیان هەیە لەجیهان. لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پێشنەگی ئەو لیستەی گرتووەو پاشان دیێگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری یانی ئەتلەتیکۆ مەدرید پێشەنگی ئەم لیستەی ڕاهێنەرانی گرتووە. ئەبو تیاگۆ بری 130ملیۆن یۆرۆ لەساڵێک وەردەگرێت، بەکۆی هەموو داهاتەکەی لە موچەو داهاتی ڕێکلامکردن، پاشان کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ئەستێرەی یانەی یۆڤنتۆس دێت بە 113ملیۆن یۆرۆ. ئینجا نیمار دا سێڵفا لەیانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی لەپلەی سێیەم دایە بە 91.5ملیۆن یۆرۆ، یاریزانی فەرەنسی ئەنتوان گریزمان لەئەتلەتیکۆ مەدرید بە 44ملیۆن یۆرۆ لە پلەی پێنجەم دێت، گاریس بێڵ ئەستێرەی ریال مەدرید بە 40.2ملیۆن یۆرۆ لەپلەی شەشەم دایە. سەبارەت بەڕاهێنەرانیش چۆڵۆ لەپلەی دووەم دێت بە 41ملیۆنیۆرۆ و ئینجا ڕاهێنەری پێشووی مان یونایتد گۆزێ مۆرینهۆ بە 31ملیۆن یۆرۆ لەپلەی سێیەم دایەو تێری هێنری لەمۆناکۆ بە 25.5ملیۆن یۆرۆ لە پلەی چوارەم دێت. پیپ گواردیۆلای کاتەلۆنی لە یانەی مان سیتی ئینگلیزی لە پلەی پێنجەم دایە بە 23ملیۆن یۆرۆ. لە ئافرەتانیش کچە یاریزانی یانەی لیۆن ئادا هێبێتر بێرگ بە 400هەزار یۆرۆ پلەی یەکەم دێت.

دهۆک و زاخۆ و قەڵا و ئەکاد لە خولی نایابی باسکەی کوردستاندا براوە بوون

لەمیانی یاریپەکانی خولی نایابی تۆپی باسکەی کوردستان، لەڕۆژانی دووشەمە وسێشەمە چوار یاری گرینگ و بەهێز لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجام دران، لەوانە یانەی قەڵا بووە میوانی یانەی دهربەندیخان ، یاریپەکە لەبەڕۆەوەندی یانەی قەڵا بەئەنجامی 56-65خاڵ کۆتایی هات، بەم ئەنجامە یانەی قەڵا بەسەر پەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا سەردار سالح و بەڕێوەبەری هونەری تیپەکە عەبدولخالق عەبدولقادر یەکەم سەرکەوتنی بەشایستەیی لەدووری یاریگا وهاندەرانی خۆی بەدەستهێنا ، لەلایەکی دیکەوە هەر لەهەمان ڕۆژدا باسکەی زاخۆ پێشوازی لەباسکەی پێشمەرگەی سلێمانی کرد ، یاریپەکە لەبەڕۆەوەندی خاوەن یاریگا کۆتایی هات دوای ئەوەی توانی بەئەنجامی 94-52خاڵ لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی بباتەوە و یەکەم سەرکەوتنی لەسەر دەستی ئەو یانەیە تۆمار کرد.

ئەنجامی یاریپەکانی تر بەمشێوەیە بوو:

دهۆک * 85ئاستۆ 63 خاڵ

ئەکاد *47دبس 70خاڵ

ئا: عیماد قادر



تەمەنێک لە خەبات



هاوار مورتکەیی

ڕەنگە بۆ هەر یەکێکمان چیرۆکێکمان لە کاروانی ژیانماندا هەبێت، چیرۆکێک کە هەمیشە بەشانازییەوە لە بۆنەو یادێکدا بیگێڕینەوە، لەوەی شانازیتر دەبێ چی بێت کە بۆ ماوەی 22ساڵ لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی وەک (خەبات) خزمەتت بە کاری ڕۆژنامەوانی کوردی کردبێت، بۆ من خەونێکی گەورە بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانم شوین قەڵەمی خۆم لە ڕۆژنامەیەک بکەمەوە کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، خەباتێک کە ئەمڕۆ پێدەنێتە 60ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی.

تەمەنم 22ساڵ بوو بۆ یەکەمجار ئەو ڕۆژنامەیەم بەرچاوکەت، کە ئەوکات بارەگاکەی لەسەر 60مەتری بوو ، لەبیرمە بەیانیەک چووم و لەوێ سەردانی بەشی وەرزشم کرد کە مامۆستا سدیقی گچکە لاپەڕەکەی بەڕێوەدەبرد، زۆر بەگەرمی پێشوازی کردم و هانیدام کە هەوالی وەرزشی بۆ بنێرم، لەبیرمە یەکەم بابەت کە بۆیم ئامادەکرد لەسەر زیکۆی یاریزانی بەرازیلی بوو ، بەرلەبڵاوکردنەوەی بابەتەکە مامۆستا سدیق لەهەڵەکان ئاگاداری کردمەوە و چەند ڕێنماییەکی بنەماکانی دارشتنی هەوالی پێگوتم، کە ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆمن چونکە ئەوەی فێریشی ببوم تەنها لە خوێندنەوەی بەردەوامی ڕۆژنامەکان بوو ، کاتێک ئەو هەوالەشم بڵاو بۆوە وامزانی تازە لەدایک بووم.

لە ساڵی 1997کاتێک ڕۆژنامەی خەبات جارێکی تر ڕۆژانە دەرچووەوە، ئەمجارە خواستم ئەوەبوو کە وەک کارمەندێک خزمەت بکەم، کاتێک چوومە لای هاوکارم شێرزاد عەبدولڕەحمان پێی گوتم بڕۆ ڕاپۆرتێک لەسەر بازاڕی شێخەڵا ئامادەبکە، ئەمە وەک تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ من، ئەوەدم دەفتەرو قەڵەمێکی پێدام و ڕاپۆرتێکم ئامادەکرد، لەگەڵ هەریەکێک چاوپێکەوتنکم بکردبا داوای وینەیەکی معامەلاتم لێدەکرد، لەبەر ئەوەی کامیرام نەبوو ، کاتیک ڕاپۆرتەکەم بردەوەلای کاک شێرزاد، زۆری بەدڵ بوو ، هەر ئەوکات بڕیەیانیەکەی بڵاویکردەوە و ڕازی بوو کە لای ئەو ئیش بکەم.

لەم ڕۆژنامەیە زۆر شت فێربووم، فێری وشەی کوردی بووم، فێری پیشەیەکی پیرۆز بووم، بە زۆرێک لە ڕۆشنبیران ئاشنابووم، خەبات دەرگای جیهانێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ من کردەوە، جیهانێک لە پانتایی ڕۆژنامەیەک کە بۆ من و سەدانی تر قوتابخانەیەک بوو ، تا بەئەمڕۆش ڕادەگات کە پێ دەنیتە 60ساڵیەوە بەردەوام شتی تازەی لی فێردەبم، چونکە بەدرێژایی 22 ساڵ کارکردنم لەم ڕۆژنامەیە، لە زۆربەی بەشەکاندا هەم وەک پەیامنێر و هەم وەک بەرپرسی لاپەڕە بەردەوام بوومەو هیچ کات داوایەکی ئەو ڕۆژنامەیەم ڕەت نەکردۆتەوە و لەهەر بارودۆخێکدا بووبێت و هەمیشە بەشانازییەوە هەر ئەرکێکم پیسپێردرابێت دوودڵیم لێ نەکردووە، تەنانەت ئەوە چەندین ساڵە لەبەشی وەرزش ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو بەشەم لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام هەردەم حەزم کردووە کار بۆ بەشەکانی تری ڕۆژنامەکە بکەم چونکە هەموو لاپەڕەکانیم بەئەرکی سەرشانی خۆم زانیوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 4. Apr. 2019 No: (5724)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



(خەبات.. تۆماری خەباتی نەتەوەیەک)

کەوتە بەر دەستی خوێنەران

بەبۆنەی یادی ٦٠ ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات، لە پڕۆژەیەکی ناوازەی تایبەتدا، ڕۆژنامەی خەبات بۆ یەکەمینجار یەکێک لە بڵاوکراوەکانی تایبەت دەکات بە کتێبێکی دیکۆمێنتاری کە تیایدا بەپێی قۆناغ و میژووی ٦٠ ساڵەی ئەم ڕۆژنامەیە ئەرشیفی لاپەڕەکانی چەندین بەڵگەو وێنەو لاپەڕەی یەکەمی گرنگترین ژمارەکانی لەسەرەتای دەرچوونییەوە تا ئێستا تیایدا تۆمار کراوە.

(خەبات.. تۆماری خەباتی نەتەوەیەک) کتێبێکی (٢٩٦) لاپەڕەییە بە ژمار (٢٣٥) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی پێدراوە، شکار نەقشبەندی بەڕێوەبەری هونەری ڕۆژنامەی خەبات بە هاوکاری ستافی هونەری و تەکنیکی ڕۆژنامەکە ئامادەی کردووەو لەلایەن سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ئێستای ڕۆژنامەی خەبات پێشەکی بۆ نووسراوەو لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات بە چاپ گەیشتووەو لە ڕۆژی ٤/٤/٢٠١٩ کە دەکاتە ساڵڕۆژی شەستەمین ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات کەوتە بەر دەستی خوێنەران.

سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێت: (شەست ساڵ لەمەوبەر لە (٤ نیسانی ١٩٥٩) یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات کەوتە بەر دیدی خوێنەران لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئەمڕۆ بە بەردەوامی لەشارو لە شاخ و لەکاتی شەڕو ئاشتیدا ڕۆڵی خۆی نەک تەنها وەکو زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵکو وەک زمانحاڵی گەلەکەمان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی گێڕاوەو هەمیشە لە سەنگەری داکۆکی لەمافە ڕەواکانی گەلەکەماندا بووە).

ئامادەکاری کتێبەکە شکار نەقشبەندی لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێت: کاتێک دەستم پێکرد ماوەی هەفتەیەک لەئەرشیفی ڕۆژنامە خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی ساڵانی پێشووتری ئەم ڕۆژنامەیە بووم، هەندێک زانیاریم لەسەر سەرەتای دامەزراندنی خوێندنەوەو هەستم کرد ئەم لاپەرانە تەنها بەتابلۆ هەڵواسین بەهایان دەرناکەوێت، بەتایبەتیش دوای بینینی یەکێک لە پەیامەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی کە بۆ پیرۆزبایی 48 ساڵەی خەبات نارد بووی و دەفەرموێت: یادکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات تەنها یادکردنەوەی ڕۆژنامەیەک نییە، بەڵکو یادکردنەوەی خەباتی نەتەوەیەکە.



شەوانی دوورو درێژی «خەبات»

ئەمڕۆ تەمەنی «خەبات» ٦٠ ساڵ تەواو دەکات.. لەو ماوەیە چەندین کادیری بەتوانای تێدا هەڵکەوتووەو لە ئێستادا لە شوێنی بااڵتر دەرچۆە بە کاری ڕۆژنامەوانی دەدات..

کاری شەوانەی ڕۆژنامە یەکێکە لە گرنگترین و هەستیارترین کاری دەرچوونی ڕۆژنامە، لە نێو خەباتدا چەندین کادیر هەیە تا بەیانی بە دوای لاپەڕەو کۆمپیوتەر دانیشتوون بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری جوان.

بەشی نەخشەسازی ڕۆژنامە یەکێک لە قورستین ئەرکی ڕۆژنامەیە، شکار نەقشبەندی بەڕێوەبەری هونەری و هەردوو نەخشەساز ئەردەلان ئازگەیی و سەنگەر حوسێن شەوانە پێشمەرگە ئاسا بەسەر لاپەڕەکان دەچنەوە، شەو هەیە لەچاوەڕوانی هەواڵی گرنگ ڕۆژ دەکەنەوەو تا ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەیانی زوو بکەوێتە بەردەست خوێنەران.

چەندەها شەو هەبووە لەدوای کۆژانەوەی کارەبای دەزگا، بەڕێرسی هونەری، کۆمپیوتەری ڕۆژنامەی بردۆتە ماڵەوە بە مەبەستی تەواو کردنی هەواڵەکە.

هونەر کەمال نەخشەسازێکی دیکەیە، کە شەوانە تا درەنگ لە بەردەم شاشەکانی کۆمپیوتەر دەمێنێتەوە بە مەبەستی جوانترکردنی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە.

سەرپەرشتیاری چاپی ڕۆژنامە کوردۆ ئەنوەر وەک خەمخۆرێک و پێشمەرگە ئاسا بە دوای تەواو کردنی چاپی لاپەڕەکانە بەشێوەیەکی جوان، زیاتر لە ٢٤ ساڵە هەر لە دوای ١٢ی شەوەوە کاتێک لە چاپخانە بەچاوی خەوڵوەوە سەیری لاپەڕەکان دەکات تاکو هەڵەی چاپ ڕوونەدات، دواتر بەرەبەیان بەرەو ماڵ شۆڕ دەبێتەوە.

ئەوانە بەشێک لە کارە هەرە زەحمەتەکانی دەرچوونی هەر ڕۆژنامەیەکە، بەڵام ئەوەی خەبات لەگەڵ ڕۆژنامەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنە بە پرەنسیپە بەنرخەکانی کاری ڕۆژنامەوانی، هەر ئەوەشە وا دەکات کارمەندان هەست بە ماندوو بوون نەکەن.



هونەرمەندی شێوەکار، ئاشتی گەرمیانی لە دوای زیاتر لە 26 ساڵ لە دابڕانی لە ڕۆژنامەی برایەتی، جارێکیتر بۆ یادی 60 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی خەبات لە هۆڵەنداوە گەڕایەوە کوردستان، هەروەها لە ساڵانی نەوەدەکان بۆ یادی برایەتی وێنەی کارمەندان و نووسەرانی بەشێوەیەکی فەنتازی و کاریکاتێری کێشابوو، ئەمجارەش لە یادی 60 ساڵەی خەبات ئەو یادەوەرییەی زیندووکردەوە و ئەم کاریکاتێرە جوانەی بۆ خەبات و کارمەند و نووسەرانی کێشاوە.